

# زەکەریای کورد

دڵدار داڵەڕێ

ڕێبواری ماندوی ڕێی دوورم
کاروانچی مەو ڕادەبورم



# زەکەریای کورد

دڵدار داڵەڕێ





# پێڕست


پێشەکی..........(٦)

ژیانی هونەری..........(٧)

هونەری زەکەریا لەنێوان ڕەخنەو داهێناندا..........(٩)

هەڵسەنگاندێک بۆ زەکەریا لە نێوان داهێنان و موزیکی بیانیدا..........(١٦)

کەسایەتیە سیاسیی و هونەریەکان دەربارەی (زەکەریا) چی دەڵێن؟..........(٢١)

ئایا هونەرمەندی دەنگ خۆش زەکەریا پێوویستی بەوەیە کە هەمووساڵێک ئەلبوومێک دەرکات!؟..........(٢٧)

میدالیای ئاڵتونی دەکرێتە ملی زەکەریا..........(٣٠)

زەکەریا: حەزدەکەم لە فیلمێکی سینەماییدا یان لەدرامایەک بەشداری بکەم..........(٣٢)

زەکەریا: مەرجی یەکەمم ئەوەیە دەبێت هاوسەرەکەم کورد بێت..........(٣٩)

هونەرمەند زەکەریا لە ڕۆژنامەو سایتەکانی سوێد.......(٤٧)

هونەرمەند زەکەریا لە ناو میدیاکانی جیهانی............(٥٠)

سەرکەوتنێکی دیکەی زەکەریا لە ستۆکهۆلم..........(٥١)

با شانازی بە زەکەریا عبدوڵڵا وە بکەین..........(٥٣)

ساتەکانم لەگەڵ کاکە زەکەریایی هونەرمەند: سەرهەنگ باجەلان..........(٥٧)

ئازیزم زەکەریا عەبدوڵای هونەرمەند..........(٦٣)

قەدەری زەکەریا لە تورکیا داوا دەکرێت..........(٦٦)

زەکەریا : لاپەڕەی سپی هەنگاوێکە بۆ بە ئینتەرناشناڵ بوونی هونەری گۆرانی و میوزیکی کوردی..........(٦٨)

لاپەڕەی سپی..........(٧١)

پەیامی زەکەریا بۆ هونەرمەندانی کورد..........(٧٧)





هۆنراوەی گۆرانیەکان.


- تۆ هاتی (١٩٩٨)................(٨٠)
- بگەڕێوە (٢٠٠٠)..................(٩١)
- دایە (٢٠٠١)......................(١٠٣)
- رۆژگار (٢٠٠٢)...................(١٢٠)
- تێلیناز (٢٠٠٤)..................(١٤٦)
- گەنجی پیر (٢٠٠٧)...........(١٦٥)
- لاپەڕەی سپی (٢٠١٠)........(١٨٤)

# پێشەکی

خوێنەری خۆشەویست... ڕەنگە نوسینەوە و وەرگرتنی هەر زانیارییێک لەسەر هونەرمەندە گەورەکانی کورد گرینگی خۆی هەبێت و پێویستییێکی نەتەوەیی و هونەری بێت بۆ زیاتر ناساندن و تێکەڵبونی هونەرمەند و هونەر بە گەلەکەی و ناوچەکە و جیهان، لە وڵاتی ئێمەدا هونەرمەند کەمترین گرینگی پێدەدرێت بەڵام لە هەمان کاتدا زۆرترین ڕەخنەی ڕوخێنەر بەشی هونەرمەندانن، من لێرەدا هونەرمەند زەکەریا عبدوڵڵام هەلبژارد چونکە بە سەرلەشکری شۆڕشی هەستانەوەی هونەری گۆرانی کوردی دەزانم کەسێک پڕاوپڕ لە تێکۆشانی هەستی نەتەوایەتی و تێکەڵبونی ئاوازی رۆحی گەنجەکان. دەزانم کارێکی سەختە کە لەسەر کەسایەتییێکی وەها شت بنوسی کە کەمترین دەرکەوتنی هەبێت و دوربێت لە میدیا بینرا و بیستراوەکان، منیش لێرەدا تەنها ویستم لەسەر ژیانی هونەری و کار و بەرهەمەکانی هونەری ئەم کتێبە پیترپێژ بکەم ، لێرەدا تەنها پشتم بەم ڕاپۆرت و چاوپێکەوتنانە بەستوە کە دەربارەی هونەرمەند زەکەریا کراون............ دڵداردالەڕێ




# ژیانی هونەری

زەکەریا عەبدوڵڵا گەورە هونەرمەندێکی کوردە، لە ساڵی ١٩٧٦ لە هەولێر لە خێزانێکی هونەری لە دایک بوە، لە ساڵی ١٩٩٣ کۆچی کردوە بۆ بۆ وڵاتی سوید و کاری مۆسیقای دەست پێ کرد، هەر لەوێ دەستی بە ژەنینی کیبۆرد کردوە لەگەل سترانبێژانی ناوداری کورد. لە ساڵی ١٩٩٨ یەکەم ئەلبومی گۆرانی خۆی بە ناوی (تۆ هاتی)، بەڵاو کردەوە و بووە بە سەکۆیەکی پەڕینەوە بۆ ناو دونیای مۆسیقا و توانی ناوی خۆی لەوێدا دیاری بکات.

لە ساڵی ٢٠٠٠ دووەمین ئەلبومی خۆی بەناوی (بگەڕێوە)، بەڵاو کردەوە، پاشان پەرەی بە کارەکانی دا و بەهۆی بەڵاوکردنەوەی ئەلبومی (دایە)، لە ساڵی ٢٠٠١ دا لایەنگری زیاتری پەیدا کرد، هەر لەوە بە دواوە گەشەی سەند و پێشکەوتنی بەردەوامی هەبوو تا ئەو ڕادەیە کە هەموو کات بە ئاسانی دەیتوانی لایەنگرانی لە دەوری دەنگەکەی کۆ بکاتەوە.

لە ساڵی ٢٠٠٢ دا ئەلبومی (ڕۆژگار)ی بەڵاو کردەوە و لایەنگری زیاتری بۆ لای خۆی ڕاکێشا. ئەم ئەلبومە ١.٥ کۆپی لێ بەڵاو کراوە.

ئەم ئەلبومە کە ١٤ ستران لە خۆ دەگرێ و هەروەها کلیپ و ڤیدیۆی زۆری بۆ سترانەکانی کراوە و لە کەنالە کوردیەکان بەلاو دەکرانەوە.

لە ساڵی ٢٠٠٤ ئەلبومی (تیلیناز)ی بەڵاو کردەوە کە سێ ملیۆن کۆپی لێ بەڵاو کراوە.

لەگەل دەسپێکی ساڵی ٢٠٠٧ ئەلبومی (گەنجی پیر)ی بەلاو کردەوە و تیایدا هەوڵی داوە لە هەموو روویەکەوە چ وەک مۆسیقا، چ وەک تەکنیک و تێکستی گۆرانیەکان شێوازێکی تازە و هەندێک جیاواز لە بەرهەمەژانی پێشووی پێشکەش بکات .

لە ساڵی ٢٠١٠ ئەلبومی (لاپەڕەی سپی) بەڵاو کردەوە، کە ئەو ئەلبومە تەواو جیاوازیێکی پێوە دیار بوو لەگەر ئالبومەکانی پێشووچونکە زیاتر تێکەل بە گۆرانی سەردەمی کابوو، ئەم ئەلبومە بە زوویی لەنێو گوێگران و میدیاکان بەڵاو کرایەوە و کلیپی بۆ کوردستان بوە سەر پیشنی میدیا کوردیەکان، هەروەها داهاتی ئەم ئالبومە بەخشرایە منداڵە هەژارەکانی بێ دایک و باوک و نەهامەت دیدەکانی جەنگ.

## هونەری زەکەریا لەنـێـوان ڕەخـنەو داهـێـنـاندا.

هونەرمەند زەکەریا خاوەن دەنگ و ستایلێکی جیایە لەنێو هونەری کوردیدا و تاکوئێستا خاوەنی حەوت ئەلبوم و نۆ کلیپە ، ئەمەش ئەوە دەردەخات گوێگرێکی زۆری هەیە. کەچی ئەم هونەرمەندە لەبری ئەوەی هانبدرێت بۆئەوەی کاری جوانتر بکات، ڕۆژانە بەردەوام ڕووبەڕووی ڕەخنە و قسەی نەشیاو دەبێتەوە، زۆرجار ڕەخنەکان دەکەوێتە قاڵبی ئەوەی لەکەسایەتی ئەو هونەرمەندە دەدرێت، بۆئەم مەبەستە ڕاو بۆچوونی چەند هونەرمەندێکمان وەرگرتووە بۆئەوەی بزانین زەکەریا شایەنی ئەم ڕەخنەو قسە نەشیاوانەیە، یاخود هان بدرێت بۆکاری جوانتر.

«زەکەریا توانی جوڵەیەک لەنێو هونەری میوزیکی کوردی دروست بکات» ئەمە قسەی هونەرمەد مەزهەری خالقیە کە دەڵێت: «ئەو هونەرمەندە توانی جوڵەیەک لەنێو موزیکی کوردی دروست بکات، هەروەها زۆریش حەز لەدەنگ و ستایلەکەی دەکەم، بەڵام ڕەخنەشم لێی هەیە بەهۆی بوونی کاری تایبەتی خۆی کەمێک لەهونەرەکەی دوورکەتەوە و ئیتر نەگەڕاوە شوێنەکەی پێشووتری خۆی».





هونەرمەند مەزهەری خالقی وتیشی «نەدەبا لەم کاتە زەکەریا ڕوو لەکاری تر بکات، چونکە هونەری کوردی پێویستی بەکەسانی لەم شێوەیە هەیە». سەبارەت بەتێکەڵکردنی ڕەخنەی هونەری لەگەڵ کەسایەتی هونەرمەند زەکەریا، هونەرمەند مەزهەری خالقی وتی «ئەمەیان بەستراوەتەوە بەئەخلاقی ئەو کەسەی ڕەخنە دەگرێت، لەئەوروپا ئەگەر کەسێک کارێکی هەڵە ئەنجام بدات، خەڵک بەبێدەنگی پێی دەڵێن تۆ هەڵەی، بەڵام لەکوردستان یەکسەر دەیدەن بەنێو چاوتا و قسەی دیکەت پێ دەڵێ، بەداخەو لەڕۆژهەڵات وا باوە کەسێک هەڵە بکات بەرامبەری یەکسەر پێی دەڵێن، ئەگەر هونەرمەندێکت خۆش بوێ دەبێ تەحەمولی بکەی و ئامۆژگاری بکەی، بەڵام گوناهە هونەرەکەی لەگەڵ شتێکی تردا تێکەڵ بکەی».

هەروەها هونەرمەند فەرهەنگ غەفور پێیوایە کە زەکەریاش وەکو هەر مرۆڤێک ئازادە چۆن بژیت و دەڵێت «بۆیە من هیچ ڕەخنەیەکم لەکەسایەتییەکەی نییە، بەڵام ڕەنگە بەلایەنی هونەریەکەیەوە هەبێت و کەچی ڕەخنەکانم ناچێتە ئەو قاڵبەی من قسە دەربارەی هونەرمەندێکی بەتوانا و بلیمەتی وەکو زەکەریا بکەم و بیشکێنم، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ مرۆڤێک لەهەموو لایەکەوە کامڵ نییە، من

لەلایەنی ئەداکردنی زەکەریا ڕەخنەم هەیە، ڕەخنەکەشم بونیادنەرە نەک ڕووخێنەر و لەسەر ئەو بنەمایەیە کە زەکەریا لەستۆدیۆدا ئیمپراتۆرە و دەتوانم بڵێم و لەلایەنی دەنگەوە زۆر بەتوانایە، بەڵام کاتێک بەلایڤ گۆرانی دەڵێ ڕەنگە زۆر سەرکەوتوو نەبێ».

هەروەها هونەرمەند فەرهەنگ غەفور پێیوایە کە زەکەریاش وەکو هەر مرۆڤێک ئازادە چۆن بژیت و دەڵێت «بۆیە من هیچ ڕەخنەیەکم لەکەسایەتییەکەی نییە، بەڵام ڕەنگە بەلایەنی هونەریەکەیەوە هەبێت و کەچی ڕەخنەکانم ناچێتە ئەو قاڵبەی من قسە دەربارەی هونەرمەندێکی بەتوانا و بلیمەتی وەکو زەکەریا بکەم و بیشکێنم، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ مرۆڤێک لەهەموو لایەکەوە کامڵ نییە، من لەلایەنی ئەداکردنی زەکەریا ڕەخنەم هەیە، ڕەخنەکەشم بونیادنەرە نەک ڕووخێنەر و لەسەر ئەو بنەمایەیە کە زەکەریا لەستۆدیۆدا ئیمپراتۆرە و دەتوانم بڵێم و لەلایەنی دەنگەوە زۆر بەتوانایە، بەڵام کاتێک بەلایڤ گۆرانی دەڵێ ڕەنگە زۆر سەرکەوتوو نەبێ».

شانۆکار ئەحمەد سالار:

زەکەریا توانیوییەتی بنەماکانی گۆرانی وتن لەنێو گوڵدانێکدا

کۆبکاتەوە

هونەرمەندی شانۆکار ئەحمەد سالار پێیوایە هەر هونەرمەندێک خواست و ویستی ئەم ڕۆژگارەی هێنایەدی، ئەوە هونەرمەندێکی داهێنەرە. دەڵێت «کاتێک گوێمان لەدەنگی زەکەریا بوو وتمان ئەمە دەنگی گەنجانەیە و خواست و ویستی زیاتر بوو بۆ هونەرەکەی، هەروەها بیسەریشی زیاتر لەچاو هونەرمەندەکانی تر لەماوەیەکی زۆرکورتدا بۆ پەیدابوو». ئەحمەد سالار ئاماژە بەوەشدەدا کە هونەری گۆرانی وتن لەسێ شت پێکدێت (میوزیک و دەنگ و تێکست) کە ئەمانە سەرەکیترین شتن بۆ سەرکەوتنی هونەرمەند، زەکەریاش توانیویەتی هەرسێک بخاتە نێو گوڵدانێکەوە».

تەنیا مافی ئەوەمان هەیە ڕەخنە لەلایەن هونەریەکەی بگرین شاعیر و تێکست نووس رزگار کێستەیی دەڵێ «دەتوانم لەدوو لایەنەوە باس لەزەکەریا بکەم، زەکەریا یەکێکە لەهونەرمەندە زۆر زیرەکەکان لەلایەنی دروستکردنی پێوەندی و بەکارهێنانی ڕاگەیاندن و لەم بارەیەوە پەرەی زۆری بەتواناکانی خۆی داوە، بەڵام لەگەڵ ڕێزم وەکو دەنگ و ستران و هونەر من زۆر حەز لەستایلی زەکەریا ناکەم، هەرچەندە خاوەن جەماوەرێکی زۆرە بەتایبەتی لەنێو گەنجەکاندا، سەبارەت بەڕەخنەی کەسی بۆ زەکەریا و هەموو





هونەرمەندانی دیکە دوو شت هەیە پێویستە جیابکرێنەوە، ژیانی تایبەتی هونەرمەندەکە لەلایەک دابنرێت و جیابکرێتەوە لەلایەنە هونەرییەکەی، چونکە ژیانی هونەری هەر هونەرمەندێک بۆ هەموو خەڵکە، بەڵام لایەنی شەخسی تەنیا بۆ خودی هونەرمەندەکەیە، من مافی ئەوەم نییە بەهیچ شێوەیەک باس لەژیانی شەخسی و پێوەندییەکانی نێو خێزانی خۆی بکەم و لەدوور و نزیکەوە پێوەندی بەهیچ ڕەخنەگرێک و گوێگرێکەوە نییە، بەڵکو پێوەندی بەخودی هونەرمەندەکەوە هەیە، ئێمە مافی ئەوەمان هەیە باس لە بەرهەمە هونەرییەکانی بکەین و ڕەخنەیان لێبگرین، چونکە ئەو بەرهەمە هونەرییە بۆ هەموو میللەتە و لەبەر ئەوەی ئێمە گوێگری ئەو بەرهەمەین تەنیا مافی ئەوەمان هەیە باس لەلایەنە هونەرییەکەی بکەین».

هەروەها هونەرمەند ئەحمەد سالار دەشڵێت «من خۆم یەکێک بووم لەهونەرمەندانەی کە ڕۆژگارێک دوژمنێکی زۆرم هەبوو، بەردەوام ڕەخنەم لێدەگیرا، بەڵام قەناعەتێکی زۆرم بەم ڕەخنانە هەبوو و هەستم دەکرد گۆڕانکارییەکم لەنێو هونەرەکەم کردووە. زەکەریاش بەهەمان شێوەیە هەربۆیەشە کارەکانی بەهونەرێکی باڵەو بەنرخ لەقەڵەم دەدەم، بۆیە حەز دەکەم لێرەدا شتێک بۆئەو کەسانە باس بکەم کە ئەوانەی ڕەخنەی لێدەگرن، کاتی خۆی (محمد عبدولوهاب)

که گەورەترین مۆسیقار و گۆرانیبێژی عەرەب بوو سەردەمێک وەکو زەکەریا گۆڕانکارییەکی لەنێو هونەرەکەی کرد، ئەو کات زۆر دژایەتیان کرد و یەکێک لەوانەی کە زۆر پاڵپشتی بوو (ئەحمەد شەوقی) شاعیر بوو، ڕۆژێک بەم هەموو ڕەخنەیەوە کە ئاراستەی کرابوو، چوو بۆلای (ئەحمەد شەوقی) و وتی: (مامۆستا چاوت لێیە چیم پێدەڵێن) وتی: (کوڕم داینێ ئەوە بەقەد باڵای تۆ هونەرەکەی تۆیان بەرزکردەوە)، کەواتە زەکەریاش یەکێکە لەهاوشانی ئەو کۆمەڵە هونەرمەندانە کەدەبێت چاوەڕوانی ئەوە بکات کە تانەی لێبدرێت بەردەوام بێت لە کارەکانی خۆی و لێرەوە من دەستخۆشی لێدەکەم».

میوزیکژەن دلشاد محەمەد:

هەموو هونەرمەندێک بەڕەخنەگرتن پێشدەکەوێت

هونەرمەندی میوزیکژەن دلشاد محەمەد سەعید دەڵێت: «بێگومان هونەر بەهەموو شێوە و جۆرەکانیەوە بەڕەخنەگرتن پێشدەوکەوێت و هونەرمەند تەنیا بەڕەخنە کەموکوڕی و خاڵە لاوازەکانی خۆی بۆ دیاردەکەوێ، هەر هونەرمەندێک ئەگەر ڕەخنەی لێنەگیرێ ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە هونەرەکەی لاوازە، زۆر جار گوێبیستی ئەوە دەبین کە هونەرمەند هەن بەکاک زەکەریاشەوە بەجۆرێک باس دەکرێن کە هیچ پێوەندی بەڕەخنەوە نییە و باس لەهەندێک شت

دەکەن کە دوورە لەکارەکەی، بەڵکو شتێکی شەخسییە و مەبەست لێی شکاندنی هونەرمەندەکەیە، دواتر ئێمە گرفتێکی گەورەمان هەیە ئەویش ئەوەیە کێ ڕەخنەگرە؟ ئایا هەر کەسێک بتوانێت شتێک بنووسێت دەبێ ناوی لێ بنێین ڕەخنەگر، بەداخەوە ئەمەش یەکێکی دیکەیە لەو گرفتانەی کە ئەمڕۆ هونەر بەگشتی بەدەستییەوە دەناڵێنێت».

هونەرمەندی گۆرانیبێژ و موزیکژەن ئومێد باڵەبان هەر سەبارەت بەم بابەتە وتی «زەکەریا داهێنانێکی تازەی هێنا ناو گۆڕەپانی هونەری کوردی، بۆیە پێویستە زۆر ڕێزی هونەری ئەو هونەرمەندە بگرین نەوەک ڕووبەڕووی ڕەخنەی بێمانای بکەینەوە». باڵەبان ئەوەش دەخاتەڕوو، «هەرهونەرمەندێک ئەوەندە ڕووبەڕووی ڕەخنە بوویەوە توانای کارکردنی نامێنێت، بەڵام بەخۆشحاڵیەوە زەکەریا هەرگیز بەم قسانە نەڕووخاوە، بەڵکو بەردەوام بووە لەکاری جوانتر». لەکۆتاییدا (ئومێد باڵەبان) داوا لەگوێگران دەکات ئەگەر چاوێک بە ئەرشیفی زەکەریا بخشێننەوە، هەرگیز ئەم جۆرە ڕەخنانەی لێناگرن، بەڵکو بەردەوام دەستخۆشی لێدەکەن .

ئا: رۆشنە عومەر

سەرچاوە: گۆڤاری گوڵان





## هەڵسەنگاندێک بۆ زەکەریا لە نێوان داهێنان و مۆزیکی بیانیدا.

هونەرمەند زەکەریا عەبدوڵا یەکێکە لەو هونەرمەندە بەتوانایانەی کە تاکو ئێستا خاوەنی حەوت بەرهەمە کە توانیویەتی لەم ماوەیە گوێگرێکی باش بۆخۆی پەیدابکات و داهێنانێک لەنێو هونەری کوریدا دروست بکات، بەڵام زۆرێک لە خەڵک دەڵێن کەموکوڕی لە بەرهەمەکانی هەیە. لەم بارەیەوە بەپێویستمان زانی راو بۆچوونی چەند کەسێکی شارەزا دەربارەی ئەم بابەتە و کارە هونەرییەکانی هونەرمەندی بەتوانا زەکەریا وەربگرین.

زەکەریا توانی هونەری کوردی بباتە ئۆقیانوسێک هونەرمەند ئیسماعیل سابوری، کە بە مامۆستاو شارەزایەکی هونەری میوزیکی کوردی دادەنرێت، دەڵێت "زەکەریا لەسەردەمێک هاتە ئاراوە کە توانی هونەری کوردی بباتە ئۆقیانوسێک، مامۆستا (شەجەریان) بەو هەموو گەورەییەی خۆی دەڵێت. تاکو ئێستا سەری نوکی نینۆکم تەڕ نەبووە بەئاوی ئەم ئۆقیانوسە. بۆیە دەڵێم زەکەریا گۆڕانکاری هێنا ئاراوە هونەری کوردی گەیانە ئەم ئۆقیانوسە".





دواتر هونەرمەند محەمەد قەدری شارەزا لەبواری گۆرانی وتن و ئاواز دانانەوە وتی "زەکەریا دەیەوێت هەموو کاتێک شتی تازە و کاری جوان بکات. توانیویەتی داهێنانێک لەنێو هونەری کوردی بهێنێتە ئاراوە "

دواتر هونەرمەند "بورهان موفتی زادە" شارەزا لەبواری ئاوازدانانەوە ووتی " زەکەریا هەم وەک موسیقاو دەنگ و شێوە کەسێکی پرۆفێشناڵە. هەروەها لەڕووی کلیپە وە گۆرانی زۆر بەسەر کلیپەکان داهێنا. وای لەهونەرمەندان کرد چاوی لێبکەن و گۆڕان بەسەرکارەکانیان دابهێنن. باهەمووکارێکیش کاری فۆلکلۆر نەبێت داهێنانێک لەنێو هونەری کوردی هەبێت.

ئەرکی سەرشانی زەکەریا قورسترە لەئەرکی هونەرمەندانی تر هونەرمەند ئامانج غازی شارەزا لەمۆسیقا و ئاوازدانەر وتی "ئاشنایەتی من لەگەڵ زەکەریا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی نەوەدەکان. ئەوکات زەکەریا ژەنیار بوو، بەڵام هەمیشە ویستویەتی لەبواری خۆیدا پێشکەوتن بخاتە ڕوو و شتێکی نوێ پێشکەش بکات. لەبەر ئەوەی ئەو ئەرکەی لەسەرشانی زەکەریایە قورسترە لە ئەرکی هونەرمەندەکانی تر. من زەکەریا دەناسم کە توانستێکی لە ئاوازدانان و سەلیقەی باشی هەیە لە گوێگرتن بۆ ناسینەوەی ئەو دەنگانەی کە مۆرکێکی تایبەت دەدەن بەدەستەوە، کە نزیکە لەو شوێنەی زەکەریا تێیدا گەورە بووە".

لەبارەی سوود وەرگرتن لە بەرهەمەکانی زەکەریا هونەرمەند ئامانج غازی دەڵێت "زۆر پێم سەیرە ئەو بەهرەیەو ئەو توانستەی کە لە بواری گۆرانیدا زەکەریا هەیەتی، نازانم بۆچی دەچێتە تورکیا بۆئامادەکردنی بەرهەمەکانی؟ ئەگەر کێشەکە تۆمارکردنی دەنگە یان کێشەی تراکە، ئێستا لە کوردستان ئەمانە هەن. کۆمەڵێک هونەرمەند هەن ئەم کارانە دەکەن، هەر بۆیە هەست دەکرێ دابڕانێکی زۆر هەیە لەنێو ئەو میلۆدییانەی کە خۆی بۆ خۆی دایناوە لەگەڵ ئەوانی تر. هیچ بەرهەمێک ناگاتە بەرهەمی یەکەمی، چونکە ئەو دەنگ و سەدایەی لە بەرهەمی یەکەم هەیەتی زۆر جیاوازە لە بەرهەمەکانی ئێستای. دڵنیام لەوەی ئەو ئاواز و دابەشکردنەی خۆی دەیکات زۆر مۆرکی کوردانەی پێوە دیارە".

هەروەها محەمەد قەدری رای پێچەوانەی رای ئامانج غازی بوو وتی "ئێمە نزیکین لەهونەری تورکییەوە، بۆیە ئاوازی تورکی زاڵە بەسەر بەرهەمەکانماندا، راستە زەکەریا سوودی لە ئاوازی تورکی و نەتەوەی تر وەرگرتووە، بەڵام بەشێوەیەکی زیرەک و پڕۆفیشناڵ سوودی لێوەرگرتووە، زۆر کەس هەن کەدەمۆسیقا ناگەن یاخود ناتوانن بگەنەئاستی زەکەریا ئەوکات ئیرەی پیدەبەن ناچارن ڕەخنەی لێبگرن".

سابوری دەڵێت "هیچ کات لەگەڵ ئەوە دانیم کە ئاوازی بیانی تێکەڵ بەئاوازی کوردی بکرێت، بەڵام زەکەریا داهێنانێکی لەنێو هونەری

کوردی دروست کرد، بەڵام خۆزگە ئەو توانایەی خۆی لە بواری هونەری کوردی خۆماندا سەرف بکردایە.

تاکوئێستا کەسێکی شارەزامان نییە رەخنە لەتێکستی گۆرانی بگرێت لەبارەی تێکستەکانی بەرهەمی هونەرمەند زەکەریا شاعیر و تێکستنووس عبدولڕەحمان بێلاف وتی "تێکست دەورێکی کاریگەر لەبونیادنانی گۆرانی دەگێڕێت، وەک چۆن پێکهاتەی گۆرانی بریتییە لە دەنگ و ئاواز و دابەشکردنی مۆسیقا، ئەندزیاری دەنگ و کوالێتی ستۆدیۆ و تێکستیش پێگەیەکی هەرە بەرزی لە گۆرانیدا هەیە. ناتوانین لێرەدا بەشێوەیەکی کورت باسی تێکستەکانی زەکەریا بکەین، چونکە بابەتەکە زۆر هەڵدەگرێت، هیچ بیانویەک ناهێنمەوە، چونکە رەخنەگر نیم بۆ ئەوەی ئەم بابەتە هەڵسەنگێنم، بۆیە نامەوێت ڕەخنە لەسەربەرهەمەکانی زەکەریا بگرم. بۆ هەموو شتێکی نوی رای جیاواز هەیە، ڕای پۆزەتیڤ و نیگەتیڤ. هیچ شاعیر و گۆرانیبێژێک بگرە هیچ مرۆڤێکیش بێ کەموکوڕی نییە. لە گۆرانیدا کاتێک شاعیر بە ئازادی تێکست بنووسێت دواتر هونەرمەند ئاوازی بۆ بنووسێت، ئەوا تێکست سەنگینی و هێزی خۆی لە دەست نادات، بەڵام ئەگەر شیعر بۆ ئاواز بنووسرێت بەتایبەت ئەگەر تێکست نووسەکە گوێی مۆسیقی نەبێت و شارەزایی لە بواری مۆسیقا نەبێت، شتێکی باش نابێت کەشایەنی وتن بێت. بۆئەم بەرهەمەی زەکەریا تێکستەکانی لەلایەن سامی ئەرگوشی نووسراوە ئەوەندەی من بزانم سامی ئەرگوشی یەکێکە لە باشترین شاعیرانی گۆرانی ، لێرەو لەوێ

قسەی سەرپێیمان گوێ لێدەبی، بەڵام تاکو ئێستا کەسێکی ئەکادیمی کە قسەی لەسەر تێکستی گۆرانی وتن نەکردووە.

زەکەریا توانی گەنجی کورد بۆ هونەری کوردی بگەڕێنێتەوە بۆکان هیوا وەکو گەنجێک رایوایە و دەڵێت "دەرکەوتنی زەکەریا، شۆڕشێک و لافاوێک بوو، گۆرانی بیانی لە گوێی خەڵکی کوردستاندا رامالّی و گۆرانی رەسەنی کوردی جێگەی گرتەوە، گەڕایەوە دۆخی جارانی و لاوانی کورد گۆرانییەکانی زەکەریا دەڵێنەوە، چونکە پێشتر گەنجەکانی کوردستان دەبوو گوێبیستی دەنگی هونەرمەندانی عەرەب و تورک و بیانی بووینایە، بەڵام زەکەریا توانی گەنجی کورد بۆ هونەری کوردی رابکێشێت.

بۆماوەی دووهەفتە زۆرترین سیدی ئۆرگینالّم فرۆشت رێدار شێرزاد خاوەنی سەنتەری ئەربائیلۆ وتی "ئەمساڵ بەرهەمی هونەرمەند زەکەریا لەهەموو بەرهەمەکان زیاتر فرۆشرا. توانیم بۆماوەی دووهەفتە زۆرترین سیدی ئۆرگیناڵ بفرۆشم". رێدار ئاماژەی بەوەدا کەبەرهەمی ساڵانی پێشووی زیاتر فرۆشراوە لەبەرهەمی ئەمساڵی.

ئا: ڕۆشنە عومەر

سەرچاوە: گوڵان میدیا

## كەسایەتیە سیاسیی و هونەریەكان دەربارەی (زەكەریا) چی دەڵێن؟

هەندێک بە وەستای ئاوازو هەندێکیش دەرکەوتنی زەکەریا بەسەرەتای شۆڕشێکی نوێی هونەری دادەنێن و پێیانوایە ستایڵێکی نوێی هێناوەتە نێو گۆرانی و میوزیک لە کوردستان. زەکەریا عەبدوڵلا، لەدوای دەرکەوتنی لە سەرەتاکانی دەیەی 2000دا توانی بەماوەیەکی کەم سەرنجی گوێگرانی بۆخۆی رابکێشێت و ببێتە خاوەنی جەماوەرێکی بەربڵاو ، ئەو ئێستا نەک تەنها لەسەر ئاستی کوردستان بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانیش هونەرمەندێکی ناسراوە و توانیویەتی لەچەندین میدیای جیهانی دەربکەوێت لەوانە (The Economist) و ( BBC 6 MUSIC) و رادیۆی فەرمی سوید (SR) و چەند سایت و رۆژنامەیەکی تری ئەوروپی.

هەندێک لە هونەرمەندان تۆمارکردنی کاری هونەری جوانتر بەکارێکی سەخت دەبینن ، هەربۆیە تۆمارکردنی ئەم سەرکەوتنە یەک لەدوای یەکانە بۆ زەکەریا بە بەرهەمهێنانی 7 ئەلبوم جێگەی تێڕامانە .

(تۆهاتی ، بگەڕێوە ، دایە ، رۆژگار ، تێلیناز ، گەنجی پیر ، لاپەڕەی سپی) ناوی ئەو ئەلبومانەی زەکەریایە کە تا ئێستا لە تەمەنی گۆرانی وتنیدا تۆماری کردوون.

جەماوەریی بوونی زەکەریا تەنها لەکۆنسێرت و فرۆشی بەرهەمەکانیدا بەدیناکرێت، بەڵکو لەسەر ئاستی تۆڕە کۆمەلایەتییەکانی ئینتەرنێتیش خاوەنی جەماوەرێکی بەربڵاوە، بەجۆرێک پەیجە کەسییەکەی زەکەریا لەسەر تۆڕی فەیس بووک لەریزی پێشەوەی ئەو هونەرمەندانەیە کە زۆرترین لایکی هەیە و زۆرینەی بەشداربووانی ئەو تۆڕە لەکەسایەتییە سیاسیی و هونەرییەکانیش لەپرۆفایلەکەیاندا خۆیان بەیەکێک لە شەیدایانی دەنگی ئەو هونەرمەندە ناساندووە.
ئەوەی لێرەدا دەیخوێنینەوە کورتە کۆمێنتی هەندێک لەکەسایەتییە سیاسی و هونەرییەکانە کە لەچەند بۆنەو دیمانەیەکی رۆژنامەنووسیدا دەربارەی زەکەریا ووتویانە.

سەرۆکی حکومەت: گوێگری زەکەریام
د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح (سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان) لە (CV) تایبەت بە ژیانی ئاسایی و سیاسی و حەزی بۆ هونەر لەلاپەڕەی فەرمی خۆی لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبووک) ئاماژە بەوە دەکات کە حەز بە دەنگی هونەرمەند (زەکەریا) دەکات و گوێ لە گۆرانیەکانی دەگرێت.

حەمە جەزا: زەکەریا سەرکەوتووە
هونەرمەندی گەورەی کۆچکردوو (حەمە جەزا) لە چەندین بۆنە و دیمانەی تایبەت ئاماژەی بەکاری هونەرمەندانی گەنج کردووە و

هونەرمەند (زەکەریا)ی بەیەکێک لەگەنجە سەرکەوتووەکانی هونەری کوردی ئەژمار کردووە و ڕۆڵی ئەو هونەرمەندەی بەرز نرخاندووە.

ناسری رەزازی: شارەزا و قۆز و قسە خۆشە
هونەرمەندی بەناوبانگی کورد (ناسری ڕەزازی) لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەوانیدا دەڵێ" زەکەریا ژەنیارێکی باشە و شارەزای میوزیکە"، ئاماژە بەوەش دەکات کە زەکەریا کوڕێکی قسە خۆشە و گەنجانی کورد گوێی لێ دەگرن. رەزازی پێیوایە سەرەتای دەرکەوتنی (زەکەریا) کاتێکی گرنگ بوو بۆ سڕینەوەی ئاواز و میوزیکی بێگانە لە گوێچکەی لاوی کورد، شتێکی دیکە هەیە ئەگەر گۆرانیبێژەکە شێوە و ڕواڵەتی جوان بێ وەکو (زەکەریا) ئەوەش بۆخۆی شانسێکە.

بەیتوجان: زەکەریا تامی داوەتە ئاگر کەتیە دلێ من
هونەرمەندی ناوداری کورد (بەیتوجان) خاوەنی گۆرانیە بەناوبانگەکەی کوردانە (ئاگر کەتیە دلێ من) کە تا ئێستا زیاتر لە (50) هونەرمەندی کورد و تورک ئەو گۆرانیەی ئەویان وتۆتەوە، زەکەریاش یەکێکە لەو هونەرمەندانەی ئەو گۆرانیەی وتووە، دەربارەی ئەم گۆرانیە هونەرمەند (بەیتوجان) لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ووتویەتی"سەرەڕای ئەوەی تا ئێستا دەیان هونەرمەندی ناودار ئەو گۆرانیەیان وتووە، بەڵام هونەرمەند (زەکەریا) لە هەموویان جوانتر ئەدای کردووە و تامی بەم بەرهەمەی من داوە".

ئێڤا بیۆرلینگ: زەکەریا مایەی شانازیە بۆ سویدیەکان
خاتوو (ئێڤا بیۆرلینگ) وەزیری بازرگانی سوید لە سەردانێکی بۆ شاری هەولێر بە تایبەت سەردانی هونەرمەند (زەکەریا) دەکات و لە دەفتەری یادەوەری چەند وشەیەک بۆ زەکەریا دەنووسێت و بە شانازیەکی گەورەی دادەنێت بۆ گەلی کورد و وڵاتی سوید. وەزیری بازرگانی سوید ئەم وشانە بۆ زەکەریا جێدەهێڵێت"بەختەوەرییەکی شاهانەیە بۆ من کە هاتوومەتە ئێرە و دەبینم کە هاوڵاتیەکی کوردی سویدی (زەکەریا خاوەن ڕەگەزنامەی سویدیە) خاوەنی ئەو هەموو ناوبانگەیە و کەسێکی سەرکەوتووە ئەوە شانازییە بۆ وڵاتەکەمان کە تۆ لەو ئاستە بەرزە دایت و هیوادارم هەموو ئەو سویدیانەی دێنە هەرێمی کوردستان ئیلهام لە تۆ وەرگرن".

تارا ئەسعەدی: لە گۆرانیەکانی خۆشەویستیەکی ئەفلاتونیانە بەدی ئەکەم
تارا ئەسعەدی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان دەربارەی زەکەریا دەڵێ" توانی خۆی خۆی دروستبکات و پێگەیەکی دیاری هەبێت لە هونەری کوردی، راستە زەکەریا لە دوری نیشتمان گەورە بووە، بەڵام ناسنامەی کورد بوونی خۆی لە بیرنەکردووە، بەڵکو خزمەتی کەلتووری گەلەکەی کردووە". ئەو ئەندامەی پەرلەمانی کوردستان ووتویەتی"سیفەتێکی جوانی ئەو هونەرمەندە ئەوەیە سەرەڕای ئەو ناوبانگە زۆرەی کە هەیەتی هیچ کات لە خۆبایی نەبووە، بە گۆرانیەکانی وێنەی جوانی سروشت و نیشتمانی پیشانداوە، ئەو

خۆشەویستیەی لە گۆرانیەکانی زەکەریا بەدی دەکرێ خۆشەویستیەکی ئەفلاتوونیە واتا خۆشەویستی شێوە نیە بەڵکو خۆشەویستیەکی رۆحیە، ئەو رۆحیەتەش لە خۆشەویستیە بۆ کوردستان و یەکێکم لەو کەسانەی بەردەوام گوێ لە گۆرانیەکانی دەگرم و شانازی پێوەدەکەم".

ماجد مهندس: توشی شۆک بوو

لە کاتی تۆمارکردنی گۆرانی (بۆ کوردستان) لە تورکیا ئەو کات هونەرمەندی ناوداری عەرەب (ماجد المهندس) بۆ تۆمارکردنی ئەلبومی نوێی خۆی لە تورکیا دەبێت و لە ستۆدیۆ (زەکەریا) دەبینێت، ماجد پاش ئەوەی گوێی لەو گۆرانیە دەبێت توشی شۆک دەبێت و پێی دەڵێت"دەست خۆشیت لێ دەکەم بۆ ئەو کارە جوانە، بەڵام یەک داواکاریم لێت هەیە تکایە گۆرانی بە عەرەبی مەڵێ چونکە کار لە بەناوبانگی ئێمە دەکات".

تونچبیلەک: زەکەریا وەستای ئاوازە

ئیسماعیل تونچبیلەک (میوزیکژەنی ناوداری تورکیاو جیهان) کە چەندین کاری هونەری بۆ هونەرمەندانی ناوداری جیهان کردووە و لە چەند ئەلبومێکی هونەرمەند (زەکەریا) ش کاری میوزیکی ئەنجامداوە، دەڵێت" لە سێ ئەلبوومی (زەکەریا) کارم کردووە و ئاوازەکانی لە ئاستێکن پێویست بەوە ناکات باسی بکەم چونکە (زەکەریا) وەستایەکی گەورەیە لە کاری هونەری" تونچبیلەک

دەڵێ"ئەگەر لە ژیانمدا (5) باشترین هونەرمەندی گەورەم خۆشویستبێت یەکێک لەوانە (زەکەریا) یە".

سەکەریالی: زەکەریا رۆحم ئازار دەدات
موراد سەکەریالی (میوزیکژەنی ناوداری تورکیا) ئاماژە بەوە دەکات کە گوێ لە میلۆدییەکانی زەکەریا دەگرێت هەستێکی سەیری لا دروست دەبێت، ووتویەتی"کەم هونەرمەند هەیە بەمیلۆدیەکانی رۆحم ئازار بدات و لە ناخەوە گوێی بۆ بگرم، زەکەریاش یەکێک لەو هونەرمەندانەیە کە لە ناخەوە گوێی بۆ دەگرم و شانازییە کە بەیەکەوە چەندان کارمان کردووە".

ئایتاج: ئێمەی سەرسام کردووە
ئایتاچ (میوزیکژەنی تورک) دەڵێ "زۆر سەختە بۆ هونەرمەندان ئەلبوم دوای ئەلبوم کاری جوانتر بکەن، بەڵام هونەرمەند (زەکەریا) ئەلبوم دوای ئەلبوم کاری جوانتر و نایاب تر دەکات، ئێمەی سەرسام کردووە بەو دەنگ و ئاوازە خۆشانەی".

ئا: چرا شەمال
تێبینی: ئەم راپۆرتە لە ژمارە (777) ی رۆژنامەی (هاوڵاتی)، رۆژی (چوارشەممە) بەرواری (26/10/2011) بڵاوکراوەتەوە.





# ئایا هونەرمەندی دەنگ خۆش زەکەریا پێوویستی بەوەیە کە هەمووساڵێک ئەلبوومێک دەرکات!؟

**شێرکۆجەلال**

**هەرچەند جار هونەرمەندی خۆشەویست کاک(زەکەریا) ساڵێک یان کەمتر یان تۆزێک زیاتر تێپەڕ دەبێت بەسەرئەلبۆمێکی گلەیی و گازندەی هەندێک لەنووسەران لەماڵپەڕەکوردیەکان وەدەردەکەون وەک ئەوەی بڵێن هونەرمەند بێ دەنگەو لەکاری هونەریش دوورکەوتۆتەوە یان لە میدیاکان دەرناکەوێت. بەڵام ئەگەرئاوڕێکی نەختێک زانستیانەو بۆچونێکی کەمێک لۆژیکمان بەرانبەر ئەم هونەرمەندە هەبێت کە لەڕاستی دا بەماوەیەکی کەم ڕێگایەکی زۆری هونەری بڕیوە من دەڵێم نەخێر پێوویستی بەوە نەماوە کە ساڵانە ئەلبوومێک دەرکات.**

گەلـۆ وەک دەست پێک هەمووهونەرمەندان لەپێنـاوی زێدەتـــر ناساندنـــی دەنگ و ڕەنگیان بەبینەران و بیسەرانیان ئەوپەڕی پێوویستیان بەدەرکــەوتنە لە میدیاکـــان بەگشتی ودەرخستنی بەرهەمـــی ساڵانـەش بەتایبەت هــــەروەهاکلیپی گۆرانیەکانیان لەپێناوی ئەوەی خەڵکی لەناخی هونەرەکەیان بگەن تاچەند بەهەستی ڕاست و بەبەهرەی سروشتـــی کەوتوونەتە ناو جیهانی ئەم هونەرەمەزنە بێگومان بەهەموو دڵنیایەوە دەبێژم کاک زەکەریا خاوەنـــی ئەم بەهـــرە سروشتیەیەکە ئێمە بەرلەئیمڕۆ پێی ئاشنا بووین هونەرمەند بەماوەیەکی کەم شوێنێکی گـــەورەی لەدڵی زۆربـــەی خەڵکی کوردبۆخۆی کردەوە. بەڵام ئیمڕۆ پاش ئەم ئەزموونە سەرکەوتووە بەدەرچوونی لەکـــۆنسێرتێک بـــۆی هــەیە بەهەڵەیەکی تەکنیک یان هەرهەڵەیەکی هونەری تر دەیان دەنگی نەیاری لێ قیت بێتەوە چونکە پەردەی گــوێچکەو زوومی چاوی ڕۆژنامە نووسان تەنها لەسەر خەڵکی بەناوبانگ و هــونەرمەندانی گەورەن بەتایبەتیش ئەم ڕۆژنـــامە نووسانەی کەنەختێک بەبێ ویژدانانە دەکەونە گیانی هونەرمەندان. بۆیە من ڕام وایە هـــونەرمەند زەکـــەریا ئیمڕۆ پێوویستی بەوەنەماوە کە هەمووساڵێک ئەلبــوومێک دەرخـــات بەڵکوپێوویستی بەوەیەچـــەند هـــەنگاوێک بهاوێت کەتاوەکوئیمڕۆ نەی

هاویشتووە. لەوانە ئەنجام دانی کارێکی ( دیۆ) لەگەڵ هــونەرمەنێکی بیانی بـــەناوبانگ بەڵام بێگومان کارێکی واش پێوویستی بەوەدەکات کە هونەرمەند زەکەریا هـــــونەرمەندی دووەم بدۆزێتەوە بـــەم مەرجەی لەبواری دەنگ و کاریزمای کارەکانی تری بەباشی بگونجێت لەگەڵ هونەرەکەی کاکە زەکەریا. خاڵـــی دووەم ئەوەیە کەدەبێت کۆشش کات چەند هۆنراوەیەکی هۆزانڤانانی گەورەی کـورد نمونەی ( پەشێو) و (شێرکۆبێکەس) وئەوانـــــی تر بکات بەبەرهەمی داهاتووی. بۆیە لەکۆتایـی بە هـــــونەرمەند دەڵێم بەدوو یان بەسێ ساڵ ئەلبوومێکـــــی سەرکەوتوو بەسەبۆتۆی خۆشەوویست ئەگەرچـــی لەوانەیە هەوادارانی دەنگی هـــــونەرمەندبەم بۆچونانەم دڵتەنگ بن بێگومان ناهەقی ئەوانیش ناگرم. بەڵام هونەرێک کەخاوەنی هەستی ڕاست و بەهرەیەکی یەزدانی بێت بەم شێوەیە بەجـوانی دەمینێتەوە زۆری و بۆری کارێکی باش نیە...

# میدالیای ئاڵتونی دەکرێتە ملی زەکەریا.

**ئـاری ئـازاد**

دوای ماوەیەک ڕێکلام و بانگەشە بۆ ڕێزلێنان لە هونەرمەند (زەکەریا عەبدوڵلا) ، بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە بەرپرسانی حیزبی و وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ژمارەیەک بەرچاو لە عاشقان و گەنجانی کوردستان لە تەلاری شەهید (سەعد عەبدوڵلا) لە هەولێری پایتەخت مەراسیمی ڕێزلێنان لە کارە هونەری و پڕ لە داهێنانەکانی (زەکەریا) بەرێوەچوو ، کە لەلایەن سەنتەری عیراقی (ئەمرۆ) سازدرابوو ، لە مەراسیمەکەدا خەڵاتی ڕێزلێنان و میدالیای ئاڵتونی لەلایەن بەڕێز (فەلەکەددین کاکەیی) وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان بەخشرایە هونەرمەندی گەورەی کورد (زەکەریا عەبدوڵلا) پاشان داوا لە هونەرمەند کرا ووتەیەک بەم بۆنەیەوە پێشکەش بکات ، زەکەریا لە ووتەکەی دا وێرای سوپاس کردنی سەنتەری عیراقی ئەمرۆ بۆ ئەم ڕێزلێنانە سوپاس و خۆشەویستی خۆی بۆ عاشقانی دەنگ و هونەرەکەی دەربری و سوپاسی ئەو شاعیرانەی کرد کە هۆنراوەیان بۆ نووسینەوە و سوپاسی ئەو میوزیکژەنانەشی کرد کە کاریان بۆ کردووە ، دوای

مەراسیمی رێزلێنانیش بە هاوكاری گروپی میوزیكی (زەكەریا) بە سەرپەرشتی میوزیكژەنی بەناوبانگی توركیا (موراد) چەند گۆرانییەكی پێشكەش بە عاشقانی دەنگی كرد ، كە یەكێك لە گۆرانیەكانی هی ئەلبومی تازەی بوو.

# زەکەریا: حەزدەکەم لە فیلمێکی سینەماییدا یان لەدرامایەک بەشداری بکەم.

کارزان حەیدەر:

زەکەریا... ئەو ئیمبراتۆرەی لە بەرگی هونەرمەندێکی گەورەدایە، لە ڤێلایەکدا لە هەولێر کارەکانی ڕایی دەکات و بۆ خەوتن

و ئیسراحەت کردنیش دەچێتەوە نێو شوقەیەک لەو ئاپارتمانانەی لە پایتەختی کوردستان بە ناوی ئەو ناسراوە.

وەک هەر جارێکی دیکە لەو ڤێلایە یەکترمان بینی بەڵام بڕیاربوو ڕۆژێک پێشتر یەکتر ببینین ،کەچی بۆ ڕۆژی دواتر دوامان خست بە هۆی مەوعیدێکی ئەوەوە لەگەڵ چەند برادەرێکی خۆشەویستی ، بەیەکەوە چووینە ژوورە تایبەتیەکەی خۆی ، دوای ئەو ماوەیەی کە نەم دیبوو ، وێنەیەکی نائاسایم لەسەر مێزەکەیدا بینی ، کە لێم پرسی ئەو وێنەیە لە چ ماددەیەک دروستکراوە؟ گووتی: برادەرێکی خۆشەویست لە زێڕ بۆی دروست کردووم و کردوویەتیە دیاری بۆم.





ڕەنگە پرسیار گەلێک زۆربن ئەگەر هەرکەسێکمان پێی بگەین ، بەڵام دەرفەتی ئەو لەوە کەمترە کە ئەو هەموو

پرسیارانەی لە خەیاڵو مێشکی ئێمەدا هەن وەڵامی بداتەوە ، کەچی من بەوە دەستم پێکرد:

بۆ مەوعیدەکەمان بۆ ئەمڕۆ دواخرا؟

- پێشتر لەگەڵ چەند برادەرێک مەوعیدمان دانابوو بچین سەردانی گوندێکی دەوروبەری هەولێر بکەین ، بۆیە ئەو ڕۆژە چووینە ئەو گوندە خۆشەو و دیمانەکەی نێوان من و تۆش بۆ ئەمڕۆ دواخرا.

بەرهەمی نوێت چی بەسەرهات؟

- بەرهەمی نوێم کارە زەحمەتەکانی هەمووی تەواو بووە، لە ئایندەیکی نزیکدا خەڵکی کوردستان گوێیان لێی دەبێ ، بەرهەمەکە تا ئێستا ناوییم بۆ دیارە نەکردووەو لە 12 تا 14 تراک پێکهاتووە و ئەو شاعیرانەی پێشتر کاریانم لەگەڵ کردوون ، وەک کاک سامی ئەرگوشی و کاک شاڵا و و کاک عەبدولڕەحمان بێلاف ، شیعریان بۆ داناوم و





بڕیارە یەک دوو برادەری دیکەی شاعیر ئەوانیش بەشداریم بکەن.

پڕۆژەی دروستکردنی کۆلیژی میوزیک چی بەسەرهات کە بۆ دامەزراندنی داواتان پێشکەشی وەزارەتی خوێندنی باڵا کرد؟

- ئێستا خەریکی داڕشتنی ماستەر پلانین و لە کارکردنین بۆ دامەزراندن و دروستکردنی ، چونکە ڕەزامەندی لەسەر دراوە.

بۆ کەم دەردەکەوی؟

- سەرقاڵیم وای لێکردووم کەم دەرکەوم.

دایکت لێت ڕازیە؟

- ئەگەر لە دەرەوەی کوردستان بم ، ڕۆژانە بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ دەکەم ، ئەگەر لە ناوەوەی کوردستانیش بم ، ڕۆژ نا ڕۆژێ سەردانی دەکەم ئەگەر دەرفەتیشم زۆر کەم بێ، زۆر شەوانیش هەیە لای دەمێنمەوە ، دایکم زۆر پیر بووە.

سوێند بەچی دەخۆی؟

- بە وڵات ، بە دایکم.

ئەو دەنگۆیە ڕاستە گوایە بە نهێنی ژنت هێناوە؟

- ئەوە ڕاست نییە و کەسێکی دیاریکراو لە ژیانی مندا نییە ، ئەوەی بیری لێ دەکەمەوە تەنها خۆشەویستی دایکمە.

وەرزش دەکەی؟

- ئێواران  لەسەر ئامێری ڕۆیشتن.

ئەو کاتانەی دەرفەتێکت دەبێ ، بەچی بەسەری دەبەی؟

- بە دانیشتن و بینینی دۆست و برادەران و خوێندنەوەش.

پەیوەندیت لەگەڵ کەسایەتییە هونەرییە جیهانیەکان هەیە؟

- لەگەڵ زۆرێ لەوان.

حەزدەکەی ڕۆژێ لە ڕۆژان لە فیلمێکی سینەماییدا ، یان لە درامایەکدا ڕۆڵی سەرەکی ببینی؟

- زۆر حەزدەکەم ، بەمەرجێ سیناریۆ و دەرهێنانێکی چاکی بۆ بکرێت و بابەتێکی جوان و گرنگیش بێت.

بیر لە دروستکردنی میدیا ناکەیتەوە؟

- بیر لە دروستکردنی کەناڵێکی ئاسمانی دەکەمەوە زیاتر فەرهەنگی بێت.

بەهۆی سەرقاڵیتەوە زۆر سەفەر دەکەی ، بیرت لەوە نەکردۆتەوە فڕۆکەیەکی تایبەت بەخۆت هەبێ؟

- حەزم لێیە.

وابزان خولیای ڕاوت هەیە؟

- نا ، ئاژەڵ و باڵندەکانم زۆر خۆش دەوێن، من خولیای نیشان شکێنیم هەیە.

چەند پاسەوانت هەن؟

- بڵێ چەند هاوڕێت هەن.

بۆ هەمیش بە قاتەوە دەتبینم نەک بە جلی ئاساییەوە؟ چەند قاتت هەن؟

- چونکە قاتم زیاتر لێ دێن و چەند دانە قاتێکم هەن ( بە پێکەنینەوە )





تەسبیح هەمیشە بە دەستتەوەیە؟

- زۆر حەزم لێیەتی ، سەبووریەکەو زۆر جار یارمەتیم دەدات بۆ بیر کردنەوە

ئەو نامانەی هەوادارانت لەڕێی ماڵپەڕەکەوە بۆت دەنێرن،وەڵامی هیچ یەک لەوان دەدەیتەوە؟

- زۆر لەوان وەڵام دەدەمەوە.

دوای ناوبانگ دەرکردنت، بە تەنها بە هەولێردا سووڕایتەوەو خەڵک پێی نەزانیبێ؟

- زۆر جار بەپێی و هەندێ جاریش بە ئۆتۆمبیل.

چ عەشیرەتێکی؟

- خۆشناوم ( بە پێکەنینەوە )

خۆت گەنجی و زۆربەی هەوادارانیشت گەنجن ، بیر لەوە ناکەیەوە پرۆژەیەکی نیشتەجێکردنی ئاسایی بۆ گەنجان جێبەجێ بکەیت؟

- بیرم لێکردۆتەوە ، لە ئاییندە جێبەجێی دەکەم.

بازرگانی ڕێگری لە هەونەر دەکات؟

- بازرگانی هاوکاری هونەر دەکات.

دیمانەکە لەوە کۆتایی هات ، بەڵام دانیشتنی دوای دیمانەکەو قسە خۆشەکانی تا سەعات 5.30 ئێوارە بەردەوام بوو لە کاتێکدا ئێمە لە سەعات لە سەعات 1.30 ی نیوەڕۆ یەکترمانبینی، یەکترمان ماچ کردو لە دەرگای ڤێلاکە چاوەڕێی کردم تا ڕۆیشتم ، لەوێوە زانیم ئەو کەسێکی سادەو ساکارو ناوەڕۆک گەورەو پڕ نرخە.

# زەکەریا: مەرجی یەکەمم ئەوەیە دەبێت هاوسەرەکەم کورد بێت.

زەکەریا عەبدوڵا ئەو گۆرانیبێژە بەناوبانگەی لەماوەی چەند ساڵێکی کورتی تەمەنی هونەریدا توانی پێگەیەکی بەرفراوان بۆ خۆی بنیاد بنێ تا ئەو رادەیەی لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا بەلای زۆربەی گەنجانەوە بەگۆرانیبێژی ژمارە یەک لەسەر ئاستی کوردستان ناودەبرا.

لەماوەیەکی کەمدا فراوانی جەماوەرەکەی زەکەریا گەیشتە ئەو ئاستەی نەتوانێت لەهۆڵەکاندا ئاهەنگ بگێرێت، بەڵکو بۆ جێکردنەوەی ئەو جەماوەرە زۆرە ناچار لەکوردستان پەنای بۆ یاریگاکان بردو لەوێ ئاهەنگی گێرا.

ئەلبوومی "بگەرێوە" سەرەتای دەرکەوتنی زەکەریا بوو، بەدوای ئەوەشدا ئەلبوومی "دایە" دەنگدانەوەیەکی ئێجگار فراوانی هەبوو، بەجۆرێک بازدانێکی گەورەی لەکارو ناوبانگی زەکەریادا دروست کرد، لەدوا کاردانەوەشدا زەکەریا لەوڵاتی سوید وەک تاکە نوێنەری گۆرانیبێژانی کورد بانگهێشتی ئاهەنگێکی جیهانی کراو بەدوای ئەوەشدا لەلایەن سەنتەری عێراقی ئەمرۆ وەک باشترین هونەرمەندی عێراقو کوردستان خەڵاتی رێزلێنانی پێبەخشرا.

پێش زەکەریا لەخانەوادەکەی ئەو هونەرمەندە "نەجمەدین ئاوارە"ی برای دەستی داوەتە کاری هونەری کە ئەویش یەکێک بووە





لەگۆرانیبێژە بەناوبانگەكانی شاری هەولێر، ئەو كەشە هونەرییەی لەناو بنەماڵەكەیدا هەبووە، هانی زۆری داوە بۆ ئەوەی دواجار خۆی لەبواری هونەریدا ببینێتەوە.

زەكەریا دۆستەكانی بەوە ستایشی دەكەن كە شێوازێكی نوێی لەئاوازو هۆنراوەو دابەشكردن هێناوەتە ناو هونەری كوردییەوەو نەیارەكانیشی بەوە تۆمەتباری دەكەن كە زۆربەی گۆرانییەكانی بەتایبەتی لەئاوازو دابەشكردندا مۆركی توركی پێوە دیارەو ئەمەش زیانی بەهونەری كوردی گەیاندووە.

پاش چوار ساڵ دووركەوتنەوە لەمیدیا كوردییەكان، زەكەریا عەبدوڵا لەم دیدارە تایبەتەیدا بۆ گۆڤاری ئاوێنەكان چەند نهێنییەكی تایبەتی ژیانی خۆی ئاشكرا دەكاتو روونكردنەوەی زیاتر لەبارەی كارو بەرهەمە هونەرییەكانی دەدات.

ئەوەندەی زانراوە ئێوە بەبنەماڵە سەرقاڵی كاری هونەرین، بەڵام دەمانەوێت بەتایبەتتر لەوە تێبگەین كە ئایا تۆ لەكەیەوە هاتوویتە بواری هونەری، ئاخۆ هیچ بەرهەمێكت هەبووە تۆمارت كردبێتو بڵاونەكرابێتەوە؟

- بەڵێ ئەوە راستە، من لەبنەماڵەیەكی هونەریم، پێش من - نەجمەدین ئاوارەی برا گەورەم گۆرانیبێژە، گەیلانی براشم موزیكژەن بوو، منیش هەر لە منداڵیمەوە خەریكی كاری هونەریم و لەگەڵ زۆربەی تیپە هونەرییەكانی هەولێر كارم كردووە. بۆ بەشی دووەمی

پرسیارەکەش، نەخێر هیچ گۆرانییەکی تۆمارکراوم نەبووە کە بڵاوم نەکردبێتەوە.

تۆ زیاتر لە دەرەوەی وڵات وەکو موزیسیان و گۆرانیبێژ ناسرایت، دەمانەوێ بزانین ساڵی چەند رووتکردە دەرەوەی وڵات و ئێستا لەکوێ نیشتەجێیت؟

- نزیکەی پانزە ساڵ لەمەوبەر واتە لەساڵی 1993 چوومە دەرەوەی وڵاتو ئێستاش زۆربەی کاتەکانم لەکوردستان بەسەر دەبەم.

ئەلبومی "بگەڕێوە" بووە سەرەتای دەرکەوتنو ناسینیت بوو لای جەماوەر، پاشان ئەلبومی "دایە" ناوبانگێکی زیاتری دایتێ، کاتێک بیرت لەوە کردەوە کە دەست بکەیت بەگۆرانی وتن، پێشبینیت دەکرد بەو شێوەیە دەربکەویتو سەرکەوتن بەدەست بهێنیت؟

- ئەلبومی بگەڕێوە بەر لە ئەلبومی دایە بوو. خۆشبەختانە ئەلبومی دایە بە دڵی جەماوەر بوو، ئیتر دوای ئەو ئەلبومە گەڕامەوە کوردستان و زیاتر لە جەماوەر نزیک بوومەوە.

باشە هۆکاری سەرکەوتنی ئەو ئەلبوومانە بەو شێوەیە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

- تازەگەرییەک بوو لە ناو گۆرانیی کوردیدا، چ لە رووی دابەشکردنی مۆسیقاوە، چ وەک ئاواز و هۆنراوەش.

ماوەی چەند ساڵێکە زۆر بەکەمی بەرهەمی نوێت دەبیسترێت، بۆچی بەرهەمەکانت دوا دەکەون، زۆر کەس ئەوە دەگەڕێننەوە بۆ سەرقاڵ بوونت؟
.

- بە لای منەوە ژمارەی ئەلبوم گرنگ نیە، ناوەڕۆکەکەی گرنگە، من تا لە بەرهەمەکانم دڵنیا نەبم، بڵاویان ناکەمەوە، زۆر جاری واش هەبووە ئەلبومێکم گۆرانیی زیاتری تیادا بووە، بەڵام بەر لەبڵاوکردنەوەی دوو تا سێ تراکم لێ لاداوە.

مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ لەوڵاتی سوید بەشداری ئاهەنگێکت کرد، وەک زانیومانە لەهەر نەتەوەو هونەرمەندێک بۆ ئەو ئاهەنگە بانگهێشت کرابوو، لەنێو هونەرمەندە کوردەکانیشدا ئەو بانگهێشتە ئاراستەی تۆ کرا، ئەو بەشدارییە چی پێ بەخشیت؟
.

- دیارە ئەوە مایەی خۆشحاڵی بوو بۆ من و جەماوەرەکەم، دوای چەندین ساڵ ماندووبوون و شەونخوونیم، تازە شتەکانم گەیشتە ئاستی نێونەتەوەیی. ئەو فیستیڤاڵەی مانگی دەی رابردوو لەسوید ساز کرا کە تیایدا باشترین هونەرمەندانی گەلان دەستنیشان دەکرێن، منیش بە شانازییەوە وەکو کوردێک دەستنیشان کرام و تیایدا بە ئەنقەست وام کرد کە گرووپێکی کورد لەگەڵم بەشدار بێت بۆ ئەوەی

لێهاتوویی کورد لە بواری مۆسیقادا نیشانی دەرەوە بدەین.

هەر پاش ئەوەش لەلایەن "سەنتەری عێراقی ئەمڕۆ" خەڵاتی ڕێزلێنانت پێ بەخشرا، ئەو خەڵاتە لەسەر چ بنەمایەک بوو؟

- ئەوەی سەنتەری عێراقی ئەمڕۆ کە سوپاسیان دەکەم، دیارە دوای ئەوەی خۆیان راپرسیان کردبوو، منیان بە شایەنی ئەو خەڵاتە بینی بوو، ئەمەش دیارە پێزانینێک و بەبیرهێناوەیەک بوو بۆ ئەو ساڵانەی کە تیایاندا شەونخوونیم بە دیار گۆرانی و مۆسیقای کوردییەوە کردووە

وەک دەزانین لە ئاهەنگی ڕێزلێنانەکەدا، دوو گۆرانیت لە ئەلبومە نوێیەکەت پێشکەشکرد، دەکرێ هەندێک زانیاریمان لەو بارەیەوە پێبڵێیت؟

- دوو گۆرانییە تازەکەم وەکوو خۆشەویستیەک بۆ جەماوەر بوو کە لە هەر ئاهەنگێکدا گۆرانیی تازەیان پێشکەش دەکەم، ئەمەش دڵنیاییە بۆ جەماوەر کە من لە کارەکانم بەردەوامم

کارەکانی ئەلبوومە نوێیەکە بەچی گەیشتووە؟

- کاری باشی تیا کراوەو لەتەواوبووندایە، رەنگە لەماوەیەکی نزیکدا بڵاوبکرێتەوە .

ئەگەر پرۆژەیەکی هونەریی بێتە پێشەوە بۆئەوەی لەگەڵ گۆرانیبێژێکی بیانی چ کوڕ یان کچ بەیەکەوە گۆرانی بڵێن، تا چەند ئامادەیت ئەو داوایە قبوڵ بکەیت، یان تائێستا داوات لەو شێوەیەت بۆ هاتۆتە پێشەوە، یان خۆت پێت خۆشە کارێکی لەو شێوەیە بکەیت؟ .

- بەڵێ شتێکی وا لە ئارادایە، نامەوێ ئێستا باسی بکەم، لە کاتی خۆیدا دەردەکەوێت، بۆ من جیاوازیش نیە کوڕ، یان کچ بێت، گرنگ ئەوەیە هونەرمەندێکی باش بێت.

ئەوەمان بیستووە کە بەنیازیت کۆلێژێکی میوزیک لەکوردستان دابمەزرێنیت، دەکرێت وردەکاری ئەو پرۆژەیە بزانین؟
- راستییەکەی بەنیازین کۆلیژێک بکەینەوە کە بەتەنها تایبەتە بۆ پێگەیاندنی میوزیکژەن، لەم رووەوە چەند پێشنیارێکمان داوەتە وەزارەتی خوێندنی باڵاو گفتوگۆی لەبارەوە دەکەین، ئەوەی رۆشنە ئەوەیە سەرجەم مامۆستاکانی ئەو کۆلێژە لەدەرەوەی وڵاتەوە دێن.

با بزانین زەکەریا لە شەوو رۆژێکدا چەند کاتژمێر دەخەوێت، وەک ئێمە بیستومانە شەوانە تا بەرەبەیان سەرقاڵی پرۆڤەکردنیت؟

- بە زۆری کەمخەوم، شەوانە خەریکی دابەشکردنی مۆسیقا و ئاوازدانانم، جارجارەش لەگەڵ هاورێ خۆشەویستەکانم دادەنیشم.





چ کاتێک سەردانی ماڵی باوکت دەکەیتەوە؟
- هەموو کاتێک بە بەردەوامی، زۆر نزیکم لێیانەوە.
لەگەڵ وەرزش کردندا چۆنیت؟
- بەردەوام هەموو ڕۆژێک وەرزش دەکەم.

جیا لە لایەنی ئیشوکارو گۆرانی، ئەگەر کاتت هەبێت چ خولیایەکی دیکەت هەیە؟
- بەزۆری خوێندەنەوە و وەرزشو بەوانەوە سەرقاڵ دەبم
ئایا زەکەریا لەژیانیدا خۆشەویستی کردووە ؟

- بەڵێ خۆشەویستیم کردووە، بەڵام هیچ زانیارییەکی تر لەبارەیەوە نادەم

لەم ماوەیەدا دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆوە کە بەنیازیت ژیانی هاوسەریی دروست بکەیت، ئەوە تا چەند ڕاستە؟، هەروەها ئەو کچەی دەتەوێت بیهێنیت حەز دەکەیت چ مەرجێکی تێدا بێت؟
- ڕاستە بەنیازم، بەڵام ئێستا شتێکی روون لەئارادا نیە

بەلاتەوە ئاساییە ئەگەر ژیانی هاوسەریی لەگەڵ کچێکدا دروست بکەیتو کورد نەبێت؟

- نەخێر، مەرجی سەرەکیم ئەوەیە هەر هاوسەرێک هەڵبژێرم دەبێ کورد بێت.

سازدانی: پشتیوان جەمال

## هونەرمەند زەکەریا لە ڕۆژنامەو سایتەکانی سوێد.

زەکەریا هونەرێکی هێندە جوان وشیرین پێش کەش دەکات کە سوێدیەکانیش ناتوانن ئەگەر گوێی بۆ نەگرن ئەو گەنجە سوێدیانەی کە تێکەلاوێکی زۆریان هەیە لەگەل گەنجە ڕۆژهەلاتیەکان بە دەگمەن هەیە ناوی زەکەریای گوێ لێ نەبووبێ یاخود حەزی لە گۆرانیەکانی نەبێت ،بە دەیان کچی سویدی لە ئاهەنگەکانی ئامادە دەبن ، لەم ڤێستڤالەی ئەم دواییەی کە ڕیئۆریەنت بەڕیوەی دەبرد لە هۆلی گەورەی کۆنسێرتە وسێت لە ستۆکهۆلم وەک رۆژنامەکانی سوێد دەلێن زەکەریا کۆتایی بە ڤێستیڤالەکە هێنا ، بە دەیان کچی سوێدی بەشداری کردبوو وەهاتبوون بە هۆی برادەرە کوردەکانیان ،، هەوالی زەکەریا ڕۆژێک پێشتر لە زۆربەی هەرەزۆری ڕۆژنامەکانی سویدی بلاو ببۆوە بۆ نموونە داگس نیهێتر و سڤێنسکا داگ بولادیت و ڤێستەڕۆس تیدنیگن و ستۆکهۆلم سایتی و بەیان نێت و سایتە تایبەتیەکانی کۆنسێرتهوس کە بە شێوەیەکی جوان باسی هونەرمەند زەکەریای کردبوو ..

ڕۆژنامەکەنی سوێد هێندە بە شێوەیەکی جوان باسیان لە هونەری کوردی کردبوو لە چۆن لە سەردەستی هونەرمەند زەکەریا ستایلێکی جوانی بە خۆوە دیوە هەمیشەوەک ئەستێرەی پۆپ یان ئەستێرەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست باسیان دەکرد ..





داگس نیهێتر یاخود ڕۆژنامەی هەوالەکانی ڕۆژانە  کە لەساڵی 1864 بۆ یەکەم جار دەرچووە وەتا ئێستا بەردەوام  دەردەچێت و یەکێکە لەرۆژنامە هەرەبەناوبانگەکانی سوێد .. چەند ڕۆژ پێشتر باسی ئەم ڤێستیڤالەی کردو زیاتر لە جارێک باسی هونەرمەند زەکەریاو کردو بە یەکێک لە هونەرمەندە دیارەکانی جیهانی ژمارد وە باسی هونەری زەکەریا دەکات کە چۆن توانیوەتی تێکەلکردنێک بکات لە نێوان هونەری کۆن و نوێ و ریتمی تازەی هونەری کوردی ..

بەیان نێت سایتێکی سویدیە کەنوێنەریان ئامادەی لەم ڤێستیڤالە بوو باس دەکات کە چۆن زەکەریا توانی وا بکات کە ئەم هۆڵە دەست بکات بە دانس واتە هەڵپەڕین وەچۆن خەلکەکە دڵخۆش بوون بۆ ئەم ئاهەنگە سایت وڕۆژنامەی ئیکس ئین پۆستن بەم شیوەیەباسی زەکەریای کردووە  نووسیویەتی هونەرمەند زەکەریا عبدالله یەکێکەلەئەستێرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست وە نووسیویەتی زەکەریا ئێستا نزیکترین کەسە لەبیاتلیس  دەلیت وەک ڕۆژنامەی ئیکۆنۆمستی ئینگلیزی نووسیوەتی ..

ئەوەی شایانی باسە بیاتلێس گروپێک بوون لە سەرەتای سالی 1960 گۆرانییان دەگوت کە پۆپی بەریتانی رۆکیان تێکەل دەکرد ئەوکاتی شتێکی تازە بوو لە هونەری گۆرانی ئینگلیزی ..ئەوە ماوەبڵێین ئەوەندەی ڕۆژنامەکانی سوێدی وسایتەکانی بێگانە باسی

زەکەریایان کردووە نیو ئەوەندە راگەیاندنە کوردیەکان باسیان نەکردووە .بۆی هەیە مرۆڤی کورد نەزانی هۆیەکەی چییە ئایا هەر ئێمەی کورد نرخی هونەرو هونەرمەندی خۆمان نازانین تا زیندووە بەهیچ شێوەیەک نامانەوێ نرخی ئەو هونەرە و هونەرمەندانە بزانین بەلام کاتێ کە دەمرێ هەرکەسەو شعرێکی لەسەر دەنووسێ ..خۆزگە ئێمەش زیندوو کوژی مردووپەرست نابین .. دەست خۆش بۆ زەکەریاو ئەوتیپەی کە لەکوردستانەوە هاتوون بۆ خزمەتکردنی کوردو هونەری کوردی ..

تێبینی .. ئەم زانیاریانە هەمووی لە ڕۆژنامەکان و سایتەکانمان وەرگرتووە ..

## هونەرمەند زەکەریا لە ناو میدیاکانی جیهانی.

ڕۆژنامەی جیهانی اکونومیست بابەتەکی تایبەتی نووسیوە بە ناونیشانی مۆسیقا و لووتکەی شاخەکان، کە باس لە سەرکەوتنەکانی هونەرمەندی بەناوبانگی کورد زەکەریا عبدوللە دەکات، کە وسفی کردووە بە بیتل سی کورد و هەروەها باسی کردوە کە لە کاتی خۆی بەرهەمی (تیلیناز) بڵاوکرا زیاتر لە 3 ملیون نسخە فرۆشرا و لەسەر ئەم بابەتەش دەروا کە دەڵێت هونەرمەند زەکەریا هیوا و داخوازەکانی زورە کە سەرکەوتن بە دەست بێنێت لە بوارەکانی دیکە جەگەلە مۆسیقا وەکو بەژداربوونی لە پروژەی ئاوادانکردنی کوردستان. بۆ ئە و مەبەستەش و بە پشگیری حکومەتی هەرێمی کوردستان هەستا بە دروستکردنی 700 نهومی مودرن بۆ جوانکاری شارەکانی کوردستان و سوود لێ وەرگەرتن و چەندین پرۆژەی تری بەدەستەوەیە. شایانی باسە کە ئەمە بۆ یەکەم جار نیە کە میدیای بیانی باس لەسەر کارەکانی سەرکەوتووی هونەرمەندی ناوبراو بکات.





## سەرکەوتنێکی دیکەی زەکەریا لە ستۆکهۆلم.

کاتژمێر 7ی ئێوارەی 5.10.2008 لە هۆڵی (کۆنسێرت هاوس)ی ستۆکهۆلم و لە چوارچێوەی فیستیڤالی نێونەتەوەیی (ری ئۆریەنت) هونەرمەندی ئەستێرەی کورد زەکەریا عەبدوڵلا لە کۆنسێرتێکدا کۆمەڵێک گۆرانیی هەڵبژاردی لە ئەلبوومەکانی چڕی و جەماوەری ئامادەبووی هێنایە جۆش و خرۆش.

لەو ئێوارە کۆنسێرتەدا زەکەریا عەبدوڵلا لە گەڵ تیپێکی موزیکی کوردی کە لە نزیکەی (30) موزیسیەن پێک دەهات و هەموویان بە تایبەتی بۆ ئەم کۆنسێرتە لە هەولێرەوە چوو بوون، بۆ ماوەی زیاتر لە دوو کاتژمێر چەپکێک گۆرانیی هەمەڕەنگی پێشکەش کرد و کۆنسێرتەکە هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی زۆر بە گەرمییەوە لە لایەن ئامادەبووانەوە بە چەپڵەڕێزان پێشوازی لێ کرا.

ئامادەکاریی تۆکمە و رێخستنی وردەکاریی کۆنسیرتەکە لە هەموو لایەنە تەکنینکی و هونەرییەکانەوە مایەی سەرنج بوو و بەڕێوەچوونی بەو شێوەیە جێگەی خۆشحاڵیی ئامادەبووان و سەرپەرشتیارانی فیستیڤاڵەکەش بوو.

خاڵێکی دیکەی سەرنجڕاکێش تیپی موزیک بوو بە سەرپەرشتیی موزیسیەنی کورد مامۆستا سەید ئەحمەد رواندزی کە کارێکی زۆر پرۆفیشینەل و رێکوپێکیان پێشکەش کرد. ئەم تیپە ماوەیەک بوو لە

هەولێر دەستی بە پرۆڤە و ئامادەکاریی کردبوو بۆ ئەم کۆنسێرتە و لەوێ لێزانی و لێهاتوویی موزیسیەنی کوردیان بۆ ئامادەبووان و سەرپەرشتیارانی فیستیڤالەکە سەلماند. شایانی باسە ئەم تیپە لە سەر ئەرکی تایبەتیی هونەرمەند خۆی کاروباری سەفەر و چوون و مانەوەیان لە سوید بۆ کراوە.

لە گەڵ ئەوەی کە رۆژانی یەکشەممە چالاکیی جەماوەریی بەم شێوەیە لە ئەورووپا ئەنجام نادرێت، چونکە رۆژی دواتر خەڵک دەچنە سەر کار و لە گەڵ ئەوەی کە ئەو رۆژە کەشێکی سارد و باراناویش لە ستۆکهۆلم هەبوو، بەڵام وێڕای ئەوەش خۆشەویستیی جەماوەری کورد بۆ هونەرمەند زەکەریا وای کرد لە زۆربەی زۆری شارەکانی سوید و ئەورۆپاشەوە بچن و ئامادەی کۆنسێرتەکە ببن و هەموو هۆڵەکە داگرن.

هەودارانی زەکەریا عەبدوڵلا نەک هەر تەنیا لە ناو هۆڵی کۆسێرتەکە، بەلکوو لە هەموو کوردستان و جیهانیش لە رێگەی شاشەی کوردستان تیڤییەوە بە دیدار و گۆرانییەکانی شاد بوونەوە کە ماوەی سەعات و نیوێکی کۆنسێرتەکەی راستەوخۆ بۆ بینەران پەخش کرد و رۆژی دواتریش تەواوی ریکۆردی کۆنسیرتەکەی دووبارە بڵاو کردەوە.

مایەوە بڵێین لە کۆنسێرتەکەدا هونەرمەند زەکەریا عەبدوڵلا کۆپڵەیەکی لە گۆرانییەکی نوێی بەرهەمە تازەکەی پێشکەش بە ئامادەبووان و هەوادارانی کرد کە مایەی خۆشحاڵییان بوو.





## با شانازی بە زەکەریا عبدوڵڵا وە بکەین.

ئاری ئازاد

ئەی نیشتیمان چۆلەکەی سەر هەر چڵێکت سەد کەناری ئێرە دێنێ
شەرم و بزەی هەر شۆخێکت سەد فریشتەی ئێرە دێنێ

زەکەریا یەکێکە لەو هونەرمەندە لاوانەی کە ساڵانێکە خەریکی کاری هونەریە تا ئێستا خاوەنی شەش سی دی تایبەت بە خۆیەتی، جیاوازی ئەو هونەرمەندە لەگەڵ ئەوانی تر ئەوەیە کە زیاتر هەنگاوی بەرەو بە جیهانی بوونی بەرهەمەکانی ناوە، زەکەریا ساڵانێکی دوور و درێژ لە وڵاتی سوید ژیانی غوربەتی بەسەر دەبرد زۆربەی بەرهەمەکانی هەر لەو وڵاتە بە هاوکاری چەندین موزیکژەنی کورد و بیانی بەرهەم دەهێنا. بەرهەمی ( دایە ) کە بە ترۆپکی بەرهەمەکانی هونەرمەند ناوزەند دەکرێت دوا بەرهەمی سی دی بوو لەو وڵاتە، لە دوای ئەوە هەنگاوێکی هونەری بوێرانەی هاویشت ئەویش ڕووکردنی هونەرمەند زەکەریا بوو بۆ وڵاتی تورکیا . هەر لە دوای چوونی هونەرمەند بۆ تورکیا بەڕاستی دەرگایەکی تر لە هونەر و هونەرمەندانی کورد کرایەوە، وە کارەکانی هونەرمەند هەمەجۆر تر و دەوڵەمەندتر بوون. لە دوای چونی هونەرمەند بۆ تورکیا و بڵاوکردنەوەی چەند ئەلبوومێک کۆمەڵێک گۆرانی نوێ کەوتنە سەرزاری گەنجان و خەڵکان بە گشتی وە هەر بە یادی مامۆستا تەحسین تەها ویستم کە تیشکێک بخەمە سەر یەکێک لە





گۆرانیەکانی هونەرمەندی نەمر کە ئێستا بە دەنگ و هەست و مۆسیقایەکی سەردەمی تر ووتراوەتەوە لەلایەن زەکەریای هونەرمەند بە ناوی ( من تو نەڤێ) کە تام و چێژێکی تر لەم گۆرانیە بەدی ئەکرێ و لە ناکاو کەوتە سەرزاری خەڵک دووبارە.وە ئەبێ ئەوەمان لە بیر بێ کە زەکەریا بوو بە پردێک لەنێوان هەموو شێوەزارە جیاوازەکانی کوردستان هەر لە گۆرانی (ئاگر کەتیە دلێ من) و (هاگولێ) و زۆری تر کە بێ گومانم ئەم گۆرانیانە بە نەمری ئەمێنەوە.

من ئەمەوێت لەم بابەتەم دا کە تیشکێک بخەمە سەر لایەنی هونەری ئەم هونەرمەندە و نامەوێ باسی لایەنی سیاسی هەرێم و ناوچەی وڵاتەکەمان بکەم لەگەڵ دەوروبەر چونکە منیش وەکو زۆربەی هاوڵاتیانی وڵاتەکەم هەستی نەتەوەییم زۆرە بۆ وڵاتەکەم چونکە ئەم وڵاتە هەروا بە ئاسانی نەگەیشتۆتە ئەمڕۆی ئازاد وەک هونەرمەند زەکەریا لە سروودە ناوازەکەی دەڵێت ( سوێند بە نەورۆز بە ڕاپەڕین، سوێند بە مێژووی سەدان ساڵە، لە یاد ناچی ئەی کوردستان هەمیشە تۆ لە دڵماندای). لێرە هەڵوەستەیەک دەکەم لە سەر ئەو سروودە کە لە کاتی جەنگی ئازادی عیراق دای بەگوێی ئازادی خوازان و تێکۆشەرانی کوردستان، بە ڕاستی لە مەش توانی داهێنان بکات.

لەگەڵ هاتنەوەی هونەرمەند بۆ کوردستان زۆر شتی جیاواز ووتران دەربارەی هونەرمەند من دەمەوێت کە بەرگریەکی بچوکیش لە هونەرمەند بکەم کە هەندێک بە باشی لەو بابەتە نەگەیشتوون کە گوایە زەکەریا کۆمەڵێک پاسەوانی لەگەڵ خۆیدا دەگێرێت، بەڕای من کارێکی زۆر باشە چونکە کەسێکی وەکو زەکەریا کەوتۆتە بەرچاووی هەموو خەڵک و لەم کاتەی وولاتی ئێمە و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا ئەو و هەر کەسێکی نمونەی ئەو پێویستیان بە چاودێر هەیە.

زەکەریا زۆر جار لۆمە دەکرێت بەوەی کە ئاگای لە هەژاران نیە بەڵام من ئەڵێم کە زەکەریا لەگەڵ ژانی میللەت و وولات ئەژیێ وە من نامەوێ کە کارە خێرخوازەکانی زەکەریا بە بابەتێک و دوو بخەمە بەرچاووی کەس بەڵام ئاشکرایە کە زەکەریا وەک هونەرمەند و وەک ئاوەدانکار و خێرخواز و ..........هتد کار بۆ کورد و کوردستان ئەکات.

با لەبیرمان نەچێ کە چەندین کەسایەتی زیرەک و لێهاتوو لە پشت هونەرمەندەوە یارمەتی هونەرمەندیان دا تا زەکەریا گەیشت بەو پایەی ئێستا وەک شاعیری بەڕێز مامۆستا شالاو کە دەستێکی دیار و بەرچاوی هەبووە و هەیە لە کارە هونەریەکانی هونەرمەند و چەندانی تر. وەهەروەها براکانی هونەرمەند (نەجمەدین ئاوارە ، گەیلان ئاوارە) شایەنی باسە کە دوای هەموو ئەمانەش جەماوەری کوردپەروەری هەرچوار پارچە ئازیزەکەی کوردستان و هەموو دونیا، و کاکە سەرهەنگ باجەلان کە ئەرکی بەڕێوەبردنی ماڵپەڕە جوانەکەی هونەرمەندی لە ئەستۆیە.

لە کۆتاییی دا ئەڵێم من هیچ بەرژەوەندیەکم لەگەڵ هونەرمەند زەکەریا عەبدوڵا نیە و تەنها خۆشەویستیم بۆ خۆی و هونەرەکەی ئیلهامی نوسینەکەی منە.

## ساتەکانم لەگەڵ کاکە زەکەریایی :سەرهەنگ باجەلان هونەرمەند.

هەرکردارەو ئاوێنەی دڵێکە هەر ووشەیە و نوسراوی دەستێکە هەر دڵەو بەندەی دڵێکە بەڵام هەر گۆرانیە و گریانی هونەرمەندێکە.

لەوانەیە کە لە پێش چاومان شتێکی غەریب نەبێ کە گوێمان لە هونەرمەند کەسێکی زۆر . ناوی کەسێک دەبێ بەناوی هونەرمەند هەست ناسکە هۆنەری خەم و تاڵی ژیان خۆ هەر هونەرمەندە ، خۆ ووتە جوانەکان لە دەمی هونەرمەند هەڵقوڵان، لە دەستی زۆربەی هونەرمەندان هاتنە نوسین ، لە شوانێکی بەدبەختی بناری چیاییێکییان پرسی چیت ئاواتە ؟ ووتی بەرخۆڵەکانم بلەوەڕێنم بەباشی، لە سەربازێکی توندڕەویان پرسی ئاواتت چیە؟ ووتی دوژمن بشکێنم، لە مناڵێکی بێ گوناهیان پرسی چیت ئاواتە؟ یاخود چیت دەوێ؟ ووتی برسیم و خواردنم دەوێ( سەیر نیە کە داوای شتێکی وا بکا چونکە دڵی پاکە). خۆم ماوەیەک وێبماستەر و بەرپرسی کارەکانی هونەرمەندی بەڕێز کاک زەکەریا بووم لە دەرەوەی وڵات، لە زۆر شت کە توانام هەبووبێ بەپێی پێویست هاوکاریم هەمیشە و هەیە. هەر پەیوەندیەکی زۆر نزیکمان هەبووە کردووە، بۆیەشە وویستم چەند شتێک بخەمە بەرچاووی ئازیز و هەوادارانی کە بە خۆم بینەر و شاهێدی ئەم ئەم هونەرمەندە دەنگ زوڵاڵ کەسایەتیە بەرێزەم، هەربەم بۆنەیەوە ڕۆژێکیان لە زەکەریام پرسی





ئاواتت چیە؟؟؟؟؟؟؟

ووتی ئاواتم زۆرە بەڵام ئاواتە هەمیشەیەکانت پێ دەڵێم کە تا هەتا و بە پەرۆشەوە گووتی کوردستانەکەم بێ خەم بێ، " هەر ئاواتمن بە بەرهەمەکانم بتوانم خەمی ڕابردوو لە بیری میللەتم ببەمەوە". پێتان سەیر نەبێ کە کاکە زەکەریا هەر دوو لە ئاواتەکانی پێ گووتم، چونکە ئەگەر هەر کەسێکتان وەکو من لە دڵ و دەروونی ئەم دەزانن کە زەکەریا چەندە عاشق بە کەسە دڵ پاکە تێ بگەن ئینجا کە زەکەریا هەر هونەرمەندی خاک و نیشتیمانەکەیەتی ، وا نەزانن ئەمرۆیە و گۆرانی بۆ ئەمڕۆ دەڵێ! بەڵکو کار بۆ لەبیربردنەوەی خەم و تاڵیەکانی دوێنێ و ڕابردووش دەکا.

لە وولاتی ئێمە زۆر شت داخراو بوو، لە وولاتی ئێمە زۆر شت پەردەپۆش کرابوو تا ئێستاش زۆر لە مرۆڤانی ئێمە لە خۆشی بێ بەشن، زۆر لە مرۆڤانی ئێمە چاویان بە پێشکەوتنی جیهان نەکەوتووە و نازانن ئاستی سیاسی و هەڵسوکەوتی مرۆڤە جیهانیەکان لە کوێیە .هونەری ئەم میللەتە تا دونیا هەیە دوایی نایە، هەرچەند لە پیرۆزی کەڵًچەر و داب و نەریتەکانی خۆمان وورد ببینەوە هەر تەواو نابێ بەڵام! هونەریشمان تا ئەم دوایە خۆ هەر لە سنورێکی داخراو بوو دوور لە بەکارهێنانی بیرۆکە نێونەتەوەی و ڕێگا پرۆفێشناڵەکان لە خزمەت و کاری نوێدا، ئایا دەبوو ئێمە هەر بەم ڕێچکەیە هونەری خۆمان بەڵام

دەوڵەمەندتر بکەین کە سی ساڵ بەر لە ئێستا کراوە؟ ئەتوانین کە وەڵامی ئەم پرسیارە بە کار و چالاکیەکانی ئەم مرۆڤە دڵنەرمە بدەینەوە کە کاک زەکەریایە : وەک دیارە کە کاکە زەکەریای هونەرمەند میوزیکژەنێکی بەناوبانگی گەلەکەمان بوو تاکو ئێستاشی لەگەڵ بێ، هەر بە یەکەم گۆرانی و خۆناساندنی بە خەڵک: بە گۆرانی نەمزانی خەڵک هەستیان کرد کە ئەم کەسە داوا دەکا کە پەیامێک ببەخشێ. بە بگەڕێوە و ئەلبوومە دوا بەدوایەکانی توانی ئەم ئامانجە بپێکێ کە چەندین ساڵە بە هیوایی کار دەکا، بەلام کاری کاک زەکەریا بۆ لە هونەرمەندانی تر جیاواز بووەوە لە ساڵی 2001 ەوە تاکو ئێستاش؟ زەکەریای هونەرمەندیش بیری لەمە کردەوە کە جوانکاری هەر نابێ لە قاڵبی ڕابردوو دابێ و لە چوارچێوەی داب و نەریتی خودی میللەت نەچێتە دەرەوە، بەم هۆیەوە کە زەکەریایی هونەرمەند خۆی ناساند بە تەواوی کورد و پارچەکانی کوردستان بەشێک لە مرۆڤە چاودێر و خۆ بە شارەزازانایانی ئەم بوارە و ڕاگەیاندن بە تایبەت ئەم هەنگاوەی بەلاڕێدابردنی هونەری ڕەسەن و بە کارتێکردنی هونەرمەندیان بە زۆر لە کە بێگانەیان وەسف کرد! هەر بە بیری کاری جوانکاریە خەڵکان ئێستا لە ستایل و ڕێچکەی ئەم هونەرمەندە کار دەکەن بەلام بە دەنگێکی تر و خۆپیشاندانێکی تر و بە وێنەو کلیپێکی تر بەلام بۆ کەسێک نابینرێ کە ناوی ئەوان بێنێ؟؟؟؟؟؟؟

هونەرمەند ئەبێ کار لە ئاستێکی هێمن و دوور لە  بە هەر حاڵ دڵشکاندنی دەوروبەر بکا و با هەر کەس هەوڵی خۆی بدا تا چەند لەم گۆڕەپانە دەتوانێ خۆی لە ڕێگەیەکی دوور لە خەڵکان ببینێتەوە.

زۆر جار بیرم لەوە دەکردەوە ئەبێ ڕۆژێک بێت کە چۆن ئێمە عەودالّی بەرهەمە نوێیەکانی ابراهیم تاتلس و کازم ساهیرێکی عەرەب و موعینێکی اسفهانین ئێمەی کوردیش کەسێکمان لە ئاستی ئەوان کار بکات و میللەتانیش کڕیاری بەرهەمە هونەریەکانمان بن؟؟؟بەڵام خۆشبەختانە گەیشتم بە کەسێک کە ئەم بۆشایە پڕ بکاتەوە و ئەگەر بە خۆم بەرهەمەکانی ئەم هونەرمەندەم ڕەوانەی وولاتانی دراوسێ نەکردبووا لەوانە نەبوو کە ئێستاش باوەڕی ئەوەم بکردایە کەسێک دەناسن کە کوردە و هیچی  کە میللەتانی دەوروپشتیش کەمتر نیە لە ئەم برادەرانەی پێش ئێستا باسم کردن. وە گوێگری تورک و فارس و  کە  درک بەم ڕاستیە دەکرێ  ئێستا نەتەوەکانمان کەمبووە و خەڵک چاوەڕێی کەسێک دەکەن کە بەرهەمی نوێی هەبێ کە کوردە و بە شێوازێک کار دەکات نەتەوەکان میوزیکی بۆ دەژەنن و سەرسامن بە کارەکانی

ئەگەر هەر کەسێک لە ئێوە بۆ ماوەیەک لەگەڵ ئەم مرۆڤە بژیێن یاخود کاری لەگەڵ بکەن من دڵنیام کە شتێک زوو بەدی دەکەن کە





هێمنی و لەسەرخۆیی ئەم هونەرمەندەیە، هەر چ شتێک ڕوودەدا هەرگیز نەمبینی خۆی هەراسان بکات و جیاواز لە کاتەکانی تر بێ. دووەم شت بەدی دەکەن کە مرۆڤێکی زۆر قسەخۆش و دەم بە خەندەیە باس لە هەر شتێک دەکا بەبێ خەندە لێوی ناجوڵێ شتێکی زۆر ئاساییە هەر کەسێک کە تەمی ماندووبوون بە دەم و چاویەوە دیار بێ وەکو جاران هەڵسوکەوت ناکا و زوو هەست بەوە دەکەیت کە گۆڕانێک هاتووە بە سەر ئەو کەسە بەڵام هەرچەند لە کار و ماندووبوون هەرچەند لە نەنوستن و ئێشکگری ئەم مرۆڤە ووشەیەکی شتێک زۆر سەیرم .کە دڵت بڕەنجێنێ گران تر لە گووڵ نابیستی پێی دێت هەر چ گرفتێک هەبێ لە ژیانی ڕۆژانە و کار و هەوڵەکانی ئەم مرۆڤە: هەر پێم دەڵێ "نیگەران مەبە چارە دەبێ انشا الله"

لە لایەن برادەر و هونەرمەندانی دەوروبەر هەمیشە بە مرۆڤێکی . ڕووخۆش و دەم بە خەندە ناسراوە هەر شتێک ڕوودەدا لە هاوڕێیانیش هەر هەوڵی ناردنی خەند و پێکەنین دەدا بۆ سەر لێوی ئەوانیش، بەڵام من دەزانم کە ماندووبوونێکی زۆر شاراوە هەیە لە ژێر بە دەیان شەو و بەرەبەیان لە دەنگ و کاری لێوی ئەم هونەرمەندە خەبەرم بووەتەوە ئینجا زانیوومە کە دیسان کاکە زەکەریایە بە نیوەشەویش هەر خەون بە خزمەت و کاری هونەری دەبینێ بۆ جەماوەر: کاتێک دەڕۆم بۆ لای پێی دەڵێم کاکە بۆ ناخەوی؟؟ هونەر : وەڵامەکەم لە بەر کردووە کە هەموو جار هەر پێم دەلًَِّ





ژیانمە ، جەماوەر گیانمە ، من بە جەماوەرەوە جوانم و بۆ هەر بۆ نەتەوەکەشم دەمرم ، نابێ گەنج دڵی نەتەوەکەم دەژیم برەنجێ بۆیە ئەبێ هەر کار لە دوای کاری نوێ بکەم بۆ ڕازیکردن و پێ بەخشینی چەند ساتێکی خۆشی بە دڵی گەنجانی وولاتەکەم و گەنجانی هەندەران.

بەڵام کاکە زەکەریا لە کۆتای باسەکەم : ئێمەی گەنج و دڵدار بە دەنگە بە سۆزەکەت پێت دەڵێین ئێمە نازانین دڵداری چیە؟ ئێمە دڵدارین نازانین وەسفی بکەین و خۆشەویستی خۆمان بۆ دڵدارەکانمان دەربڕین، بۆیە پێت دەڵێین ئێمەش بە تۆوە جوانین تۆ بە گۆرانی و هەڵبەستە شیرین و پڕ لە واتا دڵداریەکانی خۆت و شاعیرە هەست ناسکەکانت گۆرانیمان بۆ بڵێ با پێشکەشی بێ وەفا و وەفادارانی خۆمانی بکەین.

## ئازیزم زەکەریا عەبدوڵای هونەرمەند.

سڵاوێکی هونەریی کوردستانییانەی دڵێک، کەهەست بەچریکەی بولبولی سەرچڵان و شنەبای دەمەو ئێورانی شارەکەم و تەوژمی شەپۆلی کەنارەکان و مەنگی دەریا گەورەکان و بەرزی و سەختی لوتکەی شاخەکانی ئاودراو بەخوێنی پاکی پێشمەرگەی شەهیدو لەرەی تەلی ئامێرە زیندووەکانی گەورە هونەرمەندە هەمیشە زیندووەکان و خشپەی پێی ئینسانە وڵات پەرێزەکان و پاکی بەفری سپی و پڕ بەرائەتی بەر سولاوکەی خانووی دێهاتییەکان و چرقە و چریقەی گەڵای زەردە هەڵوەریەکانی سەرەرێکانی خەزانی پاییزی تامەزرۆ بکات، بێگومان بە هەستی ئەو دڵە، هەموویان لەپەناگەوە دەیان بینیَ و لەرێی پێنووسی هاورێمەوە رێزم بەپیت و وشەو رستەکانی ئێرە، ئەو مەمەلەکەتەی خۆت لەنێو چوار وەرزی ساڵان و نیگای تابلۆکانی پڕ لەسروشتی جوانی یەزدان لە سۆزی قۆرگی پاک و بەرائەتی سۆزی هەستی ناسک و ئاوازە بەخورەکانی دەست و پەنجەی تۆ دەدۆزمەوەو چەشنی قاقای پێکەنینی منداڵە پەپوولەو فریشتە ئاساکان، دەیانکەمەوە دیاری و لەنەورۆز و هەربەرە جەژنانێکی کوردستانم شێوەی قەفتی گوڵان و لەنێو نزمە بۆنی رەیحانە رەشەو گوڵە نێرگزی بناری چیاکانی کورستانی وڵاتم

بەخوناوی بەیانیان لەگەڵ شنەبای ئێوارانی بناری پیرە سەفین و هەیبەت سوڵتان و سەرقەڵا و منارە وگۆیژەو ئەزمروسەرچنارو كوچەو كۆڵانی كەركووكی شاری شارانم، لەتەک هەستی منداڵێكی پێخاوس و بیَ نوقڵانە و دایكێكی جەرگ سوتاو و باوكێكی پشت شكاو، جوانی هونەرت رێگەم پێدەدات بیانكەمە هەڤاڵی دەمە و ئێوارانی غوربەتیت، من بەخەیاڵ دیمەنەكانی شاری پڕ خەیاڵت دەبینم، جوانن، هەست خرۆشن، گەر تێكەڵاوی چواردیوارە قوارویپەكانی زەمەنی رابردووی گەرەک و دەنگی ماشێنی شۆفێری گەرۆک و تێكەڵاو بەدەنگی لەرزۆكی كرێكارێک و هەژارێكی بێنانی سیمای دڵكوتەی مەرگی بەئان وساتی هەر ساتەوەختێک بكەم، هەستەكان سەرنج راكێشتردەبن بەلای دیمەنی چاوی بینەر و بیستەرەوە، چاوی زەردەی خۆرەتاوی ئێمە دەروانێتە كاروانێک لەوێوە دەستی عیسایەكی لەخاچ نەدراو چاو و مۆمی هەژارێكی بێ رۆناهی وڵاتی خاپوور و نەک هەر جەستە ئەنفال ، بەڵكە دەرونیش، دەخوازیَ تروسكەی خۆزگەی داگیرسێنیَ و جەستەی مردووی دەستی رۆژگاری پڕ لەئەسەف و ئاخ و ناخی قورگی تاساو و بیَ ئومێدە ئومێددیدەكان بێنەوە وجود، جەستەكان لە وڵاتی من خەریكە رەنگی مردوو بگرن دڵەكانی بەنێو زیندووش بەفریای دیدار راناگەن و دیداری زانایەک قەت پێراناگا قوژبنی ژوورێكی تاریک





بکاتە چراخان، خۆزگەش ناسکی دەرونە دڵە پڕ مرۆییەکانە.

لێرە خۆت ئاسا گوتەنی گریانەکان لەئازارەوە سەرچاوە دەگرن، پێکەنینیش لەخۆشیەوە، جاگەر زەمەن پردی پەرینەوە وێران نەکات بێگومان چاوە نادیارەکان لەپشتەوە جوانی دیمەنەکانی هونەرمەندێکی وەک بەرێزتان دەبینن، ئەوانیشن نەتەنیا چاوەکانی منن، بەڵکە چاوی دڵ و چاوی هەست و چاوی ئازاردیدەکانمە کەئاسۆی من دیار دەکەن، بۆ هەمیشەش لەئاسۆ دەروانم ئاسۆش بەجوانی دەبینم، هێندەش دەخەمەسەر خەرمانی قسەکانم کەلەدڵەوە سوپاسی هەستی بەرێزتان بکەم بۆ شەونخونی کێشانت بەدیار(گەنجی پیر) و تەواوی ئەو هەستەجوانەی کێشاوتە، لەدوماهیدا دەڵێم تۆ هەردەم شادو وڵاتیش ئاوەدانبێت

200برات/ سەردارخۆشناو

## قەدەری زەکەریا لە تورکیا داوا دەکرێت.

گەورە کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی موزیک لە تورکیا داوا لە هونەرمەند (زەکەریا) دەکات ئاوازی گۆرانی (قەدەر) یان پێبدات. فیلیز سەراڵ لە کۆمپانیای MXL Muzik کە تایبەتە بە بەرهەمهێنانی میوزیک و گۆرانی لە تورکیا، پەیوەندی بە کۆمپانیای ZAKARIA MUSIC PRODUCTION کردووەو داوای لێکردووە کە ئاوازی گۆرانی (قەدەر)یان پێبدات تاوەکو ئاوازەکە بە تێکستێکی تورکییەوە بەرهەمبێنن. لەو بارەوە سەرچاوەیەک لە بەرێوەبەرەبەرایەتی کۆمپانیای زەکەریا میوزیک پرۆدەکشن، کە سەرپەرشتی کارە هونەرییەکانی هونەرمەند زەکەریا دەکات هەواڵەکەی پشتڕاستکردەوەو رایگەیاند کە "ماوەیەک لەمەوبەر کۆمپانیای MXL Muzik پەیوەندییان بە ZMPROەوە کرد و ئەو داوایەیان ئاراستەی هونەرمەند زەکەریا کرد، بەڵام ئێمە ئەو داوایەمان رەتکردەوە"، گۆرانی قەدەر یەکێکە لە تراکەکانی ئەلبوومی

(لاپەڕەی سپی) زەکەریا عەبدوڵڵا کە شیعری (سامی ئەرگۆشی)یە و ئاوازیهونەرمەند زەکەریا یە.

## لاپەڕەی سپی.

بۆ هاوکاریی ئەو منداڵانەی بێکەس، بێ سەرپەرشت و هەژارن، بە تایبەتی ئەوانەی بوونەتە قوربانیی شەڕ و لە بەر نەبوونی و هەژاری؛ ناتوانن درێژە بە پەروەردە و خوێندن بدەن، وەکوو هەوڵێک بۆ دابینکردنی ئایندەیەکی گەشتر بۆ ئەوان؛ بیرم لە دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی خێرخوازی بە ناوی (لاپەڕەی سپی) کردەوە. ویستم ڕاستیی ئەم بیرۆکەیەتان بخەمە بەر چاو و بۆ هاوکاریی ئەو منداڵانە لە کوردستان و لە هەر کوێ بن؛ ئێوەش بانگهێشتی پشتگیریی و بەشداریکردن لە جێبەجێکردنی ئەم بیرۆکەیەدا بکەم.

.

موزیک جگەرگۆشەم، منداڵیم، هەستم، دڵم، وڵاتم، زێدی لەدایکبوونم، خۆشەویستیی خاکم، عەشقی هەرە گەورە و هونەرمە. ئەم ئالبومەم کە ئامادە کردووە دەربڕی منداڵیم، خۆزگە و هیواکان

و ژیانمە. ئەم لاپەڕە سپییە ڕەنج و شەونخوونی و ماندوویەتی و کاری بێ وچان و دڵسۆزانەی دووساڵی تەمەنمە.

.

منداڵی و گەنجێتی خۆشترین سەردەمی ژیانی مرۆڤن، لە هەنگاوی یەکەمی بیرۆکەی (لاپەڕەی سپی)دا ویستم ئەم بەرهەمەم وەکوو دیارییەک پێشکەش بەو منداڵانە بکەم کە مەرگ، ستەم، خوێن، نەبوونی و هەژارییان بینیوە. ئەم دیارییە لاپەڕیەکی سپی و خزمەتێکی سادەی مرۆڤانەیە. گەر بتوانم شتێکی وا بکەم و بە هاوکاریی و پشتگیریی هەمووتان ئاوڕێک لەو منداڵانە بدەینەوە، ئەوسا لە مەنزڵگاکەمدا بە ئارامی ڕادەکشێم و بەختەوەر دەبم بەوەی بەم شێوەیە بتوانم لەم دنیا ڕاگوزەرەدا هاوکارییەکی سادەش بێت؛ لە بواری پەروەردە، کەلتوور، ڕۆشنبیری و شارستانیدا بۆ گەل و وڵاتەکەمی بکەم و ئەم ئالبومەشم بەو مەبەستە ئامادە کردووە و هەموو داهاتەکەشی بۆ ئەو منداڵانەیە. .

بۆ هەر پشتگیریی و هاوکارییەکی ئەم بیرۆکەیە لە ئێستاوە سوپاستان دەکەم. هەمووومان پێکەوە بەرەو ئایندەکی گەشتر بۆ ئەو منداڵانە. .

زەکەریا عەبدوڵڵا

# زەکەریا : لاپەڕەی سپی هەنگاوێکە بۆ بە ئینتەرناشناڵ بوونی هونەری گۆرانی و میوزیکی کوردی.

دیمانە/ سیپان:

ئەو خۆی بۆ سەفەرێکی زۆر کورت ئامادەکردبوو کە پەیوەندیم پێوەکرد بۆ ئەوەی یەکتری ببینین، نیو کاتژمێر مابوو بۆ ئەوەی بگاتە فرۆکەخانە و ئامادەبێ بۆ سەفەرەکە، بەڵام لەوە دەچوو ئەو بەلایەوە ڕێزگرتن لە ڕۆژنامەنووسێک و تەرخانکردنی کاتێک بۆ ئەوەی وەڵامی چەند پرسیارێکی زۆر گرنگ بداتەوە، گرنگتر بوو لەو سەفەرەی کە بەڕێوە بوو.

ئەو بەشێکی لەو ماوە کورتە بۆ ئەو دیدارە کورتە تەرخانکرد .

زەکەریا ئێستا هەوڵی ئەوە دەدا هونەری گۆرانی و میوزیکی کوردی بە ئینتەر ناشیوناڵ بکات، چونکە کارێک لەسەر ئاستی کوردستان دەبێ جیاواز بێ لەو کارەی بۆ سەر ئاستی جیهانی دەکرێت، بۆ

ئەویش ( لاپەڕەی سپی ) هەنگاوێکە بۆ ئەوەی هونەری گۆرانی میوزیکی کوردی سنووری دیاری کراو و چەق بەستووی خۆی ببڕێ بۆ جیهان و سنوورێکی فراوانتر.

هەرێمی کوردستان: پێت وایە ( لاپەڕە سپی ) دەبێتە قۆناغێکی نوێ لە هونەری گۆرانی و میوزیکی کوردی؟

زەکەریا: لاپەڕەی سپی- هەنگاوێکی نوێیە بۆ بە ئینتەرناشناڵ کردنی هونەری گۆرانی و میوزیکی کوردی، ئەو هەوڵەش سانا نییە، دوو ساڵ کاری بەردەوام، شەونخوونی و ڕۆژو شەو لەسەر یەکدانی ویستووە، تا ئەو بەرهەمە لە دایک بوو کە خۆم پێم وابوو لە کارەکانی پێشووتر جیا بوو.

هەرێمی کوردستان: ئەو جیاکاریە لە چییەوە دەبینی خۆت؟

زەکەریا: ئەو جیاکاریە لەو تەکنیکە بەرزە دەبینم کە کراوە لە بەرهەمەکەدا، لەو ئامێرە نوێیانەی میوزیک کە ئێستا لەشاکارە هەرە بەرزەکانی میوزیکی جیهانی کاریان پێ دەکرێت و یەکەمجارە لە

**گۆرانی و میوزیکی کوردیدا لە لاپەڕەی سپی بەکار هاتن، ئەمەش وا دەکات کێرڤی ئەو هونەرە بەرزتر کاتەوە لەسەر ئاستی نەک کوردستان، بەڵکو لەسەر ئاستی هونەری وڵاتانی ئیقلیمی و جیهانیش.**

**هەرێمی کوردستان: تەنها بەکار هێنانی ئەو ئامێرانە نوێیانە بەسە بۆ ئەوەی بتوانی هونەرەکەت بگەیەنیتە ئاستی جیهانی؟**

**زەکەریا: ئەوەندە هونەرەکە تەواو ناکات چەند ئامێرێکی نوێ بخەیتە نێو بەرهەمێکی نوێ، بەقەد ئەوەی تەکنیکی دەنگ و ئاوازو دابەشکردن و هارمۆنیاو تواناى دەنگ کاریگەرن وەک ئامێرەکان، کە ئەوانیش ڕۆڵی گەورەیان بینیووە لەو بەرهەمەدا.**

**هەرێمی کوردستان: ئێستا خەریکە لەو سنوورەی گۆرانی و میوزیکی کوردی دەردەچیت؟**

**زەکەریا:بۆ هەر هونەرمەندێک زەروورە بیر لەوە بکاتەوە هونەرەکەی بگەیەنێتە ئاستی بە جیهانی بوون، هەمیشە ئەگەر هونەرمەند بەو**

شێوە بیر بکاتەوە کارێکی زۆر باش دەکات چونکە زیاترین هەوڵ بۆ سەرکەوتنی گەورەی بەرهەمەکە دەدات و توانایەکی زۆر خەرج دەکات.ئەگەر بەو شێوەیەش بیر نەکەینەوە، ناتوانین ناسنامەیەک بۆ خۆمان و هونەرەکەمان دروست بکەین، دەبێ چۆن پێشتر ئێمە گوێمان بۆ گۆرانی و میوزیکی بیانی دەگرت، دەبێ ئێستا هەوڵی ئەوە بدەین خەڵکی بیان گوێ لە هونەری گۆرانی و میوزیکی کوردی بگرێت، ئەگینا هونەری کوردی دەبێتە هونەرێکی قەتیس ماو لەیەک چوارچێوەدا لە شێوەی تابلۆیەک کە هێواش هێواش ڕەنگەکانی لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمەن کاڵ دەبێتەوە و دواتریش وێنەکە لێڵ دەبێت .

هەرێمی کوردستان: بیر لەوە دەکەنەوە لە ئاییندە کارێک لەسەر ئاستی جیهانیدا بکەن؟

زەکەریا: ئێمە پێشتر کارمان بۆ ئەوە کردووە، خەڵکی کوردستانیش لەوە ئاگاداربوون و لە میدیاکاندا بینیان کە لە یەکێ لە فیستفاڵە بەناوبانگەکانی جیهانی بە ناوی فیستیفاڵی ( ئۆریەنت ) لە سوێد

بەشداریمان کرد و نوێنەرایەتی هونەری گۆرانی و میوزیکی کوردیمان کرد، زیاتر لە 20 میوزیک ژەنی گەنجی کورد لەو فیستفاڵە لەگەڵمدا بەشداربوون و هاتنە سەر یەک لە شانۆ هەرە بەناوبانگەکانی جیهان.

هەرێمی کوردستان: پێت وایە ئەو ئەزموونەی ئێوە ڕەنگدانەوەی بەسەر هونەرمەندانی دیکەی کوردستانەوە دەبێت؟

زەکەریا: من هەوڵ بۆ ئەوە دەدەم کارێک بکەم خزمەتێکی گەورە پێشکەش بکەم، ڕەنگە کارێکی نوێی من ڕەنگدانەوەی هەبووبێ، وەک ئەوەی شاکارێکی هونەری بەرز ڕەنگدانەوەی بەسەر منەوە دەبێت.

هەرێمی کوردستان: ئێستا میوزیک دەژەنی؟

زەکەریا: میوزیک سەرچاوەی هونەری من بووە، سەرەتای هەر کارێکی هونەری سەدان کاتژمێر میوزیکم ژەنیوە، ئێستاش لە سەرەتای هەر کارێکی نوێم شەو و ڕۆژ لەگەڵ میوزیک دەژیم بۆ

ئەوەی ئاوازێکی بە جۆش دروست بکەم، بەڵام ئاوازەکانیش لە ناخمەوە هەڵدەقوڵێن.

هەرێمی کوردستان: لە مۆندیال نزیک دەبینەوە، دونیا سەرقاڵی یاریەکانی دەبێت، ئێوە خولیاتان بۆ ئەو یاریانە هەیە؟

زەکەریا: خولیایەکی زۆرم بۆ وەرزش هەیە بەگشتی، بەتایبەتیش تۆپی پێ، من خۆم وەرزش بەردەوام دەکەم و تۆپی پێش لەگەڵ برادەران دەکەم، چاوەڕێی هاتنی مۆندیالیش دەکەم و تامەزرۆم تا دەگەمە ئەو ڕۆژانەو ڕۆژانێکی زۆر خۆشە، بیر ناچنەوە .

هەرێمی کوردستان: ئەی لە وەرزشی کوردستاندا؟

زەکەریا: من هاندەری یانەی هەولێرم و زۆر بەسەرکەوتنەکانی یانەی هەولێر دڵخۆش دەبم، ئەو یانەیەم زۆر خۆش دەوێ .





## پەیامی زەکەریا بۆ هونەرمەندانی کورد.

ئێمە ئێستا لە بارودۆخێک داین کاتی گڵەیی نیە بە بڕوای من هەر کەسەو لە شوێنی خۆی خزمەت بکات، ئێمە دەبێت بارودۆخەکە بۆ خۆمان دروست بکەین.

ئەوەی کە ئێستاکە من لێرە دانیشتومە لەگەڵ ئەو هونەرمەندانە و لەگەل ئەو ئامێرانەی کە من هێناومە کەس بۆ منی نەکردوە، کەس بە منی نەگوتوە وەرە فرقەیەکەکی وەها دابنێ، کەس بەمنی نەگوتوە چیت پێویستە بۆت بکەین لە باری ئیقتسادی یان لەباری هونەریەوە، من خۆم هەموو شتەکانم دروست کردوە،

"کاتێک من دروستی دەکەم لەدوای مندا دەبێتە شتێکی بەرنامە".

یەک تکام هەیە لە برایانی هونەرمەند: هەر کەسەو لە شوێنی خۆیدا شتێک دروست بکات بۆ ئەوەی ئێمە لە داهاتودا بتوانین داوای مافی خۆمان بکەین، پێویستە ئێمە شتێک پێشکەش بکەین بەر لەوەی داوای مافەکانی خۆمان بکەین.

من سالێك لەمەوبەر ئەلبومی ڕۆژگارم بەڵاو كردەوە مانای ئەوە نیە كە من دەڵێم هونەرمەندەكانی ئێمە هیچیان نەكردوە، مەبەستی من ئەوەیە كە دەبێت ئێمە زیاتر لە هێزی خۆمان كار بكەین بۆ ئەوەی شتێك دروست بكەین چونكە شتەكە لێرە بنەمای نیە ئێمە دەبێت بنەما دروست بكەین.

من لە ئەلبومی ڕۆژگار دا قوربانیەكی زۆر گەورەمدا بۆ پێشكەوتنی هونەری كوردی، ئەویش ئەوەبوو من تەنها خۆم ئەم بەرهەمەم دروست كرد و بە شێوەی نوسخەی ئەسلی بەلاوم كردەوە و چەندسەت هەزار نوسخەم ناردەوە بۆ كوردستان بە شەرتێك ئەم بەرهەمەی من دروستم كردبوو هونەرمەندانی بیانی بە هەمان تێچوو و بە هەمان شێواز دروستیان دەكرد، ئەوان هەر سیدەكیان بە ٥ تا ٧ دۆلار دەفرۆشت، من لە كوردستان بە ١٥دینار دەمفرۆشت، كە ١٥ دینار ئەوكات نەیدەكرد ٨٠ سەنتیش، تەنها لەبەر ئەوەی خەلكەكەی ئێمە فێری نەسخەی ئەسلی ببێت، كاتێك دەیكڕێت دەفتەرەكەی دەكاتەوە بزانێت هۆنراوەكە هی كێیە و كێ مۆسیقاكەی دابەشكردوە، من دەمزانی كە ئەو شتەی من كردم زەرەری لێ دەكەم بەلام من

ئەوەم مەبەست بوو کە خەلکەکە ببینێت کە نوسخەی ئەسلی فەرقی هەیە، وەک لە سەرەتا وتم کە دەبێت تۆ شتێک پێشکەش بکەیت تا داوای شتێکیتر بکەیت.

لێرەوە من بە خۆشەویستانم دەڵێم، برایانی هونەرمەند: ئەگەر بێت و هونەرمەندانی بیانی دوو هەنگاو خزمەت بکەن دەبێت ئێمە بیست هەنگاو خزمەت بکەین.هەر ئەوەندە داواکاریەم لێیان هەیە، خۆشەویستی و ڕێزم بۆ هەر هەموویان هەیە.

سەرچاوە: چاوپێکەوتنی تایبەتی کەنالی  کوردسات

# هۆنراوەکانی ئەلبومی تۆ هاتی١٩٩٨

تۆ هاتی

خانمێ خانمێ

نەمزانی

وەرە لام

لایە لایە

## تۆ هاتی..

تۆ هاتی ئەی نازەنینم
لەدوای چی، زۆر درەنگ بوو
هاتی بەسەر شەمعی کوژاوە و
حومرێکی لەدەست دەرچوو

هیچ تیشکێک لە نوری لاوی
هەرگیز لە بونم نەماوە
خاکی دڵ هەمیشە شەوە
گۆرانی بۆ من جێ ماوە

بۆچی هاتی بەم ناوەختە
بەسەر حومرێکی بابردوو
بێخەبەرم لە موی سپی
لە دڵێکی لەکار کەوتوو

تۆ پێشەوای ئەشقی تازە
من کۆنە چیرۆکی بەزیوم

تازە لەگەل تۆ ناگونجێم

تۆ شکۆفە من هەڵوەریم

وەکو جاران پەنجەی حەزم

لانکی ئیشقت ڕاناژێنێ

ناڵەو گۆرانی شەوانم

تازە ڕۆیی ناتگرییێنێ

## خانمێ خانمێ..

خانمێ خانمێ شازادەی کوردان
بەم چاوە جوانەت چەند کەست فەوتاند

تۆ گوڵی نێو گوڵزارمی
تۆ ئەستێرەی شەوانمی
تۆ لەجێی کەس و کارمی
تۆ سارێژەی ئازارمی

سەر و ماڵم لەڕێی دانا
بەڵام منی بە شێت دانا
قەوڵ و قەرارمان یێکێک بوو
کاچی تۆ لەژێر پێت دانا

وای لە ئامینێ
ئامین تاقانە
ئاگری تێبەردام
بەم چاوە جوانە





لە دورەوا هات ئەم کەوا شینە
دڵم بە جارێ زام و گرینە
ئاخەکەی گیان و ئارەقی دینە
پێم وایە یارە، نێوی ئامینە

کاتێ بە بزە دێتە پێکەنین
وەکو فەرهاد لەتاو شیرین
بە ڕۆژ گریە و زار
بە شەو ناڵە و شین
بۆ کێ بۆ؟ بۆ ئامینێ

کاتێک بەڵەنجە دەڕوا ئاو دێنێ
دڵی هەزاران لە بنا دەردێنێ
یاخوا قەت ئەتۆی لە من نەستێنێ
قوربانی تۆ بم ئەرێ ئامینێ

## نەمزانی..

نەمزانی ڕۆژێک دادێ گیانە تۆ بەجێم دێڵی
ساردی ئەم وڵاتە لە ناخی دڵدا دەکێڵی
ناکرێ هەر ڕۆژێ دڵ بگۆڕی، چۆنت مەبەستە؟
بیرت چوو بێوەفایی لای ئێمە گەلێک سەختە
توخوا بگەڕێوە بەبێ تۆ دڵ سەرگەردانە
باخی هیوا و حومرم بەبێ تۆ هەردەم خەزانە

چاوانی تۆ تەنیا ڕوناکی ڕێگام بوو
باوەش و ئەگریجەت پەناو تەکیەگام بوو
تۆ لێرە چیت بینی وا بەجارێ گۆڕای
لە ئەشق و ئەوینی کورد بەجارێ تۆرای

دێوانە بووم من ئەگەر ڕۆژێک باوەڕم پێت کرد
تۆش بوی بە مۆدێرێن و پشتت لە منیشت کرد
بەفری سپی زستانی ئێرە وا کاری لێت کرد
پاکی کردەوە وشەی ئەشقو لە دڵی دەرکرد

تۆخوا بگەڕێوە بەبێ تۆ دڵ سەرگەردانە

باخی هیوا و حومرم بەبێ تۆ هەردەم خەزانە

من قەت نابم بە تۆ، تۆش نابی بە ئاوات

من باوڕم پێت کرد، تۆش باوڕت دۆڕاند

ئێستا وا دەزانی هێشتا هیچ نەبووە

دوێنێ ئیشقێکی پاک، ئەمڕۆ لەبیرت کردووە

وەرە لام..

کیژێ تۆ گەلێ جوانی
قەد و باڵات لەو لاوە
زوڵفت کامەندی دڵە
وا بەسەر شانتا بڕاوە

لە دونیا کەس وەکو من
قەت بۆتۆ نەسوتاوە
خۆت بە تەنها یێکێکیش
تیرت لە دڵی هەزار داوە

وەرە لام وەرە لام وەرا لام
بێ تۆ من ئاوارەو بە تەنیام

هەر تۆی چیرۆکی جوانی
لەنجەی کچانی دونیا
بۆ خاتری نیگاییێکت
هەزاران کەس شێت و شەیدان
تۆ شازادەی پەرییانی

**یا فریشتەی ئاسمانی؟**

**ئەو دڵە بەدبەختەی من**

**هیچ ڕۆژێ قەولت نەدامێ**

**وەرە لام وەرە لام وەرا لام**

**بێ تۆ من ئاوارەو بە تەنیام**

لایە لایە..

ئەرێ لایە لایەت بۆ دەکەم
دوو قسەی خۆشت بۆ دەکەم
بێنە دەرکەی حەوشەکەت
سەودای سەری باڵاکەت
لە خۆمت مارە دەکەم

ئێستا پیر بومە و کەلکم نەمایە
ئەرێ بێنە و ماچت کەم
ئەی فیدای باڵاکەت
ئەرێ لایە لایەت بۆ دەکەم
دوو قسەی خۆشت بۆ دەکەم
بێنە دەرکەی حەوشەکەت
سەودای سەری باڵاکەت
لە خۆمت مارە دەکەم

سلاو لە بەژنێ باریک
بینایی هەردوو چاوم
خۆ من بە دەستی یارێ

دیڵ و یەخسیر كراوم
خودا بە خۆی دەزانێ
لە ئیشقی تۆ وا سوتاوم

كاڵێ هەی كاڵێ چاوانم كاڵێ
ئەی بێنە و ماچت كەم، هۆ هۆ هۆ

ئەرێ لانك دەرهاوە لامەوا لانكێ
دڵ خۆشی دەردی دامەوە لانكێ
پۆل پۆل دەچن بۆ ناو ڕەزان لانكێ
تیپی چاو ڕەش كوڵمە سورن لانكێ





## هۆنراوەکانی ئەلبومی بگەڕێوە ٢٠٠٠

**بگەڕێوە**..(ئاواز و دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: شاڵاو)

**سەرچۆپی**..(ئاواز و دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: شاڵاو)

**کیژە هەولێری**..(ئاواز و دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: شاڵاو)

**چەندە جوانی**..(ئاواز:نەجمەدین ئاوارە/ دابەشکردن: زەکەریا هۆنراوە: شێرزاد ئەنوەر)

**خەلەتاندت ئەم دڵە**..(ئاواز و هۆنراوە: ئارام / دابەشکردن: زەکەریا)

**ئەمانێ**..(ئاواز و هۆنراوە: فۆلکلۆر/ دابەشکردن: زەکەریا)

**نەمزانی چۆن خۆشم ویستی**..(ئاواز و دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: حەسیب قەرەداغی)

**وەلا تە ناگرم**..(ئاواز و هۆنراوە: فۆلکلۆر/ دابەشکردن: زەکەریا)

**هەواری دڵداری**..(ئاواز: گەیلان ئاوارە/ دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: سەرکەوت رەسول)

## بگەڕێوە..

بگەڕێوە بۆ کوێ دەڕۆی
لە کوێ هەوارت هەڵدەدەی
لە ئامێزی من بترازێی
لە هەر کوێ بی پەناهەندەی

بگەڕێوە نەوەک ئیتر لە باخی دڵم هەڵوەری
بگەڕێوە ژیان لێرە نەبادە مردن بێتەڕێ

ماوەییێکە ڕازی دڵم بەتۆ نەبێ ناکرێتەوە
بەسەرهاتی ئیشقی ئێمە تا دونیایە نابڕێتەوە

بگەڕێوە چیدی ئاهو هەناسەی من با نەتگرێ
بێرەوە تۆ نەوەک ئیتر لە باخی دڵم هەڵوەری

شەوان لەگەل یادگاری تۆ سەردەخەمە نامورادی
تا ئەو ساتەی دەدبینمەوە نازانم لە کوێیە شادی
بگەڕێوە ژیان لێرە نەبادە مردن بێتە ڕێی

### سەرچۆپی..

سەرچۆپی جێگای یارکە با سەرچۆپی بکێشێ
هەر کەسێ هەڵناپەڕێ با بەدەستی ڕایکێشێ
دەستی یارم گوڵاوە بازنگی تێ داناوە
سەر پەنجانی ئاوریشمە ئەمڕۆ لە خەنەی ناوە

دەستی یارم هەنگوینە زوڵفی لەڕو چین چینە
لەبۆ دەردی غەریبی دەرمانی دڵ و ژینە
یارم وا هاتە شایی بە خۆ و زولفی تاتایی
سینگ و مەمکی بێستانە دەگرێ هەناری خوایی

سەرچۆپی جێگای یارکە با سەرچۆپی بکێشێ
هەر کەسێ هەڵناپەڕێ با بەدەستی ڕایکێشێ
دەستی یارم گوڵاوە بازنگی تێ داناوە
سەر پەنجانی ئاوریشمە ئەمۆ لە خەنەی ناوە

ناز و نیگای تیلەی چاوی زولف و ئەگریجەی خاوی
شێت و دێوانەی کردووم تا دەمرم لە پێناوی
وەرە ئەی یاری بەناز شۆخی یاری بێ نیاز
سەرچۆپی بۆخۆت بگرە بمانخەوە ناو ئاواز

سەرچۆپی جێگای یارکە با سەرچۆپی بکێشێ

هەر کەسێ هەڵناپەڕێ با بەدەستی ڕایکێشێ

دەستی یارم گوڵاوە بازنگی تێ داناوە

سەر پەنجانی ئاوریشمە ئەمۆ لە خەنەی ناوە

## کیژە هەولێری..

ئەی خاتو بێری کیژە هەولێری
ئەی خاتو بێری شۆخی هەولێری
هەر وەک نێرگزی یان گوڵی کنێری
دەوەرە پێشێ دڵم لێت نێشێ
تۆ کچە شێخ و منی دەروێشێ

دەڕۆم بەڕێوە بۆلای یاراوە
فرمێسک لە چاوم دێتە خواراوە
ئەی خاتو بێری شۆخی هەولێری
هەر وەک نێرگزی یان گوڵی کنێری

لە تاو دوری یار مات و شێواوم
دڵ تەنگ و پەشێو خەندە تۆراوم
ئەی خاتو بێری شۆخی هەولێری
هەر وەک نێرگزی یان گوڵی کنێری





## چەندە جوانی..

چەندە جوانی چەند هێمنی
خەم ڕەوێنی ڕوو گوڵشەنی
شۆخ و قەشەنگی شەرمنی
بۆیە خۆشەویستی منی

خێلەساتی ئەوینی دڵ بەرەو ئاوارەیی ڕۆیی
وا بەجێمام دڵی پێکام بومە کوشتەی تیری خۆیی
هەناسە سارد و دڵ بریندار لە باوەشی تاریکی شەو
چاوەڕێمە بەلکوو بێیتوو لە سەر سینەت بمخەیتە خەو

نەو نێرگزی ئەم سالەمان گلەیی لە بەختی دەکا
دەلێ کوانێ بلۆێری شوان تا بە ئاواز خەمم دەرکا
کوانێ بێری کوا ژوانی ئەی قاسپەی کەو لەسەر کانی
بۆ خڕەی چەم بە بێ نازە بولبوڵ ماتە و دیلی ڕازە

## خەڵەتاندت ئەم دڵەم..

خەڵەتاندت ئەم دڵەم بە نیگای ئەو چاوانە
بە بژانگی نەخشینت منت کردوە دێوانە
کە تۆ سەیری ڕۆژت کرد ئەویش زوبو شەرمەزار
نیگای چاوانی تۆیە تیشکی ئەوی زوو بەزاند

کە تۆ لای ئێوارە لە ماڵێ دێیتە دەر
بۆیە ئەویش وا بەپەلە ئاوا خۆی دەکا حەشار
گەر بەیانی تۆ زوتر هەوار هەلەخو هەلبستی
بزانە من چیم ئەوێ جێگار ڕۆژگار تۆ ئاگری

خەڵەتاندت ئەم دڵەم بە نیگای ئەو چاوانە
بە بژانگی نەخشینت منت کردوە دێوانە
کە تۆ سەیری ڕۆژت کرد ئەویش زوبو شەرمەزار
نیگای چاوانی تۆیە تیشکی ئەوی زوو بەزاند

# Emanê..

Emanê emanê eman neman
Çiyakî dagirtîn miju duman
Ser barê kize halê meye man
Xayne feleka xirap zeman

Çawit reşom kildarî yar eman
Biskit lûs badayî yar eman
Ew çuye pay gid yarê yar eman
Xayne feleka xirap zeman

Em diçin em diçin ser zozan
Em kuştin em kuştin gul govan
Çi xoşe ci xoşe halê ye man

Emanê emanê eman neman
Çiyakî dagirtîn miju duman
Ser barê kize halê meye man
Xayne feleka xirap zeman

نازانم چۆن خۆشم ویستی..

نازانم چۆن خۆشم ویستی
تا ئەوپەڕی خۆشەویستی
خولیای ئەشقت هەموو شەوێ
فرمێسکی تازەی لێم دەوێ

لە هەر کوێ بم خۆشم دەوێی لەهەر کوێ بی بیرت دەکەم
ئەو جێگایەی تۆی لێ نەبی بۆنی غەریبی لێ دەکەم

نازانم چۆن خۆشم ویستی
تا ئەوپەڕی خۆشەویستی
خولیای ئەشقت هەموو شەوێ
فرمێسکی تازەی لێم دەوێ

## Wela Te Nagirim..

Wala te nagirim daye te nastînim
Babo te nagirim bîla te nastînim
Derdê hewyê wela nakşînim

Jina wî çare bê dost û yare
Wela te nagirim berxo te nastînim
Daye te nagirim babo te nastînim
Wela te nagrim daye te nastînim
Babo te nagirim bîla te nastînim
Derdê hewyê wela nakşînim

Jina dû dûye çavî wî birçîye
Wela te nagirim berxo te nastînim
Daye te nagirim babo te nastînim
Wela te nagrim daye te nastînim
Babo te nagirim bîla te nastînim
Derdê hewî yê wela nakşînim

## هەواری دڵداری..

ڕوخا هەواری دوێنێی دڵداری
نەما هەناسەی یاد و یادگاری
بەدەستت شکاند ئەم بتە جوانە
درەنگ بوو زانیت هەڵەبوی گیانە
وای لەمن وای لەمن شکاوە باڵم
فەرهاد ئاسامە و پەشێوە حالم

تۆ چۆنت توانی دڵ بە برینی
ئەم هەموو خوێنەی ئەشق ببینی
چۆنت بەسەر هات هەروات بەسەربێ
نواکەی ڕوحت وا بێ سێبەربێ
ئاخ ئەوینی من دڵداری، نەزمی دونیایە کە تۆش وا گۆڕاوی
یان تەرزەی ئیشقە بێ گۆش کراوی

ئای یاران وای یاران فیراق برینە
مەم بێ مورادە لەم خاتو زینە

مەحزونی داوی ئەم پەری خانەم

دڵی یادێکی ئەم چاوە جوانەم

بەتۆ جوان بوو حومری لاوی من

بۆ کاملا ڕۆیی ئەی هەتاوی من

ئاخ لەتۆ وای لەتۆ تۆی برینی من

تۆی گوڵ و دڕکی باخی ژینی من

## هۆنراوەکانی ئەلبومی دایە

## ٢٠٠١

**دایە**..(ئاواز: زەکەریا/ هۆنراوە: شالاو/ دابەشکردن: شاپۆور)

**بەو بەو**..(ئاواز و دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: سەرکەوت رەسول)

**ڕێبوار**..(ئاواز: نەجمەدین ئاوارە/ دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: سەرکەوت رەسول)

**ئازیز وا نابێ**..(ئاواز و دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: سەرکەوت رەسول)

**ئاگر کەتیە دڵێ من**..(دابەشکردن: زەکەریا/ئاواز و هۆنراوە: بەیتۆجان)

**نازە**..(ئاواز و دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: سەرکەوت رەسول)

**گوڵە گەنم**..(ئاواز: زەکەریا/ دابەشکردن: شاپۆور/ هۆنراوە: سەرکەوت رەسول)

**گوڵ فرۆش**..( ئاواز و دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: سەرکەوت رەسول)

**هەر یادت ماوە**..(ئاواز و دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: سەرکەوت رەسول)

**ها گوڵێ..**(ئاواز و هۆنراوە: مەحەمەد عارف جەزیری/ دابەشکردن: زەکەریا)

**بۆچی هاتی..**(ئاواز: بژار دیلان/ دابەشکردن: شاپۆور/ هۆنراوە: سەرکەوت ڕەسول)

**دووری تۆ..**(ئاواز و دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: سەرکەوت ڕەسول)

دایە ..

دایە گیان دایەی شیرینم
ئەی دایەی ئیشق و ئەوینم
دوور لەتۆ چیم ئەی دایە
چۆن بژیم بێ تۆ لایلایە

کوا لایلایە و دەنگی نەرمت
کوانێ خۆشی کۆشی گەرمت
تاکو ماوم لەم دونیایە
بۆتۆ دەژیم تەنها دایە

ئەگەر دوورم لەتۆ دایە ژیانی من لە مەرگایە
بەلام گیانم وەک پەپولە هەمیشە لەسەر سەرتایە
ڕوحم کڵۆل و برینە جەستەم ئاوارەی زەمینە
تەنیا دەنگێ توخوا دایە ڕزگارم کە لەم هەودایە

لە باوەشی گەرمی تۆدا فێری ئیشقی نشتیمان بووم

ئەو ڕۆژانەی لەتۆ دوور بوم لە ژیانم پەشیمان بووم
هەروەک چرۆی لێوی بەهار ئاوارەبووم بەدەست ڕۆژگار
دەبێ ڕۆژێک بتبینمەوە ئەی دایە گیان دایەی ئازار

بەو بەو..

بەو بەو باوانم بیبیلەی دوو چاوانم
بێ شەرم کچۆلە چۆپی روحی ڕەوانم

ئارەقی وەک شیلە دێ لەسینەو مەمیلە
مەنازە نەرمیلە هەر وەک تازە چەمیلە
چۆپی گەر بۆ تۆبێ تانەم ئاگات لەخۆبێ
گەر بڕوانی لە من نیگات لە ئەمبەر بۆ بێ

تۆ لە دوور دەڕوانی شل شل چەند میهرەبانی
شیرینە زمانی هەروەک کچی سلێمانی
دێ لە هاتو چۆیە دڵی خۆش دەوێت بۆیە
دڵم هەر هی تۆیە کیژی شارەکەی کۆیە

جوانە وەکو بوکێ واتازە هەڵدەتروکێ
پێهەڵدێ بە نوکێ هەروەک کچی کەرکوکێ
لە سینە و بەرۆکێ دەمهێنێتە سەر چۆکێ
کچا دەڤەرا من لە زاخۆ یا دهۆکێ

ڕێبوار..

ڕێبواری ماندوی ڕێی دوورم

کاروانچیمەو ڕادەبورم

شارەکەت دەگرمە باوەش

شەیدای بۆنی گوڵی سورم

وەک مەلی بەر ڕێژنەی خەیاڵ

کۆنی کردومە حومر و ساڵ

هەرچەند دەڕۆم دوایی نایە

دەسا چارەییێک خودایە

ڕێبواری ڕێگای بەهارم

هەلبڕاوی کوشتەی یارم

نامۆمە بە بزەی لێوی

وەک مانگی دیاری نادیارم

دەستم لە پرچی ئەو داوە

دڵم لە لای بەجێ ماوە

سەفەر لەگەل خۆی بردومە

وەک ئاسمانی تەمگرتومە

ئازیز وانابێ..





ئازیز وانابێ ئاشق وانابێ
وەها بێباکبی و مەیلت نەمابێ
کۆچ دەکەی بێ هۆ گوڵت نەمابێ
هەر وەک و بەهار خەزانت وابێ

تۆ بۆ کێ دەبا هەوری جودایی
کێ فێری کردی ژینی تەنیایی
بۆچی ئاخر بۆ ترسی خودایی
لە دڵت نەبێ بۆ ماڵ ئاوایی

بگەڕێوە تا دڵ بەهەستی
بتکات بە ڤینۆس بۆ خۆشەویستی
وەرەوە وەکو هەوری بەهاران
ئازیز تێرت کەم لەجاری جاران

# Agir ketye dilê min..

Agir ketye dilê min xew nakevê çavê min
Çima tû jimin dur ketî bêje rûnya çavê min
Rinda min gewra min çen sale ez hîvya teme
Çend sale ez benda teme

Ew çî ax û nalîne dill şewtî berif bîne
Tu bixatrê Xwê biky ne bêje yarê dîne
Rinda min gewra min çen sale ez hîvya teme
Çend sale ez benda teme

## نازە ..

ئەگەر چی لەتۆ دوورم
نامۆی پشت حەفت سنورم
لەگەڵتام وەک سێبەرت
ڕێبوارم ڕادەبوورم

شەوانە خەونی من تۆی
لەگەڵتام کە خەم ئەخۆی
بە نیگات ئاشنام من
کە بەسەر ڕوحما ئاڕۆی

نازە نازە مەیکە لەسەر دڵم ئەی یار
نازە نازە مەیخەرە سەر باری ئازار

تۆ بڕوانە منی دێوایە بۆچی بۆت دەسوتێم
وێڵم بە دوای ناوێ وڵاتێ گۆرانی بۆ بڵێم

نازی تۆ دەمژیێنێ
دووری تۆ دەمگرییێنێ
نازەنین چاوەکانت
بە ماچێ دەمدوێنێ

بێ دەنگم لێرە بێ ئاواز
بێ سۆزم لێرە بێ ناز
مەگەر تۆ ئاواتم بی
بمدەیەوە دەستی ڕاست

نازە نازە مەیکە لەسەر دڵم ئەی یار
نازە نازە مەیخەرە سەر باری ئازار

## گوڵە گەنم..

گوڵە گەنمە کۆچەریەکەم با بەسبێ و ئیتر واز بێنە
لە یادیشا لە خەم گەڕێ ناوی ئەم باسە مەهێنە
تۆ تاماشای دونیا بکە چەند زوو دەڕوا و چەند گۆڕاوە
تۆ بڕوانە ئاشقان چەند براوە و چەند دۆڕاوە

من ئەم وشە لە کوێ بێنم تا گووناهێ بە ناوی کەم
من ناتوانم کلدانی تۆ هەر دڵێ بێو لە چاوی کەم
کە دەورانی دونیا وابێ کە گۆڕانی لە خۆڕابێ
ئاشق بە گەمەی دەستی خەم ئیشقیش بە کاروان سەرابێ

من دەواری نیشتیمانێکم لە کۆلە بۆ بەس نەبێ
بۆ بەس نەبێ کە ئیشق لە ژێر هەرەس دابێ
ئیشق لە ژێر رەحمی چەقۆ و مەرگی تازەی هەوەس دابێ





## گوڵ فرۆش..

خانمی گوڵ فرۆشم شاگوڵی بیر و هۆشم

تا دونیا نەیکوشتومە با گوڵاوت بنۆشم

خانم دەڕوا بۆ سەفەرێ چیبکەم هەتا منیش بەرێ

ئەو دەست ئەو دەستم پێ دەکا دەڕوا و نانێرێ خەبەرێ

لە پەرچەمی زەنگوڵ زەنگوڵ دەیرژێنێ گوڵاو بە کول

هەردەم دەمی ناز و جوانی منی بردوو بە کول بە کول

خانم توخوا لێمان گەڕێ کۆچت بەرەو مەرگم بەرێ

لە لەنجەت گوڵ دەبارێ وا دەمکوژێ بە جارێ

خەزان لە دڵی داوم دەگری بۆ بەهارێ

گوڵ فرۆش باخی کێیە گوڵی تۆ خۆتی لێیە

باخەوان قوربانت بێ هەردەم چاوم لە ڕێیە

## هەر یادت ماوە..

بۆ هێشتت ببم بە خۆشەویستت

کە جێت دەهێشتم بەبێ هۆی ویستت

تۆ نەت دەزانی بەهاریش دەبەی

دڵم بە جارێ بێ لانە دەکەی

برینێکی وات لە دڵم کردەوە

تا شادی ئەوسات لەبیر بردمەوە

هەر یادت ماوە یادت ژیانە

لە یادنامەی من شیرینی گیانە

دونیاش هەر بە تۆ قەشەنگ و جوانە

ئاخ چەند جوانە

**کە تۆ ڕۆیشتی من چیم بەسەر هات**

**ئیشق وا یاری خۆیم پێ دەکات**

**ژیان لە دوای تۆ چی بەبەر ماوە**

**کۆشکی ئەوینت کرد بە کەلاوە**

**بۆ هەر لا بچم یادگاریت ماوە**

**هەر خەم و تاسە بوو بە پاشماوە**

# Ha gulê..

Diwerin gula biçînin
Ha gulê ha gulê ha gula min
Avê li beliga bireşînin
Ava mala bireşînin
Keyfa xo bi gulê bibînin
Diwerin gulê bibînin
Ava hewda biçînin
Bû wan gulêt sor û zer
Xemêt xo birevînin
Dizeverîn ji xerîbiya
Çîn nav mêrg û kanya
Seyrangahêt Solavê
Dikeyn keyf û xoşiya
Min gulêk çanid ji xora
Deng zeda ji hemê dera
Wan bê bexta ji min stand
Roja min bire ava

**بۆچی هاتی..**

**بۆچی هاتی تا بزانی کە من چۆنم**

**هاتوی دوودڵ گوایە راگۆرەکەی کۆنم**

**بۆچی هاتوی لەم غوربەتە چیت لێم دەوێ**

**هاتوی رارای کەسێکی ترم خۆش دەوێ**

**لێم دوربە تۆ شەونمێ بووی گوڵت جێ هێشت**

**فرمێسک و خوێنی زۆریشت بە چاوم ڕێشت**

**ئەوەی جارێ دڕکی ئەشقی بە دڵ داچێ**

**بە لای بابوو گوڵ وجونیشی داناچێ**

**بۆچی هاتوی تا زامی کۆن بکولێتەوە**

**هاتوی دیسان دڵ لە تاوێ بتلێتەوە**

**دوو بەهارە لە تۆ ونم لە من ونی**

**دوو بەهارە من بێ تۆمە تۆش بێ منی**

دوری تۆ..

دووری تۆ گیانە ژانە شەوانە سوتانە

بێ تۆیش روو لە ڕوخانە ئەزیزم بیزانە

بە چاوی ئاشق لە من بنۆڕە لە پای چی گیانە ئەم ئیشقە زۆرە

چۆن دڵت توانی وا بە ئاسانی لەبیری بکەی فرمێسکەکانی

تەنیا تۆی خۆشەویستم

بە بادەی تۆیە مەستم

تۆی گوڵالەی مەبەستم هەر تۆی هەلبەستم

دەست بدە دەستم

بێ بەهار لە ژین بێ یەک بین بۆ برین هەر بگرین

با یەک بین ئەی هاوژین تا و ژین هەلبگرین

نەوەک ئێستاکە ئەم ئیشقە پاکە کوشتەی دڵێکی بایی و بێباکە

## هۆنراوەکانی ئەلبومی ڕۆژگار٢٠٠٢

**ڕۆژگار**..(ئاواز و دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: شاڵاو/ ئامادەکردن: شاپۆور)

**نەتبینم**..(ئاواز و دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: جەبار حەبیب/ ئامادەکردن: چنار تەپەچیک)

**بۆچی**..(ئاواز و دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە شاڵاو/ ئامادەکردن: شاپۆور)

**دیلانە**..(ئاواز و دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: ئەدیب چەلکی و کاردۆ برادۆستی)

**هەڵپەڕکێ**..(ئاواز و دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: جەبار حەبیب/ ئامادەکردن: چنار تەپەچیک)

**بەسەرهاتی**..(ئاواز و دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: شاڵاو/ ئامادەکردن: شاپۆور)

**سوهام**..(ئاواز: فۆلکلۆر/ دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: ئەدیب چالاک/ ئامادەکردن: چنار تەپەچیک)

**یاران**..(ئاواز: فۆلکلۆر/ هۆنراوە: ئیسماعیل خورمالی/ ئامادەکردن و دابەشکردن: شاپۆور)

**گوڵاڵە** ..(ئاواز و دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: عەبدوڵڕەحمان بێلاف/ ئامادەکردن: شاپۆور)

**تو نازا نەکە** ..(ئاواز و دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: کاردۆ برادۆستی/ ئامادەکردن: چنار تەپەچیک)

**وەرەوە** ..(ئاوز و هۆنراوە: زەکەریا/ هۆنراوە: شاڵاو/ ئامادەکردن: شاپۆور)

**گوڵێ** ..(ئاواز و دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: زەکەریا/ ئامادەکردن: شاپۆور)

**ساڵانا** ..(ئاواز و هۆنراوە: فۆلکلۆر/ دابەشکردن: زەکەریا/ ئامادەکردن: شەریف قەیران)

**تاکەی** ..(ئاواز و دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: جەبار حەبیب/ ئامادەکردن: شاپۆور)

**کوردستان** ..(ئاواز و دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: ئیسماعیل خورمەلی و ئەدیب چەلکی)

**ڕۆژگار..**

**رۆژگاری بەختم تاکەی هەر وایە**

**من و دڵداری لە یەک جودایە**

**خودایە تاکەی حالی من وابێ**

**هەموو ژیانم هەر بە تەنهابێ**

**سەران سەر دونیا حالم دەزانێ**

**کەس چارەی دەردی دڵم نازانێ**

**تەمەن سەرتاپای گەڵا وەرین بوو**

**هەر زامی سەخت و هەر دڵ برین بوو**

**خۆ تۆ دەزانی چەند دڵ سوتاوم**

**بە دوای ئیشقی تۆ بێ هیوا ماوم**

**ئیتر بۆچی تۆش وازم لێ دێنی**

**وەک گوڵی بەهار ئیشقم دەمرێن**

نەتبینم..

نەتبینم رۆژێ ماڵم وێرانە

نەتبینم رۆژێ شار بیابانە

شەقام کز و مات گەڵاڕێزانە

نەتبینم رۆژێ ئاگر بارانە

نەتبینم، گەر رۆژێ نەتبینم

بێزارم، مەرگی خۆم دەبینم

بنێرە بنێرە، لەم عەتر و شلێرە

لە رەیحانەی زوڵفت، بۆمیان هەڵبژێرە

کە من دووربم لە گوڵ، جا چۆن بژیم لێرە؟

بۆچی..

بۆچی بە تەنها لێرە جێت هێشتم

چیرۆکی ئیشقی لاویت پێ نێشتم

دیارە نازانی گوڵم وا نابێ

نە ئیشق وایە و وەفاش وا نابێ

کە تۆ جێت هێشتم گوڵم چرۆ بوو

ئاخر ئیشقی تۆ هەمووی درۆ بوو

ئیشقم چوو دڵم چوو

رۆژگارم بەسەر چوو

چاوەڕێی بەهار بووم

قەت نەمدی و بەسەر چوو

دڵێک ئاشق بێت هەر دەناڵێنێت

دڵی تۆ بەردە دڵم دەشکێنێت

نە تۆ ئاشقی، نە ئیشقیش وایە

خۆشەویستی من بەبێ پەروایە

نەمزانی ئەتۆش دەڕۆی بە وێڵی

وا بە جارێ تۆش بەجێم دێڵی

# Dîlana..

Dîlana me rengîne
Tevda xurt û zêrîne
Dema min temaşa kird
Yara min nav da nine

Dîlana banî berme
Pir kêferat û germe
Dema min yar nedîtî
Agir barî li serme

Çaxê yarê dibînim
Heyrana disitrînim
Li govend û dîlana
Aşiq har û dînim

Xurt û werin dîlanê
Zeyro werin dîlanê
Were revşa govendê
Were destê min care

## هەڵپەڕکێ..

هەڵپەڕکێ گەرمە، شایی یە هەرایە

کچ و کوڕ تێکەڵ بەزمە و سەمایە

هەر کەس بۆ دۆستی پەیمان دەبەستی

شان لە شان دەخشێ دەستێک ئاڵایە

نازدار و بێری، شیرین و دوڵبەر

مەریەم و مەلەک ئەستێرە و گەوهەر

سەرچۆپی گرن خانم و دوڵبەر

ئەمڕۆ لە گەڕەک شایی یە، سەمایە

زڕەی بازن و دەنگی گۆبەرە

هاواری شاباش سەدای لەو بەرە

نازێ بە چاوان پێن دەڵێ وەرە

بریا سەد بریا ئەو بۆ من بوایە

هەڵپەڕن دەی دەی بەشان هەر بەشان

مەمکۆلەی ناسک با بێتە هەژان

شۆخێکی جوانم کردوە بە نیشان

جوانی وا نیە وەک پەری وایە

**بەسەرهاتی..**

**بەسەرهاتی دڵداری**

**بۆتە باسی ئەم شارە**

**هەموو خەڵک دەیزانێ**

**بێوەفا بوی ئەم جارە**

**دڵی منیش مشتێکا**

**توانای ئازارت ناکا**

**خۆشم لێرە ئاوارەم**

**وازم لێ بێنی چاکە**

**گریان لە گیانی من دا**

لە دوای تۆ وەک بارانە

دەزانم ڕۆژێک دەمرم

هەر بە ئەو ئیشقەی جارانە

ئیشقی من داستانێک بوو

هەموو کەسێک پێی زانی

کەچی تۆ خستە ژێر پێت

منیش بوم بە قوربانی

## Suham..

Eman neman neman suham
Ema tu çuy wez xeribmam

Ew jîwanim heyam heyam
Şew û roja li benda temam
Poste reben maye wala
Na wene hatin na peyam

Li nêv baxan tuşah gulbuy
Li ser çavan tu reşkilbuy
Li şev zengê bo agire herê helbuy

Xem û kowana di helgirim
Ji derde te eze dimrim
Bê silav û xatir xivastim
Îro tu çuy te ji bir kirim

\

**یاران..**

**لە ژێر زەردەو نوری مەغریب دا دەگریم دیسان**

**لە ناو بەفری بەرە بەیاندا دەگریم دیسان**

**من دەگریم و دەزانم ئەو چەند پیرۆزە**

**بۆ خەمی من باوەشی ئەو چەند بە سۆزە**

**ئیتر یاران لێمگەڕێن با ئەمشەو شینی ئەشق بکەم**

**بۆ ئەم سۆزە مانگی قەلەم چرۆی وشە بەڕێ بکەم**

**ئەمشەو جەژنی شیعر و بەدمەستی منە یاران**

**شەوی بەختە و رەهێڵەی ئیشقە ئەم شەو یاران**

**تۆ تەماشای کچانی شار بە چرپەوە**

**بە خرێوەی هەزار نازی سەرە رێوە**

**چۆن وەکو مەل پۆلا و پۆلی سەر چنارن دێن و دەچن**

**قاتاری گوڵ چەمی رەنگن چرۆی سەوزن دێن و دەچن**

## گوڵاڵە..

ئاوازێکی نامۆیە

ئەو گوڵاڵە بۆچی دەوەرێ

ئەوە دەستی پایزە خەزانە

شنە بای ئاشقان لە کێ بەرەو کێ بەرێ

بەهاری شۆخە چاو بە گریانە

چرا خامۆشە لەگەل ئاوازی سوتانی دڵ

دەرونم پڕ هاوارە

لەگەل ئاوازی بە کوڵ

دەبێ چی بکەم خودایە؟

هەر مەرگی ئیشقە بۆتە سەرمایە

مرۆڤ خەونێکە ژیان دەریایە

بەهار رۆیی تێپەڕی

بۆ نابینم بزەی لێوی ئاڵ

بۆچی ناپیشکێ زەردەخەنە

لە نەشەی مەستی ئاسمانی رونی دەروازەی خەیاڵ

دڵخۆشم بە ئاسمانی ساماڵ

رێگای هەوراز و لێژە ئەم ئیشقە پر خەفەتە

بۆ خەلکی وزەی ئاوە بۆ منیش هەر نەهاتە

## Tu naza neke..

Tu naza neke delalê nazenînê
Bejin zirave esmerê xiwên şîrînê
Destê min bigre mevhema ser birînê

Rindê berxê siterka geşa asmanê
Narê kulê dêmke viyat zozanê
Tu bo min jînî tu gul nesrînî
Be bejna zirav tu xot hejinî
Avirê çawa min dexapînî

Bote ez dînim her dinallînim
Dê carêk were da te bibînim
Ji ber duryate bê dîn dînim
Pîştête canê kes nahebînim

Gewrey xezalê şîrine şepalê
Dildarê teme welah delalê

وەرەوە..

وەک و دەریا شەپۆڵ دەدەم

بە گریانم هەراسانم

بە چواردەورم گێژە دەخۆم

چی بەسەر هات دەزگیرانم؟

دەزگیرانم وەکو پەری لە کەناری خۆرئاوا بوو

بەبێ بزەی ماڵئاوایی لە دەستم دەرچو پێشوو

ئەو رۆژانەی بەیەکەوە پەرەی گوڵمان هەڵدەوەراند

ئەو ساتانەی لە لێوی یەک ماچی بەهاریمان دەچاند

وەرەوە، وەرەوە دەردی دڵ چارەکەین

دەردی دڵ گرانە با ئیتر چارەیکەین

با ئیتر نەسوتێین هەردوکمان تاکو هەین

وەرەوە لە غەریبی، وەرەوە

بگەڕێوە تاکو دەستی باخچە و بەهار لێرە بگرین

بگەڕێوە لە غەریبی با چیتر بۆ یەکتر نەگرین

ئێستا ئێرە وشکە بۆ من وەکو وەرزی گەڵا وەرن

ئێستا پێکی پەشیمانی دەنۆشم لە داخی ئەوین

ئەو رۆژانەی بەیەکەوە پەرەی گوڵمان هەڵدەوەراند

ئەو ساتانەی لە لێوی یەک ماچی بەهاریمان دەچاند

وەرەوە، وەرەوە دەردی دڵ چارەکەین

دەردی دڵ گرانە با ئیتر چارەیکەین

با ئیتر نەسوتێین هەردوکمان تاکو هەین

وەرەوە لە غەریبی، وەرەوە

# گوڵێ..

دوێنێ وەختی ئێواری

کە دیم گوڵاو دەبارێ

نەمزانی یاری خۆمە

بەناز دەڕوا بە جارێ

گوڵیش لە راست تۆ وایە

شەرمەزار و رسوایە

تۆ گوڵی تۆ گوڵاوی

بۆنی گوڵ هەر لە تۆ دایە

تاو تاو زوڵفت سەر شان پەخشانە

جوانی تۆ نەنیا هی کچی کوردانە

ئەرێ گوڵێ چاو بە کلێ

بەو چاوانەی بازت بلێ

گەر لەبەر منیش نەبێ

کەمێ لە خوا بکا سڵێ

ئاشقم روو لە دەشتم

من شێتی چاوی گەشتم

باوەش و ئەگریجەی تۆ

لە من بۆتا بەهەشتم

ئەزیزم گوڵی ژالە

بەژنت دەڵێی شمشاڵە

منیش وێڵ و ئاوارەم

بێ تۆ ژیانم تاڵە

## Sallana..

Sallana sallana meçe serawe
Yixan miş esbabim raxe bertawe
Bîr opucûk îsterem lê lê
Xêra dew babê
Yabanci de gîlem pismamêteme
Dibêji nabej hevalêtane

Sallana sallana tujweda hatî
Aşkim ateşî rinde dilêmin ketî
Soz vermiştin dilber dilber
Çima nahatî
Yabanci de gîlem pismamêteme
Dibêji nabej hevalêtane

## تاکەی..

تاکەی بناڵم بۆ تۆ گیانە تاکەی بسوتێم

ئەی بڕیارت وانەبوو فەرموت من ڕۆژێ هەر دێم

زستان وا ڕۆیی بەهاریش هات تۆ هەر نەهاتی

ژەهری تاڵی چاوەڕوانیت دامێ تۆ لە جیاتی

ئەی تۆ خۆت نازانی دەردی چاوەڕوانی

تا چەند بە ئازارە دڕک و ئێش و ژانی

گیانە بۆ نەهاتی ئازیز بۆ نەهاتی

نەتپرسی هەواڵم ئێش و مەرگەساتی

شەو نیە ئەگەر جارێ خەونت پێوە نەبینم

وا دەزانم لە باوەشم دای لەسەر سەرینم

کە چاو هەڵدێنم گیانە باڵای بەرزت نابینم

دووبارە دەمسوتێنێ دەرد و زامی ئەوینم

گیانەکەم زوو وەرە نازدارەکەم زوو وەرە

بەس جارێ بتبینم گیانم بۆ خۆت بەرە





کوردستان..

گوێت بنێ بە کێڵ و قەبری شەهیدەوە هاوار ئەکا

گوێت بنێ بە دۆڵ و سینەی چیاتەوە هاوار ئەکا

هەر هەموومان لە سەنگەری پێشەوەداین ئەی کوردستان

لەڕێت تۆ دا هەر لە ڕیزی پێشەوەداین ئەی کوردستان

ژیانی تۆ ئازادی تۆ یەکسانە بە مەرگی ئێمە

کوردستان کوردستان

چۆن دەنەوێی کە بابان و بادینانت لەگەڵتایە

خەڵک و هۆزی لای قامشلی و ماردینەکەت لەگەڵتایە

چۆن دەنەوێی عەفرین و مەهابادت لەگەڵتایە

دار و بەردی گەرمیان و هەولێرەکەت لەگەڵتایە

کوردستان کوردستان

سوێند بە نەورۆز بە ڕاپەڕین سوێند بە مێژووی سەدانساڵە

سوێند بە ڕووباری کۆچ و خوێنا بە ئازادی سەدان ساڵە

لە یاد ناچی ئەی کوردستان هەمیشە تۆ لە دڵمانای

وەک هەناسە لە لە گەرودایە هەمیشە تۆ لە بونمانای

خەم نەتگرێ لێ ناگەڕێین ئەم بەهارەت بسوتێنن

جارێکیتر دڵی سەدان دایکی شهید ببرژێنن

کوردستان کوردستان

سەر هەڵبڕە وا ڕەشەبای خەنجەری کورد دونیای تەنی

ڕۆڵەکانت هەر وەک هەڵۆ وا سنوری دونیای تەنی

ئیتر بلێ ئەی کوردستان دەستێوەردان چۆن زات ئەکا

دەم و لێوی پێکەنین و ژیانی تۆ قوفل بکا

ژیانی تۆ ئازادی تۆ یەکسانە بە مەرگی ئێمە

## هۆنراوەکانی ئەلبومی تێلینازی٢٠٠٤

**تێليناز**..(ئاواز و دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: ئەدیب چەلکی/ ئامادەکردن: چنار تەپەچیک)

**بۆ پەشیمانی**..(ئاواز و دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: شاڵاو/ ئامادەکردن: چنار تەپەچیک)

**ژیان بێ تۆ**..(ئاواز و دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: شاڵاو/ ئامادەکردن: چنار تەپەچیک)

**شاهژنا ڕۆژهەلاتێ**..(ئاواز و دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: ئەدیب چەلکی/ ئامادەکردن: چنار تەپەچیک)

**لە دوو دڵیت واز بێنە**..(ئاواز و دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: جەبار حەبیب/ ئامادەکردن: چنار تەپەچیک)

**وارێ ئەسمەر**..(ئاواز و دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: ئەدیب چەلکی/ ئامادەکردن: چنار تەپەچیک)

**چۆن وانابێ**..(ئاواز و دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: جەبار حەبیب/ ئامادەکردن: چنار تەپەچیک)





**وارێ من..**(ئاواز: زاهیر بریفکانی/ دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: عەبدولرەحمان حاجی/ ئامادەکردن: چنار تەپەچیک)

**تۆم ناوێ..**(ئاواز و دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: جەبار حەبیب/ ئامادەکردن: چنار تەپەچیک)

**مەیلی ولات..**(ئاواز و دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: ئیسماعیل خورمەلی/ ئامادەکردن: چنار تەپەچیک)

**وەرە ساقی..**(ئاواز و دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: جەبار حەبیب/ ئامادەکردن: چنار تەپەچیک)

**ئاگری ئیشق..**(ئاواز و دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: سەرکەوت رەسول/ ئامادەکردن: چنار تەپەچیک)

**وەرە سەمایە..**(ئاواز و دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: شالاو/ ئامادەکردن: چنار تەپەچیک)

**شڤانێ گارێ..**(ئاواز و دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: ئەدیب چەلکی/ ئامادەکردن: چنار تەپەچیک)

**سەرگەردانی..**(ئاواز و دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: جەبار حەبیب/ ئامادەکردن: چنار تەپەچیک)

## Têlînaz..

Şîrînpeyv î, hingivîn î
Hêvî û awazevîn î

Berî bi çaw te bibînim
Ez ji te ra har û dîn im

Şilan û gula baxan î
kêş tirazya peyvan î

Kengî dê hême wan rwîyan
Lêvxemrîyan, cût hirmiyan

Têlînaz Têlînaz Têlînaz
Têlînaz gerdengaz
Têlînaz Têlînaz Têlînaz
Têlînaz vin û raz

**بۆ پەشیمانی..**

**بۆ پەشیمانی تۆ لە دڵداری**
**دەبێ بیچێژی ئێش و ئازاری**
**کەتۆ دڵت دا و دڵێکت ئێستاند**
**زۆر دڵنیابە دوو دڵت سوتاند**
**ئێستا لەپای چی لە خوا ناترسی**
**بەزەیت نایێت بە خۆشەویستی**

**تۆ پەشیمانی هەر پەشیمان بە**
**چاو بە فرمێسک و دڵ بە گریانبە**
**تاکو ئەو ڕۆژەی دەگەڕێیتاوە**
**شێت و سوتاوی ئەشقی جاران بە**

**باوەشی ئیشقی من کراوایە**
**بۆ ڕۆژەکانی یەکتر پەرستی**
**بەهار بەبێ گوڵ ڕەنگی نانوێنی**
**ژیان پایزە بەبێ خۆشەویستی**

## ژیان بێ تۆ..

بێ تۆیی ڕوخاوە لانەی ئیشق و وەفایم
تا کەی بنالم ئەی ئەزیزەم، ئەی هەناسەم
بۆ دڵەی پڕ ئیشق و تاسەم

ژیان بێ تۆ نەماوە، ژوان چۆڵ و ڕوخاوە
بێ تۆیی نەماوە خەونی بەهار و جوانی
ژیان بێ تۆ نەماوە، هاوار بۆتۆ خودایە
!چی لێهات، چی لێهات، ئیشقی ئێمە چی لێهات؟
بێ تۆیی ڕژاوە لە چاوم ئیشقی خوێنی
خۆشەویستی و وەفایی لای تۆ چیرۆکی سوتاوە
لای تۆ هیچ باوی نەماوە
بێ تۆ شکاوە دڵەی پڕ زام و برین

## Şahjina rojhilatê..

Hay Lê rindê,  lê rindê
Bejna zirav bilindê
Rewşa bajar û gunde

J`Eyntab û Diyarbekir
Rindê pora xw şe kir
Tilisma îşqê vekir

J`Elezîz û Dersimê
Çaw reşê demgenînê
Ez kuştim vê xanimê

Rindê Silêmanî ye
Firişta asmanî ye
Dilbera vi canî ye

J`Dihoka Behdîna ne
Pir heybet û giran e
Şehbanoya jinan e

J`Kerkûka babagurgur
Singê wê mercan û dur
Agirê îşqê helkir

J`Hewlêr û Hawdîyan e
Nazenîn u viyan e
Taca serê jinan e

J`Hesek,  Qamişlî Efrîn
Dêmnebat û hingvîn
Ew e sultan û evîn

J`Urde û Adiyemanê
Sernex,  Cizir Batmanê
Şehzadeya cihane

Sine û kermanşahî ye
Heyva şeva sahî ye
Tirîfe û ronahî ye

**لە دوو دڵیت واز بێنە..**

ئەگەر تۆ وەفاداری
ئەگەر بەڕاستی یاری
پەیمانی ڕاستیم بدێ
یا مەرگی بە یەکجاری

لە دوو دڵیت واز بێنە
جارێ وەفات بنوێنە
دڵ هاواری بۆت هێنا
نەهاتی بە هاواری

تالێ لە زولفت نادەم بە شارێ
ئاشقی تۆمە، نەتپرسی جارێ
ناتوانم بێ تۆ گیانە ناتوانم
بێ مەیلی تۆیە ئازاری گیانم

با بەسبی ئەم ژیانە
ژیانی مەرگ و ژانە
خۆشەویستیت سوتانە
سوتاوم بە ئازاری

## Were Esmer..

Şoreş û berxwedan e
Xebat û serhildan e
Li başûrê welatî
Şerê man û nemane

Mizgînî hatin xelat
Roja me Kurdan helat
Li duwazdehê Nisanê
Rizgar bû parçek welat

Pêşmerge Kurdistanê
Rijiyane nêv meydanê
Navê wan çû dîrokê
Deng vedaye li cîhanê

Kerkûk, Musil û Zimmar
Şêxan, Mexmûr û Şingar
Xaniqîn û Mendelî
Li wan pîroz bît buhar

Mijde bo Kurdan heman
Zorî û bindestî neman
Aşê dijminan herift
Wergerin çerx û zeman

Bilind kin ala Kurdan
Azad biye nîştiman
Evro bo Kerkûk û Musil
Sibe Amed û Bokan

Dê wernê wernê wernê Wernê dîlanê
esmer
Dê wernê wernê wernê
Werne govendê dilber

Dê wernê wernê wernê
Werne şoreşê leşker Dê wernê wernê
wernê
Ala kesk û sor û zer

## چۆن وانابێ..

چۆن وانابێ، چۆن وانابێ
دڵم ئەشقی جوانیت نابێ
لە چاوی من هێندە جوانی
نابێ هیچ جوانی وا هەبێ
چاوەکانت لە کڵ ناوە
ناز دەفرۆشی بەو دوو چاوە
ئەڵێن مەیلی بە من داوە
دوحا ئەکەم خۆزگە وابێ

چۆن وانابێ، وا نابێ لە ئاستی جوانێ
دڵ بەزێنە ڕفێنە کاتێ ئەڕوانێ

تیرێکی وات لە دڵ داوە
هەر ڕۆژ مەیلم بۆ زیا ئەبێ
بە وشەی ناز و پەیمانت
دەمبەی بەرەو دونیای جوانیت
شیرینە وەک لێوەکانت
هەر وشەییێک لای تۆوە بێت

## Warê Min..

Pêkenîna dost û yara
Xumxuma ava riwî bara
Dengê kewa li zinara
Awazên te ne,  warê min

Tev teşîrês û bêrîvan
Pale û cutyar û şivan
Tim dê bo te bin zêrevan
Berê xo bide karê min

Ez im kevir,  ez im çiya
Ez im befir bo têhnîya
Her dê gehime hêvîya
Û paşve çît neyarê min

## تۆم ناوێ..

برۆ ئیتر من تۆم ناوێ
پیرت کردم لە دونیایێ
ڕەنگی بەهاریت نەماوە
بۆنی جارانت لێ نایە

ڕابردووم بەبیر مەهێناوە
زامەکانم پێ ئەکولێنەوە
برۆ چیتر ڕێم لێ مەگرە
برۆ، برۆ دە واز بێنە
ئەو دڵەی دوێنێ ئەتناسی
ئەمڕۆ پڕ لە زام و خوێنە

کە بارگەت تێکنا و ڕۆیشتی
ڕەهێڵە هاتوو دایگرتم
ئامێزێک نەبوو دامپۆشێ
لەم شارە بێکەست کردم

## مەیلی وڵات..

چەند ڕۆژێکە دڵم مەیلی ئێوارانی وڵات دەکا
چاوم مەیلی پیرە قەلا و شنە و ئاوی وڵات دەکا

خۆزگە دەکرا لەسەر باڵی گۆرانیەک من دەهاتمەوە
لە کۆڵانا، لە شەقاما، جارێکیتر من دەخولامەوە

ئەی نیشتیمان قەزای هۆگبەی کوێستانەکەت لە ئێرە خەم
قەزای هۆگبەی گەرمییانەکەت سەد هەزار جار لە ئێرە خەم

چۆلەکەی هەر سەر چلێکت سەد کەناری ئێرە دەهێنێ
شەرم و بزەی هەر شۆخێکت سەد فریشتەی ئێرە دەهێنێ

## وەرە ساقی..

ئەم شەو بێ یارم، ساقی بۆم تێکە
دڵ بریندارم، ساقی بۆم تێکە
سارێژکە زامم ئێش و ئازارم
بگە هاوارم، ساقی بۆم تێکە

ساقی گیانم ئاخ و نالینە
ساقی ساتێ بێزارم لەم ژینە

بۆم تێکە ساقی، لەو بادە جوانە
با بیخۆمەوە دەردم گرانە
دڵم زۆر تەنگە و گەلێ خەمبارم
ئەم شەو بێ دارم، ساقی بۆم تێکە

ژیانم تاڵە، و بادە دەرمانە
چارەی دەردی من لای تۆ ئاسانە
بە بادەی ڕەنگین بکە تیمارم
گەلێ بێزارم ساقی بۆم تێکە

## ئاگری ئیشق..

ئیشق ئەگەر چاوی کز بێ، تا خۆشیشمان ئاگر دەبێ
ئیشق ئەگەر سوتان نەبێ، بەهەشتیشمان ئاگر دەبێ

نامەکانم بسوتێنە، یادگاریشمان ئاگر دەبێ
ئەی ئاگری نێو ئەم سینەم، حەوالەی ناو ئاگر دەبێ
گەر دەتەوێ بمسوتێنی، بە نالەی ناو ئاگر دەبێ
کە مردوم من، وانەکانم زایەلەی ناو ئاگر دەبێ

ئیشق هاتی وەرزی روحە، کە نەهاتی ئاگر دەبێ
هەڵقرچانی تاسەکانی، بەسەرهاتی ئاگر دەبێ
گوڵی دونیات بەناو دەکەم، گوڵدانیشمان ئاگر دەبێ

پەنابردەی هاناهێنم، وا دڵم پڕ ئاگر دەبێ
لە سوتانم خۆت ببینە، تا زوڵم پڕ ئاگر دەبێ
من بسوتێم باخی یادت، بۆ گوڵم پڕ ئاگر دەبێ
بۆ زەبونی حالی فیرقەت، هەتاو هەلبێ ئاگر دەبێ

وەرە سەمایە..





خانم لە دەستم هەڵپەڕە تاوێ
شاییە و کوردی یە هیچ شەرمی پێ ناوێ
بەسە نازکردن وەرە پێش چاوێ
سەرچۆپی بگرە دوو دڵی ناوێ

پەنجەم لە پەنجەی تۆ نابێتەوە
شاییە و ڕەشبەڵەک لێک نابێتەوە
سەمای کچی جوان قەت نابڕێتەوە
بۆنی مێخەکیان لە سینگ دێتەوە

دۆڵ و زۆڕنایە لە پێش ماڵتان دایە
تەنها دەنگی تۆ لەنێو شایی نایە
شاییش بەبێ تۆ هەر وەک نەبێ وایە
وەرە دەی هەڵپەڕە دڵم زۆر شەیدایە

## Şivanê Garê..

Hizir nekey dê lê mînî
Her dê xewna pê ve bînî
Serê Garey her ave ke
Tu warê min naçêrînî

Çi Eskender,  çi Zeynefûn
Berî we li,  vêre peyda bûn
Welatê me lê bû agir
Hemû tevde,  revîn û çûn

Her çê ke bo me pîlana
Dê agehdar kem şivana
Rêwas gaz diket ez û tu
Pêkve naçî çi dîwana

سەرگەردانی..

ڕۆژێ لێم زیزی، ڕۆژێ ئەمدوێنی
پەیمان دەبەستی، پەیمان دەشکێنی
سەرم سوڕماوە من چۆن تێت بگەم
هەر ڕۆژ بە جارێ تۆ خۆت دەنوێنی

وەرە، وەرە، وەرە باوانم پەیمان مەشکێنە
دەبا چیتر خەلکی شار نەلێن پەیمان شکێنە
زوو وەرە ئەم جارە، زیز بونت مەرگی هێنا

دەستم بەرنابێ لەم چاوە جوانە
دڵ لێت تێر نابێ شیرینی گیانە
ڕۆژی زیز بونت ئاگر بارانە
چۆن دڵت دێنی بمسوتێنی

## ئەلبومی گەنجی پیر۲۰۰۷

**درەنگ هاتی**..(ئاواز و دابەشكردن: زەكەریا/ هۆنراوە: سامی ئەرگۆشی/ ئامادەكردن: زەفەر/ كەمان: ئیسماعیل تونچبیلەك)

**گوڵێ**..(ئاواز و دابەشكردن: زەكەریا/ هۆنراوە: سامی ئەرگۆشی/ ئامادەكردن: چنار تەپەچیك)

**كیژێ نەكەی**..(ئاواز و دابەشكردن: زەكەریا/ هۆنراوە: شاڵاو/ ئامادەكردن: چنار تەپەچیك/ كەمان: ئیسماعیل تونچبیلەك)

**من تو ناڤێ**..(ئاواز: تەحسین تەها/ دابەشكردن: زەكەریا/ هۆنراوە: سامی ئەرگۆشی/ ئامادەكردن: چنار تەپەچیك)

**گەنجی پیر**..(ئاواز و دابەشكردن: زەكەریا/ هۆنراوە: سامی ئەرگۆشی/ ئامادەكردن: زافەر/ كەمان: ئیسماعیل تونچبیلەك)

**تۆم دەوێ**..(ئاواز و دابەشكردن: زەكەریا/ هۆنراوە: سامی ئەرگۆشی/ ئامادەكردن: چنار تەپەچیك)

**جارێ دڵ دەدەی**..(ئاواز و دابەشكردن: زەكەریا/ هۆنراوە: شاڵاو/ ئامادەكردن: چنار تەپەچیك/ كەمان: ئیسماعیل تونجبیلەك)

**ڕۆژی بەختم..(ئاواز و دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: سامی ئەرگۆشی/ ئامادەکردن: چنار تەپەچیک)**

**بۆ من بە..(ئاواز و دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: سامی ئەرگۆشی/ ئامادەکردن: چنار تەپەچیک)**

**دەردێ تە..(ئاواز و دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: سامی ئەرگۆشی/ ئامادەکردن: چنار تەپەچیک)**

**ئیشقت..(ئاواز و دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: شاڵاو/ ئامادەکردن:زەفەر/ کەمان: ئیسماعیل تونچبحلەک)**

**چۆن دڵت دێ..(ئاواز و دابەشکردن: زەکەریا/ هۆنراوە: سامی ئەرگۆشی/ ئامادەکردن: چنار تەپەچیک)**

درەنگ هاتی..

بۆچی درەنگ هاتی بۆ بۆ؟!.. هەموو شتێ کۆتایی پێ هات!

بۆچی بە جێت هێشتم بۆ بۆ؟!.. منت دا دەست هات و نەهات!

جارێ لێت نەپرسیم، بۆچی.. ئاخۆ قەدەر بۆ کوێم دەبات؟!

تۆ قەت پێ هیچ نەبوو، نانا.. چارەنوسم بە کوێ دەگای!

لە ناکاو ڕۆیشتی بێدەنگ بێ باکانە

بە تەنیا منت دا بە خەریبی زەمانە

وەک ئەوەی هیچ نەبم توخوا کەی ویژدانە

بێ چارە لە خەمدا دەگریام شەوانە

لێم گەڕێ ئیشقی تۆ دۆڕانە

ڕابردووم لەگەل تۆ وێرانە

هەزار جار تکام کرد.. دڵت قەت نەگۆڕا

هەر ئاوڕت نەداوە و.. جێت هێشتم لە خۆڕا

منی دڵ بریندار.. خوێنم لێ دەچۆڕا

ڕۆیشتی، ئەو ئیشقەت.. شاردەوە لە گۆڕا

ئێستا من کەسێکی کەم

خاوەنی دڵێکی کەم

ئەو بۆ من، من بۆ ئەو هەم

لێم گەڕێ بژیم بێ خەم





## گوڵێ..

من هیچ تێناگەم پرسیاری چاوت.. دڵ دەناڵێنێ گوڵێ لە تاوت
کە بەسەرما دێ بۆنی گوڵاوت.. دەمشێوێنێ وەک زوڵفی شێواوت

کە بۆم دەنێری تۆ بزەی ناکاوت.. بەزەیت نایێ بە منی سوتاوت
ڕۆحم باڵ دەگرێ من بێتە گوێم ناوت.. بەدەست خۆم نیە من کەوتومە داوت

واز بێنە لە ناز تۆ تاکەی.. رەحمێ بە حالم بۆ ناکەی

چاوەڕێم شێتانە، وەستاوم بۆ ماچێ.. تو خواکەی مەهێڵە ئەو ڕەنجەم بەباچێ

دڵ بۆتۆ ناسرەوێ، چاوم قەت ناخەوێ.. دەبا ڕوت دەرکەوێ..تۆم دەوێ..

هیچ شەرمی ناوێ چاوان مەگێڕە.. خەندەی بە نازت بۆ من مەنێرە
ئەو دڵم بۆتۆ لە ئیشقا تێرە.. هەر چاوەڕێتم بۆم وەرە ئێرە

گوڵێ دە وەرە هەر خۆم تەنیام لێرە.. بگرە ئەو دەستەی کە بە
سینەت فێرە
شارم فڕێدا تۆ جارێک بوێرە.. بێنە بمدەرێ تۆ ماچێکی خێرە

گوڵێ تۆم دەوێ من تا هەم.. من دیڵی ئەشقم، تۆ بێ خەم

نا دڵم مەشکێنە، شادم کە تۆ جارێ.. رەحم کە، وەک باران با
سەرما بباریێ

تۆ بۆ من ژیانی.. هەناسەی گیانی.. تۆ خەونی شەوانی.. تۆ جوانی

## کیژێ نەکەی..

کیژێ نەکەی دڵ بشکێنی
واز لە دڵداری بهێنی
ئەشقێکی زۆر دێوانەم
هەردەم لە کوچە و کۆڵانەم
لە دوری تۆ بێکەس ماوم
لە شاری خۆشم بێگانەم

کیژێ ئەگەر دێیت و دەچێ
تکایە زۆرت پێ نەچێ
بۆ هەر کوێیەک دێیت و دەچێ
لەگەڵ تۆ گیانم دەردەچێ

کیژێ فەرموو تۆم خۆشدەوێ
تۆ لە کوێ بی دەمرم لەوێ
بەلام تازە زانیم ئەتۆ
پەیمان دەشکێنی بەبێ هۆ

بێوەفا بوی بەرامبەرم
تۆ هەرچیت وت بوو بە درۆ

کیژێ ئەگەر دوورم لە تۆ
لە چاوانی پڕ ئیشقی تۆ
شەوم تاریک و تەنیایە
ڕۆژیشم قەت لێ هەڵنایە
بۆیە گوڵم دڵ مەشکێنە
پەیامی دڵداری بێنە

# Min tu navê..

Diliber bi salan te ez çav li rê hiştim
Şevên dirêj te hêsir ji çavan riştim
Carek tu nehatî xerîbiyê kuştim
Te hêlam û tenêtiyê ez buhştim

Min tu navê, min tu navê, min tu navê
Ezê te bêlim û herim keç pir hene
Mane hemû keçên me kurdan wekî te ne
Mane hemû zeriyên welatêm mîna te ne

Min hêvî kir, evîndarî weha nabe
Em bên ba hev û dilê me hertim şa be

Mi go diliberam ew qasî nazan meke
Carek were deriyê evînê li min veke

## گەنجی پیر..

وای چەندە ئازارم دەدەن.. پرسیارە بێ وەڵامەکان
هەزاران جار بەبێ دەنگی.. ئومێدم لە دڵا خنکان
هەتاکو کەی خەمم کپ کەم.. دڵم تاکەی بەرگە دەگرێ
کێ دەزانێ ڕۆژێ چەند جار.. چەند خۆزگەم ون دەبێ دەمرێ

دەست بۆ هەرچی بەرم خەمە.. گوڵم دەوێ هەڵدەوەرێ
دەردی دڵم وا دەمکوژێ و.. لای کەس نیە چارەسەر
ژیان ماندوم دەکا خوایە.. ڕوو لەکوێ کەم بۆ پەنایێ
بۆ دەبێ هێندە دڵپڕ بم.. چیم کردوە، چ خەتایێ

بێتاقەتی دامدەپۆشێ.. بێبەزەیی دەوری داوم
خەفەت بەرۆکم بەرنادا.. هەتا ڕۆژێ لە ژین ماوم
هەموو ڕێگایەکم ونەوو.. شەکەتی دەستی ڕۆژگارم
ناخم دەریای گریانێکەوو.. قەت بەکەس ناگا هاوارم

## تۆم دەوێ..

گوڵێکی سورم پێیە.. دێمە بەر دەرگات
دێم دەڵێم خۆشم دەوێی.. ئەی شۆخی وڵات
هانێ گوڵ هانێ.. دڵم دیاری و خەڵات
گرەوم ئیشقی تۆیە.. بە هات و نەهات

تۆم نەبێ کەسم ناوێ.. دڵ بە کەسیتر نادەم
بێجگە لەو چاوە جوانە.. چاوی دیکە شک نابەم
وەرە سەر بە سینەمکە.. با ئەو پەرچەمەت لادەم
شەرابی سورم ناوێ.. تێکە لەو لێوە بادەم

ئەو دڵە شێتەم.. بە تامەی تۆیە
ئیشقی تۆم نەبێ.. دنیا درۆیە
ساتێ نەتبینم.. دڵم بە سۆیە

دەم بە خەندەی ڕوو بە گوڵ هەر تۆم هەیە
تۆم نەبێ، هەرچیم هەبێ، بێ هودەیە





## جارێ دڵ دەدەی..

جارێ دڵ دەدەی جارێ دڵ دەبەی
دوو دڵی و دوو ڕای لەوەتەی تۆ هەی
جارێ دەلێی دێم جارێکیش نایێی
منت کوشتووە بە ئەمڕۆ و سبەی

جارێ بە زوڵفت دەستم دەبەستی
جارێ دەڵێی بڕۆ سەربەستی

گەرچی دەزانم تۆ بێ پەیمانی
دایم خەریکی پەیمان شکانی
پەیمان مەشکێنە من ئاشقی تۆم
مەشکێنە دڵی ئاشقی گیانی

ڕۆژی بەختم..

بەزم و هەرای گەنجانە
ڕۆژی کچ و کوڕانە
کەیف و سەما و سەیرانە
خەندە لەسەر لێوانە
ئەم ناوە پڕ ژیانە، جوانە، گیانە
دڵ بەتۆ کامەرانە، بێ ژانە، گیانە

گۆرانی دەڵێم بۆ ئەو چاوانە
دەبا هەڵپەڕن ئەو مەمکۆڵانە
من دڵم خۆشە، بە جۆشە، جوانێ گیانم
لە خەم بێهۆشە، سەرخۆشە، جوانێ خانم

بەو چاوە لێم دەڕوانی.. وا نازت لێ دەبارێ
ئەو خەندەم بۆ دەنێری.. دڵم بۆی دێتە خوارێ
وای لەدەست ئەو بەڵایە.. بۆکوێ بەرم هاوارێ
خوایە ئاگاداری بێ.. لێی نەدا چاو و زارێ

لێدانی دڵ بۆ تۆیە.. وەرە شادیم بۆ بێنە
سوک وەرە دەستم بگرە.. دە ئەو شەرمە بشکێنە

**بە ناز بەرەو ڕووم وەرە.. ئەو زوڵفەت ڕاهەژێنە**

**ئەمڕۆم بەتۆوە خۆشە.. هاتنت شادی هێنە**

بۆ من بە..

وەرە دەستم لە دەستی تۆ دابێ

جارێ با رەحمێکت بە دڵ دابێ

دڵم مەشکێنە، ئاشق وا نابێ

ئەو سینەت مەگرە، با ڕوی لە با بێ

لەو چاوە جوانە، چ ناز دەبارێ

ئەو دڵە شێتەم، دەبا بەجارێ

ها بۆتۆ دیاری، گوڵی بەهارێ

ڕێمدە بانگت کەم، پێت بڵێم یارێ

دڵخۆشم بە تۆ، بەو خەندە جوانە

داگیرم دەکەن ئەو نیگایانە

کێ وەک تۆ دەبێ لەم کوردستانە

کوڕ و کاڵ بۆتۆ، هەموو شەڕیانە

## Derdê te..

Yaram ji derdê te ez kûr dinalim
Bêhêvî ma me, ez gelek bê hal im
Te çima hêlam keçkê hey zalim
Xortek delal bûm, niha ez kal im
Piştî te canê, ez bê heval im
Bi çolan ketim, bêwar û mal im

Derdê evîna te gelek giran e
Ji dûriya te min dil tijî jan e
Te bi tenê hiştim, kengê wijdan e
Evîn ne weha çûn û hêlan e
Vegere canam, evîn jiyan e
Jîna bê evîn, mirin û neman e

ئیشقت..

ئیشقت بۆتە ناونیشانم
داگیری کرد دڵ و گیانم
نەڵێی ئیتر پێی نازانم
ها ئەوەش برین کوا دەرمانم
ئیشقت بۆتە نان و بەرگم
داگیری کرد دڵ و جەرگم
خۆت دەزانی چۆنە ئیتر
وا نزیکە وادەی مەرگم
بە ئیشقی تۆ دەناڵم
لە دوری تۆ بێ حالم
ئیتر با بەسبێ جودایی
وەرە ببە گوڵی ماڵم
گەر دەزانی یان نازانی
دەسووتێنی هەموو گیانم
چاوەڕێمە ڕۆژێ دابێت
بێیت و بڵێی پەشیمانم

خۆشەویستیت ڕێی لێ گرتم
توشی سەدان دەردی کردم

هەر بە داخی ئیشقی تۆوە

گوڵم زانیت ڕۆژێ مردم

خۆشەویستیت واز ناهێنێ

خەریکە جەرگم دەردێنی

ئاگرێک بەربوە لە دڵی پاکم

وا گشت گیانم دەسوتێنێ

********

## چۆن دڵت دێ..

چۆن دڵت دێ نەمدوێنی.. چۆن دڵت دێ بمتۆرێنی
چۆن وەڵامم نادەیتەوە.. چۆن دڵی من دەرەنجێنی
چۆن وا ئاسان لەبیرت چوو.. تەمەنێک لە خۆشەویستی
چۆن وەک پوشێک بە بام دەکەی.. چۆن دڵت دێ بمسوتێنی

تەمەنێکم بەتۆ بەخشی.. لە خۆتەوە دەمدۆڕێنی
چۆن لە ناکاو جێم دەهێڵی.. هەموو ژیانم دەشێوێنی

ئەو چاوەی هەر چاوەڕێت بوو.. چۆن دڵت هات بیگریێنی
کۆشکی ئیشقی ساڵەهامان.. چۆن بەسەرما دەڕوخێنێ

## هۆنراوەکانی ئەلبومی لاپەڕەی سپی٢٠١٠

قەدەر

ماچ

نیگای پڕگڕ

لەگەڵ تۆ

جانام

بێ دڵ هشتم

لە مەیخانە

چاوەڕێتم

تەنیایی

ڕۆژانی خۆشەویستی

بێیتەوە

ئەوین وانیە




## چانسێكی تر

## بۆ كوردستان

**ئاواز و دابەشكردن: زەكەریا          هۆنراوە: سامی ئەرگۆشی**





## قەدەر..

من نەمدەزانی .. ئەوین وەهایە

قەدەرم هەمووی .. وا لە عەشقایە

خۆشەویستیی تۆ .. هێند لە دڵمایە

من چارەنووسم .. لە گەڵ تۆدایە

نەمزانی هێندە .. دڵم شەیدایە

بێ تۆ هەڵناكا .. هیچ لەم دنیایە

نەمزانی دڵداری .. دەبێتە خەمباری

ئاه و گریە و زاری .. دەشێوێ شەوگاری

من چیبكەم قەدەرە .. لە توانام بەدەرە

ناگۆڕێ تا سەرە .. جا ئیتر تۆش وەرە

عیشقی تۆ لێی داوم .. من بۆ تۆ ڕووخاوم

شێتی تۆم تا ماوم .. بێچارە و داماوم

هەرگیز نەمزانی .. عشقت نووسراوە

لە نەوچەوانی .. من مۆر کراوە

دوعای ناشادی .. لە من خوێنراوە

لە تەختی قەدەر .. بۆم هەڵواسراوە

دەستی جادووگەر .. بۆ من براوە

تا هەیە شادی .. لێی دوور خراوە

**ماچ..**

**بمدەرێ ماچێ .. لەو لێوە جوانە**

**ماچێکی گەرمی .. زۆر عاشقانە**

**پێم مەڵێ: نا نا .. تۆ ئەو چاوانە**

**ماچی دڵداری .. دەوای دڵانە**

**سوێندم خواردووە .. سوێند بەو یەزدانە**

**تا ماچت نەکەم .. ناڕۆم لێرانە**

**ڕووت وەرمەگێڕە .. نا توخوا گیانە**

**ماچ و مووچ هیوای .. خۆشەویستانە**

**هاتووم بۆ ماچێ .. بێنە دەی کوانێ**

**لە سەر پەیمان و .. وەعدەکەی ژوانێ**

ئەو لێوە بێنە .. پێم بڵێ: هانێ

یەکەم جار ماچێک .. جا لێولێوانێ

ماچێکم دەوێ .. ماچی دڵداری

ماچێک لە لێوی .. خونچەی بەهاری

هەر دەبێ بێنی .. ماچێک بە دیاری

لای من بمێنێ .. کچێ بۆ یادگاری

ماچێکی لێوت .. گشت دنیا دێنێ

هەرچی خەم هەیە .. لە دڵ دەردێنێ

حەسرەت خەریکە .. من دەسووتێنێ

بێنە ماچی کەم .. هەر هەموو شوێنێ

## نیگای پڕگۆ..

چیتە وا لێم دەڕوانی .. بە نیگای پڕ پەنهانی؟!

دڵی عاشقم شێتە و .. ناگرێ بەرگەی جوانی!

تۆ بەو چاوە پڕ لە نازە .. چیم لێ دەوێ بخوازە

وەرە ئەم دڵەی من بۆ تۆ .. پڕ لە ڕاز و نیازە

جوانێ تۆ گەلێ جوانی .. بۆ بە عیشقم نازانی؟!

دڵ هەر چاوی لە ڕێتە .. کەی ڕێگەی پێ دەزانی؟!

من دڵم بۆ تۆ ڕووخاوە .. هیچ ئارامی نەماوە

خەڵکی هەمووی پێ دەزانێ .. گیانم بۆ تۆ سووتاوە

دڵ بە تاسە من چاوەڕێم .. هەموو دەمەو ئێوارێ





لەو چاوە جوانەی .. عیشق دەبارێ

من ئەم دڵەم بۆی .. دێتە خوارێ

ئەی هاوار خودایە .. لە دەست ئەو بەڵایە

خەریکە دەمکوژێ .. دەڵێ: دێم و نایە

کە دێیت و بۆم دەڕوانی .. لەم ناوە گوڵ دەبارێ

گەر چلەی زستانیش بێ .. لێم دەبێتە گوڵزارێ

تۆ لە گەڵ خۆتا دەهێنی .. هەموو خەملی بەهارێ

دڵ بە تاسە من چاوەڕێم .. هەموو دەمەو ئێوارێ

من هەموو شادیم .. لە تۆدایە

سەبر و ئارامیم .. بێ تۆ نایە

دێ و دڵ دەلەرزێنێ .. ڕۆحم لێ دەسێنێ

هەر چاوێ هەڵدێنێ .. هەموو دنیا دێنێ

**لە گەڵ تۆ..**

**ئازیزم، باوانم چاوم هەر لە ڕێی تۆیە**

**گوڵی من، دڵی من زۆرم خۆش دەوێی بۆیە**

**پێم وایە دوور لە تۆ دنیا هەمووی درۆیە**

**گیانی من تۆ کەی دێی با بەس بێ ئەم ڕۆڕۆیە**

**کە تۆ دێی شادی دێ بەهار لە گەڵ خۆت دێنی**

**لە باخی دڵی من گوڵی ئەوین دەڕوێنی**

**ئازیزم پێم خۆشە لە گەڵ تۆ بم هەموو ژین**

**تۆ بۆ من، من بۆ تۆ، ژیان پڕ کەین لە ئەوین**

**بێ تۆیی ئازارە ساتێ بێ یەکتر نەبین**

**نامەوێ بۆ چیمە؟! ژینی بێ تۆ نازەنین!**

**بینابییم چەند جوانی هەر نازە و لێت دەبارێ**

**کە ناوم دەهێنی شێتم دەکەی بە جارێ!**

## Canam..

Dilê min tijî evîn e .. bo te nemam, ay lê canam, way lê xanam, cana min
Bo te bi ax û nalîn e .. bê te nemam, ay lê canam, way lê xanam, cana min
Carek were min bibîne .. bo te nemam, ay lê canam, way lê xanam, cana min
Dermanê dilê min bîne .. bê te nemam, ax lê canam, wax lê xanam, cana min

Evîn gelek xweş e xanam .. dilê min serxwe ş e canam
Keçê bo te mirim nemam

Dûrî te pirr derd û belam
Ez esîrê kul û xemam .. di nav êş û jana de mam
Bê te jîna min çû temam

Ax ez çibkim delala min .. tu şirîn û hevala min

Dê kengê bêye mala min .. tu ronî û şemala min

Şirînê her tu yara min .. gulê xemla behara min
Aşiq û evîndara min .. ji keçan diyara min

Nav dilê min mala te ye .. bo te nemam, ay lê canam, way lê xanam, cana min
Xeyrî te kes tê tine ye .. bê te nemam, ay lê canam, way lê xanam, cana min
Ger tu nebî min kî heye? .. bêy te nemam, ax lê canam, wax lê xanam, cana min
Were evîn li hêiya me ye .. bê te nemam, ax lê canam, wax lê xanam, cana min

## Bêdil Hiştim..

Dilber dixwaze vî canê min bistîne
Dilê min dibe û qed ji bo wê xem nîne
Min dihêle naxwaze qed min bibîne
Xwedê sed hawar giran e ev birîne

Min jê hez kir û carek nehate rayê
Min qed jê nedî ji xeyrî derd û tayê
Carna min dixapîne dibê: Têm,  nayê
Eemrê mim weha çû pê re ketim belayê

Eman eman yar eman eman
Tu çûy ez mam bo kul û xeman

Çi xwest min dayê min carek negot: Na na
Serdara dil wekî mîra,  wekî xana
Li bendê mam û xapandim wek nezana
Emrê min hemû bir mam bo derd û jana

Hevalno destêm bigrin birîn giran e
Ma kî wek min derdê evînê dizane?
Dilberam çû ma bo çi ye ev jiyane?
Kî wekî min dil melûl û bê xudan e?

**لە مەیخانە..**

**ساقییا بادەم بۆ تێکە .. کە ڕۆحم غەرقی خەمێکە**

**کە دەمبینی داگیرساوم .. دڵ سووتاوی چاوجوانێکە**

**ئیمشەو سەبرم تەنیا پێکە .. دنیا هەمووی شەرابێکە**

**ساتێ نەکەی لە بیرم کەی .. توخوا هەر مەی بێنە و تێکە**

**پێکێ بۆ ئەو چاوە جوانە .. کە چیرۆکی عەشقێکە**

**تێکە دڵم پڕ لە ژانە .. کە هەر نیگای دەردێکە**

**جێم بۆ ڕاخەن لە مەیخانە .. کە دڵ شاهی سەرخۆشانە**

**وەرن دەوری مێزم بگرن .. ئیمشەو کۆڕی دڵدارانە**

**ساقی بێنە ئەو پێکانە .. هەڵیاندەم بۆ ئەو چاوانە**

**بێنە خەمم بە مەی بشۆم .. کە مەی دەرمانی دڵانە**

**بە خەیاڵی ئەو چاوانە .. کە دڵم شەیدایانە**

**هی ئەو نازدارەی کوردستان .. کە بۆ من هەموو ژیانە**

## چاوەڕێتم..

چاوەڕێتم نازەنین من ڕۆژ و شەوانە
دڵ سووتاوی ماچێکی گەرمی ئەو لێوانە
بێنە بۆنکەم لە سینەت ئەو جووتە سێوانە
دڵی شەیدام عاشقە بۆ تۆ چاوەڕوانە
وەرە جوانێ من دنیام لە گەڵ تۆدا جوانە
دەستم بگرە و ڕامالە هەرچی دەرد و ژانە

تۆ تەنیا ئاواتمی .. من بێ تۆ ژینم ناوێ
ئاخر تۆ خۆت دەزانی .. دڵم کەوتۆتە داوێ
لێم گەڕێ تێر بم لە تۆ .. دڵ بکا ئۆخەی تاوێ
توخواکەی بەزەییت بێ .. بە ئیشقی دڵسووتاوێ
ئەم دڵە شێتە بگرە و .. لە دەریای ئیشقت باوێ

دڵی شەیدام عاشقی چاوی جوانی تۆیە

ئاخر گوڵێ عاشقبوون بێ بۆنە و بێ هۆیە

لە دنیادا عەشق نەبێ هەموو شتێ درۆیە

بێ دڵداری ئەم ژینە هەر گریە و ڕۆڕۆیە

وەرە جوانێ من دنیام لە گەڵ تۆدا جوانە

دەستم بگرە و ڕامالە هەرچی دەرد و ژانە

بۆ ئەسیری عیشقی خۆت .. ماچێ بێنە بە دیاری

ماچی لێوی شیرینی .. وەکوو خونچەی بەهاری

وەرە ماڵم ئاواکە .. لە ئەوین و دڵداری

ژینم پڕکە لە شادی .. لەوپەڕی بەختیاری

وەرە کەس وەک تۆ نیە .. تۆ جوانترین یاری

**تەنیایی..**

**کەس بە هانای دڵم نایە .. هەستی تەنیایی دەمخوا**

**دوور لە تۆ دنیام خامۆش بوو .. تۆ کەی دێیتەوە توخوا**

**تەمەن لە دووریت بە سەر چوو .. کوا گەڕانەوەت ئەی کوا؟**

**ساڵەهایە چاوەڕێتم .. گوڵی ئومێدم نەڕوا**

**ژیان بێ تۆ بەڵایە .. دەردێکە بێ دەوایە**

**خەمی دووریت ئەزیزم .. دەریایە لە بن نایە**

**دڵی بێ تۆم تەنیایە .. بێ پەنا و بێ هانایە**

**شەوی بێ تۆیی گیانە .. تاریک و بێ چرایە**

**ئەسیری دوو چاوی خومارم شێتانە**

**بێ چارەی تەنیاییم غەریبم لێرانە**

هەتا دێی دڵی من گیرۆدەی گریانە

دەسا تۆش چارەی کە ئەم دەردە گرانە

وەرە خەندەم بۆ بێنە .. تۆ تەنیاییم بشکێنە

لە باخی دڵی شەیدام .. گوڵی ئەوین بڕوێنە

هەر چیم هەبێ بێ تۆ تەنیام .. ڕۆحیشم بێ نەوایە

هەموو دنیا لە دەورم بێ .. هەر وەک بیابان وایە

هەستی تەنیایی دەمکوژێ و .. ئۆقرەم هەر لە تۆدایە

تا کەی من هەر چاوەڕێ بم .. دەسا ڕەحمێک خودایە

بیرت دەکەم من گیانە .. تەنیایی دەرد و ژانە

گوێ بگرە لە ترپەی دڵ .. بۆ تۆیە ئەم لێدانە

زامی ئەم دابڕانە .. دنیای کردمە وێرانە

دەبا بەس بێ تەنیایی .. ژیان بە تۆوە جوانە

## ڕۆژانی خۆشەویستی..

ئاخ بۆ ڕۆژانێ بە سەر چوون

پڕ لە شادی و بەختیاری

لە دڵداری..

ئاخ بۆ ڕۆژانێ بە سەر چوون

دوور لە ئازار و خەمباری

لە بێ دۆستی، لە بێ یاری..

ژیانی بێ ئەوین ژانە

ژینی بێ عەشق کوا ژیانە؟!

ئاخ بۆ ڕۆژانێ بە سەر چوون

پڕ لە ئەوین بوون شەوگاری

یار بە ناز و لەنجەی

کۆڵێ عەشقی لێ دەباری..

ئاخ بۆ ڕۆژانێ بە سەر چوون

پڕ لە خونچەی نەوبەهاری

عاشق دەبووم بە ناچاری..

ئاخ بۆ ڕۆژانێ بە سەر چوون

پڕ لە خونچەی نەوبەهاری

لە سیحری چاوی خوماری

عاشق دەبووم بە ناچاری..

کەی دێیەوە خۆشەویستی

چاوەڕێتم .. بێ تۆ دێوانەم

**بێیتەوە ..**

**چاوەڕێتم وەرە گیانە**

**بەختەوەر کە ئەم ژیانە**

**ژیان جوانە لە تۆدایە بە تۆ جوانە**

**وەرە بێنە خەندەی عاشقانە**

**وەک گوڵانە**

**ئەو نیگا پڕ نازانە**

**وەرە دڵ هەر چاوەڕوانە**

**وەکوو جاران شەوانە**

**بە هیواتە لە ژوانە**

**وەرە ببینە دەردم بزانە**

**دڵ بێ تۆ بێ لانە**

سەیری حاڵم کە چەند پەرێشانە

پاییزە خەزانە

ئیتر باس بێ ئەم ژانە گرانە

وەرە هەر عیشق ڕێگەی دڵانە

کێ هێندەی تۆ شادی دێنێ؟

هەست و سۆزم دەبزوێنێ؟

دڵئارامیم دەڕفێنێ، دەتۆرێنێ؟

کێ وەکوو تۆ ئەوین دەبارێنێ؟

عیشق دێنێ

ئاوازی دڵ دەخوێنێ

شادم دەکا، دەمگریێنێ

لە دڵدا هەر دەمێنێ

دەمکوژێت و دەمژێنێ؟!

## ئەوین وا نیە..

وام دەزانی ئیشقی تۆ نابڕێتەوە تا هەتایە

وەکوو ئیشقی من ئازیز هەمیشەیی و بێ کۆتایە

ئازیز ئاخر ئەوین کەی وایە؟!

ئیشق لای تۆ وا بێ بەهایە

هەروا بێ هۆ ئازیز جێم دەهێڵی بۆ؟

دوای تۆ کێم هەیە کچێ لەم دنیایە؟!

بێ وەفایی وا کچێ چۆن ڕەوایە؟!

وەفا لای تۆ چۆن وا بێ مانایە؟!

لە دنیا تەنیا تۆم خۆش دەویستی

ئەم دڵەم بێ تۆ سەبووری نایە

ئازیز بۆچی دڵ دەسووتێنی؟!

هەزار دەرد و خەم لە دڵ دەچێنی

جێم دێڵی دەڕۆی ئاخر بۆچی بۆ؟!

هەرچی هیوایە لێم دەخنکێنی!

## چانسێکی تر..

من هێشتا تۆم خۆش دەوێ .. دەزانم تۆش وای جوانێ

دڵی تۆش هەر ناتوانێ .. جوانێ

تۆش قەد بێ من هەڵناکەی .. کەوتینە دەرد و ژانێ

کوا میهرەبانیت ئەی کوانێ .. جوانێ؟!

من نەمزانی تۆ بۆ من .. هێندە دڵت سووتاوە

نەمزانی بۆ عیشقی تۆ .. منیش وا ڕۆحم نەماوە

بەسە واز بێنە دە واز بێنە .. ژین بۆ ئێمە بە عەشق و ئەوین جوانە

نەمزانی دڵداری وایە .. ئاخ گیانە

من نەمزانی دڵی من .. گیانە هێندە شەیدایە

نەمزانی تۆش بێ ئارامی .. بە بێ من سەبووریت نایە

## بۆ کوردستان..

ئەم خاکە جوانە .. بۆ من ژیانە

ڕۆح و گیانم بە فیدای کوردستانە

چاوی هەمووانە .. هیوای دڵانە

چەند شیرینە بووکی جوانی جیهانە

لانەی ئەوینم .. سەرچاوەی ژینم

کوردستان هەر تۆی .. چارەی برینم

تۆ شادی و ئازادی و مایەی سەرفرازیم

من بۆ تۆ بە ڕۆحم هەر ئامادە و ڕازیم





ئەی کوردستانم .. هەناسەم، گیانم

من تۆم نەبێ ئاوارە و پەرێشانم

نووری چاوانم .. دایکم، باوانم

ڕۆژێ دوور لە تۆ هەڵناکەم، ناتوانم

تۆ گوڕ و تینم .. خەونی شیرینم

کوێراییم دادێ .. دوور بم نەتبینم

## گوڵە گەنم

گوڵە گەنمە کۆچەریەکەم با بەسبێ و ئیتر واز بێنە
لە یادیشا لە خەم گەڕێ ناوی ئەم باسە مەهێنە
تۆ تاماشای دونیا بکە چەند زوو دەڕوا و چەند گۆڕاوە
تۆ بڕوانە ئاشقان چەند براوە و چەند دۆڕاوە
من ئەم وشە لە کوێ بێنم تا گوناهێ بە ناوی کەم
من ناتوانم کلدانی تۆ هەر دڵێ بێو لە چاوی کەم
کە دەورانی دونیا وابێ کە گۆڕانی لە خۆڕابێ
ئاشق بە گەمەی دەستی خەم ئیشقیش بە کاروان سەرابێ
من دەواری نیشتیمانێکم لە کۆلە بۆ بەس نەبێ
بۆ بەس نەبێ کە ئیشق لە ژێر هەرەس دابێ
ئیشق لە ژێر رەحمی چەقۆ و مەرگی تازەی هەوەس دابێ

سەرکەوت رەسول